# دلانپار
DLANPAR

**دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان**

ژمارە 3 — خولی چوارەم — 1994.09.25





BARZAN TRIBE SINGER

←

KURDISH TRIBESMEN DANCING. THE LONG WHITE SCARVES ARE REALLY SLEEVE ENDS. BOTH MEN AND WOMEN PARTICIPATE.

↓





هه ڵبژارده له فۆتۆگرافه كانی راڵف . س . سۆلێسكی . ساڵی ١٩٥٣ باشوری كوردستان .

هه ردوو فۆتۆگرافی روویبه رگییه كه م و دووه م : ده نگبێژێكی خێڵی بارزانی .

كوردێكی خێڵه كی فلوت ده ژه نێ. له ئه لبومی گۆرانی و هه ڵپه ڕكێی كوردی . راڵف . س . سۆلێسكی وه رگیراون .

OLANPAR

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

KAPNK. P.O.BOX 533.0101HELSINKI.FINLAND ناونیشان
800024 - 12855719 PSP - HELSINKI. FINLAND بانکگیرۆ
فاکس
- 307 677 HELSINK. FINLAND ته له فۆن

## له م ژمـــاره یه دا

١- فتیله ی مۆلۆتوفی جه نگی کوردکوردهێشتاده سوتی ........................ دلانپار
٤- ژنانی فینله ند هاوکاری نۆینه رێکی کوردی په ر له مانی ................ س . عه باس
٦- مارزابۆتۆ / بیره وه ری قوربانییه کانی دووه م جه نگی. ............. لیژنه ی .س. ب
٨- بێحیکمه ته ئه ومیلله ته نه بوه به هیچ ؟ ........................ ح . م
١١- لێکۆڵینه وه یه ك له بنچینه هزریه کان و ........................ باوکی کاڵێ
١٥- لێکۆڵینه وه یه ك له مێژوی کوردو کوردستان ........................ م . رێبوار
١٩- کوردستان نیشتمان و گه لێکی بێده وڵه ت ........... جه واد مه لا / و. شێرکۆ کۆیی
٢٥- ڤایرۆسێکی نوێ ده بێته هۆی نه خۆشی ئایدز ........................ د. زاهیر سۆران
٢٧- روونکردنه وه یه ك ده رباره ی رێنوسی دلانپار.................. ل . ب . دلانپار
٢٨- ده گه ڵ رۆژنامه نوس کامه ران قه ره داغی ........................ شێرکۆ قه ره داغی
٣٢- هه یاسه له ئه ووستان چیاسه ؟........................ به رسیقی هه یاسی خاس
٣٦- عه بدوڵا په شێو/ شاعیر له هه ڵوێستی شیعریدا ........ هه ولێر/ په یامنێری دلانپار
٤٦- ده فـــی گـــه وره ........................ وریا ئه حمه د
٤٩- گۆرانی و هه ڵپه رکێی فۆلکلۆری کوردی ..... رالف . س . سۆلێسکی/ و . ر. جه لال
٥٢- رۆژی کلتوری کورد له ڤێستڤاڵی خۆرهه ڵاتی هێلسنکی .......... په یامنێری دلانپار
٥٩- جواناسی ........................ بێنێدێتۆ کرۆتشه / و. سه ربه ست خه سرۆمارف
٦٤- هاووڵاتیانی کورد پشگیری له بانگه وازی بیرکه ره وه کانی کورد ده که ن ....... ب . ک
٦٥- ره خنه ی هونه ری ........................ گیرۆمی ستۆلێنتز/ و . ره هبه ر جه لال
٦٩- کێشکۆله ........................ م . گۆرکی / و. رزگاری مامه قادر
په راوێزی دلانپار / چـــرپه ........................ کاکه باس

## ئـــاگـــاداری

نامه کانتان له سه ر خواستی خۆتان بڵاوده کرێته وه. مه رجنییه ئه وه ی بڵاوده کرێته وه ده گه ڵ بیرو باوه ڕی ئێمه دا بگونجێ . ده قنامه ونوسینه کانتان نانێردرێنه وه. له رویه کی لاپه ڕه بنوسن ده قی فۆتۆکۆپیکمراوەمان بۆمه نێرن . به باشتان زانی ره چاوی رێنوسی گۆڤاره که به که ن. ناو و ناونیشانه کان به رێکو پێکی بنوسنه وه . خۆینه ران له به رهه می به پێز بێبه ش مه که ن .

گۆڤاوه رزی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستانه . به سه رپه رشی لیژنه ی بڵاوکردنه وه

ر.مامه ش. ر.محیێدین . ئ .مسته فا. هـ.ئه کره م

### خوێنه رانی خۆشه ویست

ئێمه به رده وام چاومان له و رۆژه بوو ، کـــه گۆڤاری دلانـــــپار ، ده گاته ئاستێکی ئه و تۆو جێگه ی ره زامه ندی خوێنه رانی کورد ه بێ و له بواری چاپه مه نی و بڵاوکراوه کـــــانی هه نده ران و کوردستان جێگه یه کی شـــــیاو ده گرێت . دیاره ئه وه ئاواتێکه هـــه ر وا به سانایی نایه ته ده ست ، کۆششی زۆری گه ره که ، به تایبه تی هاوکاری و پشـــگیری هه موو ئه وانه ی توانای نوسین و پێشکه شـــکردنی به رهه می به پێزیان هه یه و له باریاندایه ئاستی هۆشیاری جه ماوه ر به ره وبالاتر سه رخه ن و راژه ی هه مه لایه نی رامیاری و کـــلتوری و هونه ری هاووڵاتیانی کوردستان بکه ن ، ئه و رێگه یه کجار سه خت و ناهه مواره ی له بـه ر هاووڵاتیانی کوردستانه وپێویستی به کاری زۆرو خه باتی بێوچان ونه پچراوه . ئێمه جـــارێکی تریش هه موو خاوه ن توانایان گاز ده که ین بۆ هاوکاری و پڕکردنه وه ی ئه و که لێن و که له به رانه ی له گۆڤاره که ماندایه ، دلانـــــپار گۆڤارێکه له هه موو جۆره بابه تێك ده گرێته خۆ ته نیا مه رج ئه وه یه ئه م بابه ته راژه ی گرفـتی هاووڵاتیان بـکات و ســود به مرۆڤ بگه یێنێت. ئه و جه ماوه ره ی سه دان ساڵه بـــه رێوه یه و بێپشو هه نگاو ده نێ ، ره نجی بێنامانی ئـــه وه دێنێ به رهه می پێنوسمان له پێناویاندا بخه ینه کار.

ل . ب . دلانـــــپار



# فتیله ی مۆلۆتۆفی جـ

دوای تێپه ڕینی سێ ساڵ به سه ر راپه ڕینه مه زنه که ی باشوری کوردستان و ئــه و ئاڵوگۆڕپه گشتییه ی لـــه ناوچه که هاته دی و ئه و هه ل و ره خساوه به رده ستانه ی له کیسدران و ئه م هه موو کاره گرنگ و پڕ بایه خانه ی که ده توانرا له ماوه ی رابردوودا به سودو به رژه وه ندی بـزاڤی نیشتمانی کوردستان ئه نجامبدرێن و نه دران ، سه رباروبنبار له هیکرا جه نگێکی بێئامانی کوردکوردهه ڵگیرساو بوه هۆی نیگه رانی هه مووئه وانه ی له سه رتاسه ری کوردســـتان و جیهاندا به ته نگه وه ی گرفتی دوارۆژی کوردستانن .
هۆسه ره کی ئه و جه نگه وه ك له زۆر شوێن دووباره کراوه ته وه، هه موو لایه ك وه ك ناوی خۆیان ئه زبه ریانه ، بوونی چه ك و دا به شبوونی ئه و چه که یه له نێوان دووهێزی له مێژینه ی گۆڕه پانی باشوری کوردستان .

له وه ته ی راپه ڕینی بـــه هاری ١٩٩١ ، دوای گه ڕانه وه ی به شێکی زۆری راپه ڕیوه ئاواره کان ، به ده یان گۆڤارو رۆژنامه و بڵاوکراوه راستی مه ترسی بوونی ئــه و چه که یان به ده ست ئه م دوهێزه وه دووپاته کردۆته وه .
به ده یان ده نگی نیشتمانپه روه ر و خاوه ن تاقیکردنـه وه ی دوورودرێژی گۆڕه پانی خه بات وچه کدار بـــه چه کیزانست و خاوه ن خامه و لیکۆڵینه وه ی پڕله ورده کاری له سه ر ره وشی بزاڤی نیشتمانی کوردستان ، له و ته له ناسکه یان داو،به ڵگه و بنه ماو بۆچونی زۆریان خسته پێشچاو لیپراسراوانی هـــه ر دوولایان ، له یه که یه که ی ئه و مه ترسیانه ئاگاداریـــــان کردنه وه ، هه روه کچۆن له به رابه ر مه ترسی رامیاری گڵاوی ده وڵه ته داگیرکاره کانی کوردستان و پیلانگیرِی ئـــــه وان هۆشیاریان کردنه وه .

بـه ڵێ زۆر له ونوسین وبڵاوکراوانه ماستاوگرتنه وه یه کی ئاشکرای پێوه دیاربوو له پێناو وه ده ستهێنانی پـــــله و پایه یه ك له ماشینی ده سه ڵاتی تازه له دایکبوودا کـــه پێش هه مووشتێك دیاره ده سه ڵاتێکی ئاوه ها پێویستی به دڵسۆزانی راسته قینه بوو نه ك ئه وانه ی به دوای ئاره زوه تایبه تیه کانی خۆیانه وه ن ، له گه ڵ ئه وه شدا ده بێ ئه و راستییه ش بوترێ که زۆر له و ده نگانه دڵسۆزیان ئه و هێنده ده ره وشاوه یه که به هیچ کلۆجێ گومانی لێناکری ، ئاشکراشه که خاوه ن خامه و هه ڵوێستی زۆرمه زن و دیاریش هه تا ئه و راده یه ش چـــون که راسته وخۆ رووبه روو ده سته و دامێنی سه رانی ئـــه م دووهێزه بن و به کوردی کورتی « پیاوی چاك بن ئه و هه له ده ستنه ده ن » له روویان بده ن ، وه لێ بـه داخه وه سه دجا ر مخابن که گوێیان به که س نه داو قسه ی که سیان لـــه گوێ نه گرت . ئه وه بو له کۆتاییدا ، ئه و جه نگه ی بـــه بۆچونی

هەواڵنامەی کتێب

# ـــه نـــگی کوردکورد

زۆربه ی هاوولاتیان نه ده بوایه بکرێت و بـــــه بۆچونی که مایه تی وده سه ڵاتدرانی سه پێندراو هه ر ده بوو بکرێت ، هه ڵگیرسا !!

دوای نزیکه ی سێ مانگ لێکدان و خستنه وه ی زیانێکی ماکی مینۆکی مه زن ، ئه و جا دیسا ، گفتوگۆی رێککه وتن و مۆرکردنی ئه و په یمانه ی سه دان ساڵه کورد بۆ کوردی مۆرده کاو جێبه جێ ناکات هاته وه کۆڕی بـــاس و سه رتۆپی هه واڵه کان ، به ڵام ئه مجاره یان لـــه زۆرلاوه هه تا له لایه ن خودی هه ردوو هێزه وه زۆر به ســاردی و دوودڵییه وه پێشوازی کرا و لێده کرێ ، ئـــــــه وه ش چجای هاوولاتیاینمان،کوردۆستانیشی ته واونیگه ران کردووه.

هه روه ك له سه ره تادا وتـــرا ، گـــه وره ترین گیروگرفت بوونی ئه و چه که یه به ده ست هه ردوو هێزی دێرینی باشوری کوردستان ، وا وێده چێ هۆی نیـگه رانی و به ساردی پێشوازی کردنی ئه مجاره ، له وه وه بێ کـــه دووباره خاڵی سه ره کی به یه‌ککردنی هێزه چه کداره کانی هه دوولا له و په یمانه نوێیه دا هێشتا جێگه ی مشتومڕبێ، دیاره هه موو هه وڵ و ته قه لایان تاوه کو ئێسته و بـــه گوێره ی خــــاڵ و بڕگه کانی په یمانامه که ،گێڕانه وه ی باره که یه بۆ دۆخی پێش هه ڵگیرساندنی جه نگی نێوان پارتی دیمکراتی یه کگرتوی کوردستان و یه کێتی نیشتمانـی کوردستان و هێندی هێزی لاوه کی ، راســتییه کـــی بێپێچوپه نایه که هیچ دۆخێك له گۆڕاندا که وه رگه ڕا بارێك ئیدی جارێکی تر ناگه ڕێته وه دۆخی پێشوی ، بۆیـــه ده بوایه له به رابه رخاڵی سه ره کی «به یه ککردنی هێزی هه ردوولا » وێسته و وه خران و نه ئاخندرابا په یمانه که وه. وه لێ به داخه وه ، گیروگرفتی بـــه یه ککردنی هــه ر دوو هێز دیسا وه ك خۆی مایه وه ، به و هیوایه ی دوای سێ ساڵ مشتومڕ و به یه کدا پژان بــــــه زووترین کات جێبه جێ بکرێت .

به پێویستی ده زانین ئه مه دووباره و دووپاته بکه ینه وه ، که بێ به پرۆتۆڵکردنـی « ئــــــه م بڕگه یه ی - بانگه وازێك له بیرکه ره وه کانی کورد لـــه هه موو جیهاندا بۆ سه رکرده نیشتمان په روه ره نه تـه وه یه کان و ئاینییه کان و سیکۆلاریسته کانی کوردستان » له لایه ن ته واوی پارت و رێکخراوه کوردی وکوردستانیه کان به تایبه تی ئه وانه ی خاوه ن هێزی چه کدران ، مه به ست ئه وه یانه «* کوردستان نیشتمانیکی پیرۆزه ، پیوێستی سه رشانی هه موو کوردێك له نێو کوردستان و ده ره وه ی کوردستاندا ئه وه یه ، کوردستان به سه رو ماڵ بپارێزێ ، سا ئه و که سه سه ر به هه ر ئاین و باوه ڕو پله یه کی کۆمه ڵایه تی ده بێ بابێ * کورد نابێ ده ست بـــه شه ڕبکات ، به شه ڕیش نابێ به ربه ره کانێی شــه ڕ بکات ، چه کی کورد نابێ له نێو کوردستاندا بـــه کاربێ به لکو ده بێ رووی چه ك به ره و ده ره وه ی کوردستان بکرێ بۆ پاراستنی نێوه وه ی کوردستان ، بـۆ ئه وه ی

# هێشتاش ده سوتێ!

توانیسته كانی مێشك و بیر به رِه ڵا بكرین بۆ نه خشه دانان و ده ستی كاركه ریش به رِه ڵابێ بـــــۆ دامه زراندن و به جێهێنان » به بێ پیاده كردن و كارپێكردنی ئه و برِیاره ، هه موو هه وڵ و ته قه لایه ك نیگه ران ی و دڵـه راوكێی پێشوازی ساردی لێده كه وێته وه .

بۆیه به پێویستی ده زانین له به رابه رئه وباره نوێیه ی له ئارادایه روو به روو هه ڵوێستی خۆمان بۆ هه موو لایه ك ئاشكرا بكه ین : ناكرێ له پێناو ساركردنەووەیه فراو كردنه سه ر قین و تورِه یی جه ماوه ر،هێزه كانی كوردســــــتان په نابینه به ر فرِوفێڵ و بادانه وه و ئـــــاوه ژوكردنه وه ی راستیه كان و پاشقۆڵگرتن ، چونكێ دیـــاره جه ماوه ری كوردستان ئاماده نییه بۆ هیچ هێزو ده سته و تـــاقمێك ده ست له به رژوه ندییه نیشتمانییه كانی خۆی هه ڵبگرێت، هه رگیز دوژمنایه تی هیچ هێزێكیش ناكات كـه لێیراببینێ كه مترین رێژه ی به رژه وه ندییه نیشتمانییه كانی بۆ دابین ده كات ، بیركردنه وه به پێچه وانه ی ئـــه م راستییه ی سه ره وه تـــــه نیا خۆخه ڵه تاندن و خۆ هه ڵداشتنه ، سه ركرده رامیارییه كانی جیهان چه نده بلیمه ت بن ناتوانن فێڵ له گشت نه ته وه كانی گوێزه وی بكه ن ، رامیاریسته كورده كانیش چه نده فێڵباز بن ناتوانن فرتـــــه كانیان به سه ر گشت هاووڵاتیانی كوردستاندا تێپه رِێنن .

ئێمه نه ك ته نێ چاومان له هێنانه كایه وه ی بـه ره كی كوردستانی سه رتاسه رییه ، به لكو چه ندین ساڵه له پێناو هێنانه كایه وه ی دۆخێكی ئـــــاوادا خه باتده كه ین ، جا بۆ ئه وه ی به لایكه مه وه ، نیگه رانی و پێشوازی ساردی هه مولایه ك برِه وێته وه ، هیوای كوردۆســـــتان ببۆژێته وه ، به پێویستی ده زانین به زوترین كات خاڵی هه ره گرنگ و بنه مای بنبرِكردنی گیروگرفته كان لــه باشوری كوردستاندا كه به یه ككردنی هێزه چه كداره كانی هه ردووهێزه بێته دی ، ژێر ركێفی ده سه ڵاتی حكومه ت كرێت ، ده ڵێین ئیمرِۆ و بــه لایكه مه وه ، تا هاتنه دی ئه م هه نگاوه و پیاده كردن و رێكخستنی ، تـــــه نیا ئاگادارییه ك هه بێ جه ماوه ری لێهۆشیاربكه ینـــه وه ئه وه یه راستی باره كه یان بۆ رونكه ینه وه ، پێیـــان بڵێین :

ئاگاداربن ! فتیلی مۆلۆتۆفی جه نگی كورد كورد هێشتاش ده سوتێ ! ئه گه ر فریای ئـــه وه نه كه ون و وه ك جه ماوه رێكی هۆشیار هێزی خۆتـــان به كارنه هێنن ، به ناچاركردنی پارته كان له نانی ئه م هه نگاوه ، ئه وه مه ترسی ئه و جه نـــــگه دورنییه به فراوانی كوردستان بگرێته وه وبپرژێته به شه كانی تری كوردستانیش .

دلانـــــــــــــپار

ئاماده کردنی : سه باح عه باس



# ژنانی فینله ند

## هاوکاری نوێنه رێکی کوردی په رله مانی زیندانیکراو ده که ن

پتر له نیوملیۆن له ژنانی فینله ندا هه ڵوێستیان گرتوه بـــۆ پشگیری له ژنه کوردی زیندانیکراو، ئه ندامی په رلـه مان « له یلازانا » که له تورکیا ده زیندانیۍ دایه، ژنانی فینله ند هه وڵی ئازادکردنی یایه له یلا ده ده ن ( چاره نوسی ئه و سه رنجی ئه ورووپایانی راکیشاوه و سه رگوزشته ی بـاوه ) بـه داوەت کردنی له یلا زانا بۆ وڵاتی فینله ند لــــــه مانگی ئۆگست .

**NYTKIS** یه کێتی سێنزده رێکخراوه ی ژنـــــــان به شه شسه د هه زار ئه ندامانیه وه له یلا زانا یان بۆماوه ی دوو هه فته داوه ت کردووه به میوانــی بگاته فینه له ند و به شداری کۆنفراسی ژنانی وڵاتانـی ئه سکێندیناڤیا بکات که له مانگی ئۆگوستی ئه مساڵدا، له شاری تـــورکو دا ده گیرێت ، نامه ی میوانداری له یلا زانا بۆ چوارسه دوو په نجا ئه ندامی په رله مانی تورکیـا هه روه ها سـه رۆك وه زیرانی تورکیا نێردراوه .

زانـــــــــا

لای ئێمه ناسراوه

له یلا زانا یه که مین ژنه کوردی ئه ندامی په رله مانــه «له تورکیا » که فینله ندییه کان پێش دوو ســاڵ ئاشنای بوون ، کاتــێ ئه و گه یشته فینله ند بۆ به شداری کردن له کۆنـگره ی **CSCE** یه کێتی و هاوکاری وڵاتانـــــی ئه ورووپا، له لایه کی تر ئـه و له وڵاتانی ئه ورووپا که سایه تییه کی ناسراوه ، لــه چوار مانگی رابــردوودا زیندانی کردنی له یلازانا بۆتــه سه رتۆپـی هه واڵه کان به تایبه تی له ناوه ندی وڵاتانی ئه ورووپادا .

له یلا زانا له ته مه نی چل ساڵیدایه و خه ڵکی خــوارووی خۆرهه ڵاتی- تورکیایه «کوردستانی ژێرده سته ی تورکیا » ، به ر له چوارده ساڵ ،کاتێ هاوسه ره که ی کاك مه هدی زانا شاره وانی گه وره ترین شاری کوردستانی ژێرده ستی تورکیاله لایه ن جونتای تورکیاوه به هه شت ساڵ زیندانـــی

خرایه به ندگه . مه هدی زانا به کۆشش و ته قه لاو فشاری ئه منستی ئێنته رناسیۆنال و ئه نجومه نی وڵاتانی ئه ورووپا ئازادکرا، به لام هێنده ی پێنه چو دووباره ده ستگیرکراو جارێکی تر خرایه به ندگه وه .

### ده ستگردن به خوێندنه وه

### له ته مه نی شـــۆخیدا

ناو و ناوده نگی له یلازانا له ئه ورووپا به هۆی تایبه تیه تی خۆیه وه بۆته باو و چیرۆکی ژیان ، له یلای تێکۆشـــه ر دوای زیندانیکردنی هاوســه ری به ته نیا له گه ڵ دوو منداڵه که ی مایه وه ، له سه رده می عازه بیدا چۆته بـه ر خوێندن و ده ستیکردوه به خوێندنه وه و له هه مانکاتـــدا خه ریکی به رێوه بردنی کاروباری رامیاری بووه ، بـــۆ وه ده ستهێنانی مافی کورد وتاری داوه .

ئه ندامی په رله مان ووتی : برایه تی کورد و تورکه کـان ئه رکی ئێمه یه ! ئه وکاته زمانی کوردی قه ده غه کراوبوو! ، لـــه یلازانا له وه و پێشیش زیندانیکراوه و ئـــازاری ئه شکه نجه ی زۆری چێشتووه .

له به هاری رابردوودا له یلا له گه ڵ چه ند که ســێکی تری کورد له ئه ندامانی په رله مان خرایه زیندانـــه وه ، به تاوانی دژایه تی کردنی ده وڵه ت به ســـزای کوشتن هه ره شه ی لێکرا و رۆژبه رۆژیش مه ترسی له سه ر ئه و په ره ده ستێنێ.

زیندانی کردنی ژنه کورد، تێکۆشه ر له یلا زانا بوه هۆی ته قینه وه ی هه واڵه که و چه ندین سه رهه ڵدانـــی به دواوه دا هات ، سه رۆکی فه رنسا مێتران پشـــگیری له یلا ده کات و له هه وڵی یارمه تیدانییه تی ، بـــۆ ئازادکردنی له یلا کۆمیته یه کی پارێزه رانیان پێکهێناوه .

تیبنی : ده وڵه تی تورکیا رێگه ی له یلازانای نه دا بـه میوانی بگاته کۆنفراسه که ی ژنان که له مانگی رابردوودا له تۆرکۆ ، شارێکی وڵاتی فینله ندا به رێوه چو .

هه روه ها تورکیا رێگه ی به ولیژنه یه نه داکه له چه ندین پارێزه‌ری ناسراوپێکهاتبوو، لـــه دادگاکردنی تێکۆشه ر له یلا زانا ئاماده بن و به رگری لێبکه ن .



له یلازانا ، له گه ڵ کۆمه ڵێك له په نابه رانی کوردو کوردۆستانی له هێلسنکی پایته ختی وڵاتی فینله ند ، به هاری ۱۹۹۲. فۆتۆ له ئه رشیفی **KAPNK**

ئاماده کردنی : لیژنه ی سه رپه شتی و

بڵاوکردنه وه ی دلانـــــــــــپار

MARZABOTTO

# مارزابۆتۆ !

## 50 هه مین ســـالرۆژی شه هیدانی وڵاتی ئیتالیا

## بیره وه ری قوربانییه کانی فاشیه ت و نازیه کان له دووه م جه نگی جیهانی

له بانگه وازێکدا له لایه ن کۆمیته ی شاری مارزابۆتۆ ، به بۆنه ی یادی په نجاهه مین ساڵرۆژی قوربانییه کانی دووه م جه نگی جیهانی ، راگه یَندرا :

« له سی سپتێمبه ری داهاتودا له ژێر چاوه دێری سه ره کۆمار و نوێنه رانی تایبه تی شاره شه هیده کان و ئاشتیخوازانی جیهان ، له شاری مارزابۆتۆ ی ئیتاڵیادا ، رێوره سمێ سازده کرێت بۆ بیره وه ری فره کوشتاربه ده ستی فاشیه کان و نازییه کان له گونده کان و ماڵه کانی ده وروبه ری مۆنت سۆلێ .

« ئه مه بیره وری خوێنه ، گڕه ، شه هیدانی پڕمه ترسی ترین روداو له ژیانی خه ڵکان .... که ئازار و داد شایانیانه » .

هه روه ها ده نوسن :

« له نیو سه ده ی رابردوودا سێ ملیۆن مرۆڤ سه ردانی مارزابۆتۆیان کردووه ، زۆربه یان لاو یا مناڵ بوون ، پرسیاری جه رگبر هه رکات ئه مه یه ؛ چۆن شیا ، ئه و شه رخوازانه ٢١٦ مناڵ بکوژن ، که هه ره بچوکه که یان ته مه نی چوارده رۆژ بوو ؟ سکی دایکانی دووگیان هه ڵدڕن و له منداڵدانـــی دایکه جحێله کاندا کۆرپه بکوژن ، پیاوانی ئاینی ، دایه نکان که چاوه دێری مناڵانیان ده کرد و به خێویان ده کردن ...... » .

بانگه وازه که درێژه به باسی تاوانه کانی فاشی و نازیه کان ده دا له رۆژانی دووه م جه نگی جیهانیدا ، له کۆتاییدا ستایشی هه موو ئه وانه ده کات که له ساڵانی رابردوودا به نوسین و هه وڵدان یادی ئه و تاوانانه یان کردۆته وه که ده رهه ق به مرۆڤایه تی ئه نجامدراون ، بانگی هه موولایه ك ده کات بـــــۆ به شداریکردن له و رێوره سمه ی به بۆنه ی تێپه ربوونی نیوسه ده به سه ر پایزی ره شی مارزابۆتا .

به بۆنه ی ئه م بیره وه رییه پڕله کوێره وه ری و کاره ساته ، به رێوه به رایه تی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان ، بروسکه ی هاوخه می ئاراسته ی کۆمیته ی شاری مارزابۆتۆ کرد ، که ئه مه ده قه که یه تی :-

بۆ کۆمیته ی بیره وه ری قوربانییه کانی شاری مارزابۆتۆ

١٩٩٤/٩/١٤ هیلسنکی

کاره ساتی مارزابۆتۆ و ناوچه کانی ده روبه ری مۆنت سۆلێ یه کێکه له تراگیدیاکانی ئه م سه رده مه مان ، سه ده ی هێرۆشیماو مارازابۆتۆ و هه ڵه بجه.

بۆ ئێمه ی کورد جێگه ی داخ و مخابنه که سه ده ی بیست وه ك ناونراوه به سه ده ی فراژیبوون و مافیمرۆڤ ، له دوتۆی لاپه ره کانیدا مێژوی گه وره ترین کوشتارو تاوانه کانی ده رهه ق به مرۆڤایه تی تۆمارکردووه ، ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردستان زۆرمان به ده ست ژینوساید و جه نگه وه چێشتووه . کوشـتاری دیاربه کر ، کلیزان د ١٩٢٥ به ده ستی تورکه که مالیبه کان ، سوتاندنی ٦٧ مناڵ ودایان و باوکانی برایانی ئاسوریمان لـــه ئه شکه وتی ئانیشکێ ، پێنج هه زار قوربانی کیمیچه ك له هه ڵـــه بجه ١٩٨٨ ، هه زاران قوربانی ئه نفالی به دناو ١٩٨٨ به ده ستی رژێمی فاشی عیراق ، هه روه ها کوشتو بـــــڕی قه ڵاتان به ده ستی پـــدارنی رژێمی ئێرانی له خۆرهه ڵاتا کوردستان ، سوتاندنی سێسه د مناڵ له شاری عاموده ١٩٦١ و سه دو په نجا تێکۆشـــه ری کورد له گرتوخانه ی ... هجایا به ده ستی رژێمی تاوانباری سوریا .... روبه روی هه مان پرسیارمان ده کاته وه : چۆن شیا ؟ به لکو چۆن ده شێ مناڵ بکوژرێت ؟ خه ڵکی بێتاوان ، دایکانی جحێل ، پیاوانی ئاینی ، هه تا ئاژه ڵ ، باڵنده ، داروده وه ن ، چۆن ده شێ کانی بخنکێندرێت ؟؟

به ڵێ پرسیارمان یه که ' ئه وه شه ده یسه لمێنێ که کاره ساتی مرۆڤایه تی له هه رشوێنێ بێ یه ك کاره ساته و ته نیا رێگه ی زاڵبون و رزگارکردنی مرۆڤایه تی هاوخه بانی و ره نجی تێکڕایه دژی دکتاتۆریه ت و دژه دیمکراتی و فاشیه ت و نازیه ت ، له پێناو دوارۆژێکی چێتر و ئاشتییه کی سه رتاسه ری جیهانی .

کوردستانی سی ملیۆن هاووڵاتی ژێرده سته و داگیرکه ی تورکیا و سوریا و ئێران و عیراق « ئه و پارچه ی عیراق ئێسته له سایه ی بڕیاری ٦٨٨ی نه ته وه

## پشـــــــگیری جیهانـــــــی

یه کگرتوه کاندایه ، به بیٚ گه ره نتی » له ژیٚر ئازاری جه نگ و کوشتار و جووت ئه مبارگوٚ و پیٚشیٚلکردنی مافیمروٚڤ ، به شداریتان ده کات له بیره وه ری په نجاساڵه ی ئه وانه ی به ده ستی فاشیه ت و نازیه ت له ناوچه کانی ده ووبه ری موٚنت سوٚلیٚ و مارزابوٚتوٚ شه هید که وتن .

ده ست له ده ست به پشگیری و ، بوٚ ئاشتی سه رتاسه ری جیهانی !

ریٚزی دڵسوٚزانه مان

ره هـــبه رمامه ش

به رپٚوه بـــه رایه تی

کوٚمیته ی ئاشتی و پشکیری نیشتمانی کوردستان


کوٚمیته ی ئاشتی و پشکیری نیشتمانی کوردستان

Kurdistan National Peace & Solidarity Committee


14.09.1994
HELSINKI

### TO THE COMITATO REGIONALE PER LE ONORANZE AI CADUTI DI MARZABOTTO

The tragedy of Marzabotto at the area surrounding Mount Sole , is one of our time tragidys, at sentry of Heroshima , Marzabotto and Halabja .
It is sorrow that 20sentry wich marked as atime of progres and humanraghts,carrying in his history moste graet masscres and crimes of the humanbins life . We kurdistan people had so mach suffred from genocidal aggression . Diyarbakr , Gzilan masscers at 1925 by Turks Kamalists, burning 67 Asuriyan Cildern with ther parents at Anishke 1969, 5000 victims of C.W bombarding of Halabija1988,thousand victims of ANFAL1988 ( genocidal aggression ) by Irak fasists , so far the Kalatan masscer at east Kurdistan by Iran pasdars , and burning 300 Kurdish cildern at Amoda 1960,and 150 Kurdish polatical activists at Mahajie prison1992 by Syrian Authority, put as face to face same question : How was it possible, but How is possible massacer cihldern, civil people , young mothers , priests , evin animals , birds , trees , and how is possible to strangle springs ???

So our qustion is same! that is prove that the humanben tragedy is one case in evrey where, and the only way to save our world is to struggle in one front oll over world against dictatorships,antidemocrasy,fasists and nazis .For better futuer and peace oll over world.

Kurdistan of 30 million people occupied by Turkey , Suriya , Iran , Iraq(kurdistan of Iraq now adays is under U.Ns 688 resolution without guaranty ) suffering from war massacers ,double burden and mass crushing execution of human rights,Share yuo the 50th anniversary of the massacres by Nazis and Fascists in the villages and homes of the area surronding Mount Sole at MARZABOTTO .

Hand by hand toward Solidarity , for Peace oll over world !

With repectfl regards
Rahbar Mamash
Rahbar Mamash

Central Committee
Kurdistan National Peace &Solidarecty Committee


P.O .Box 533 00101 HELSINKI . FINLAND . Tele : 90 - 307 677

ده وڵه تی سۆسیالیزم و دامه زراندنی ئیمپراتۆریه تێكـــی سۆڤییه تی « شیوعی » له شێوه دا، شۆڤێنیزمی نه ته وه ی باڵاده ستی روس له ناوه رۆكدا، وه ك هه ردكتاتۆرییه تێكی تری جیهان ، ئه زمونی ژیانیش ئه و راستییه ی ســه لماند ئه نجامه كه شی هه ر ئه و ئاكامه بوو كه تاوه كو ئێسته ده وڵه تانی دكتاتۆرو شۆڤێنیزمییه كانی جیهان پێگه ییون و پێییده گه ن .

دیارترین سیمای ئـــــه و چه ند ساڵه ی رابردوو ، گۆڕانكارییه كانی بلۆكی ئه وروپای خۆرهه ڵات بوون ، كه وه ك بومه له رزه یه ك سه رجه م جیهانی هه ژانـــد و ته واوی سیسته می رامیاری و هزری كۆمه ڵگه ی نێـــو ده وڵه تانی هه ڵته كاند، تێگه رامیاریه كان و یاسا كانی مامه له كردنی ئه و ده وڵه تانه كه پتر له حه فتا ساڵ بـو باو بوون ، كۆتاییانپێیهات ، ئه نجام سیسته مێكی نـــوێی جیهانی هاته كایه وه ، قۆناغی تاكجه مسه ری نوێ ، كـه ده وڵه ته سه رمایه داره كانی ئه وروپا و به شێوه یه كی سه ره كی ئه مریكا تێیدا تاكده سه ڵات و فه رمانڕه وای رامیاری كۆمه ڵگه ی جیهانی ئیمرۆكه ن .

ئاشكرایه ، له مه ڕ ئه و گۆڕانكاریه و درامایییه ی ئـــه م سه رده مه گه لێك دید و بۆچونی جیاواز هه ن ، له وانـه كۆمۆنیزمه كونزه رڤاتیڤه كان ، ئه وانه ی چه نده ها سـاڵه به وتاقیكردنه وه هه ره سپێهاتوه ی ئه وروپای كۆمۆنیست گۆشكراون،كه ئۆباڵی ئه وداده پێن و هه ره سه گه وره یه ی ده وڵه ته بـه ناو كۆمۆنیسته كـان ده خه نه ئه سـتۆی پیلانگێڕی ده زگاكانی ئه مریكاو ده وڵه ته سه رمایه داره كانی ئه وروپا، به شێوه یه كی زۆرروكه ش ولـه رزۆكانه ش لێره و له وێ باس له هێندێ هۆیناسه ره كی نێـــو خودی ده وڵه ته به ناو سۆسیالیزمییه كان ده كه ن، هێندێ له وانه دان به و كه مه راسییه ش نانێن !

لێ . . . گومان له و راستییه دانیه ، كه هۆ سه ره كی و بنچینه ییه كانی ئه و گۆڕانكاریانه له ناو خودی ئـــه و تاقیكردنه وانه سه ریهه ڵداوه و زه مینه ی ئه و داته پین و هه ره سه مه زنه له نێوسیسته می رامیاری ئه و ده وڵه تانه وه ك هۆكاری بابه تی دروستبوون ، دانـــنان به وراستیانه ئه گه ر تاڵیش بێ ، هه ر راستییه و نابێ هه ڵـــــه دووباربكرێته وه ، هۆیه كانی ئه و گۆڕانكاریه ش له و چه ند خاڵه ی خواره وه كورت ده كه ینه وه :

* نه بونی دیمكراسی و پێشێلكردنی مافیمرۆڤ لـــه پیرۆز كردن و بڕواهێنان به بیریرامیاری و سیسته می ئابوری و باوه ڕی ئاینی . . . . جیاواز ، قه ده غه كردنی رۆژنامه گه ری ئازاد و ره خنه گرتن ، نه بونـــی سه ربه ستی مانگرتن و رابوون و پێكهێنانی رێكخراو و پارتـــی رامیاری جیاواز، بێبه شكردنی مرۆڤی سۆڤییه تی لـــه گه شتوگوزار و بنیادكردنی چۆنییه تی ژیانی تایبه ت و ماڵداری ، دواتر له چوارچێوه دانی « خشتبردانی » ژیان، به پێچه وانه ی ئه مانه ، نه گونجان له گه ڵ ده سه ڵاتی بێبه ربه ستی پارتیسه ركرده و پێشڕه و، خاوه ن بیـر و باوه ڕی جیاواز و سه رپێچكاری ئه و پارته ده سه ڵاتداره بێسه روشوێن تیرۆر و ده ستكوژ ده كرا .

* نه گۆڕانی پارت ، له پارتی چینیكریكار و توێـــژی هه ڵبژارده ی دیاركراوی كۆمه ڵ ، بۆ پارتی جه ماوه رو تێكرای خه ڵكی سۆڤییه ت .

* به ستاندنی بیروباوه ڕی پارت و به پیرۆزكردنی پیرۆزو نه گۆڕی ، ئه مه ش هه ر خۆی پێچه وانه ی تیـــۆری ماركسیزم بوو ، كه تیۆری په ره سـه ندن و گۆڕان و پێشكه وتنی كۆمه ڵه .

* دواكه وتنی هۆیه كانیبه رهه مهێنان ، رێگه نـه دان به ده ستپێشخه ری و نوێكاری ، كه بوه هۆی جێمان و دواكه وتنی به رهه می ته كنه لۆژی سۆڤییه تی به رابه ر به ته كنه لۆژیای جیهانی .

* ده ستێوه ردانی ســـۆڤیه ت له ته واوی كاروباری بزوتنه وه ی كۆمۆنیستی و بزوتنـــه وه ی رزگارخوازی گه لان ، له خشتبردانیان به هه مان بیروبۆچونی چه واشه كراوی ستالینیزمی ، دواتر به كارهێنانی هه ردوو بزاڤ له پێناو خزمه ت كردنی رامیاری ستالینیزمی .

* كێشه ی نه ته وایه تی ، یه كێ له پرسه هه ره ئاڵۆزو

سه ختە کانی سۆڤییه ت بوو ، ئه گه رچی دارشتنی شێوه ی چاره سه رکردنی کێشه که له شێوه ی یه کێتی کۆماره کانی سۆڤییه تیدا له کات و سه رده می خۆیدا سه ره تایه کی گونجاوبوو ، به لام ئه م سه ره تا و بنچینه و دارشتنه ی مافینه ته وه کان ، نه ك پێشنه که وت و په ره ی نه سه ند، به لکو دواتر له بنه ره تادا له بار بردرا.

دوای ئه وه ی ستالین ده سه لاتی ده وله تی گرته ده ست لیژنه ی کۆچپێکردنی بالا پێکهات ، ئه رکی ئه م لیژنه یه له ناوبردن و نه هێشتنی شوێنه واری که مایه تییه نه ته وه ییه کان و تێکه لاوکردنیان بو له گه ل نه ته وه ی روس و نه ته وه کانی تری سۆڤیه تی ، له سالی **1945** له ژێر په رده ی جه نگی دووه می جیهانی پتر په ره به رامیاری کۆچپێکردن وریشه کێشکردنی ده یان نه ته وه له سه رخاکی بابوباپیرانیان درا ، له وانه کورده کانی کۆماری سۆڤییه ت و گواستنه وه یان بۆ پتر له هه شت کۆماری جیاجیا ، بون و به لگه وده کیۆمێنتی زۆری ئه وبواره ی رامیاری ستالینیزمی به چه ندان جار دوپاته ی ئه و راستیانه ده که نه وه .

هه ره سهێنان و ده رچونی سۆڤییه ت و هاوپه یمانه کانی له هاوکێشه ی رامیاری نێوان ده وله تان بوه هۆی ئه وه ی هاوپه یمانانی « ناتۆ» ئه و تێشکانه به سه رکه وتنێکی گه وره ی خۆیان بزانن ، و ته واوی کێشه جیهانییه کان و به رپرسیاریه تییه که ی له ئه ستۆی سۆڤییه ت بزانن ، لێ له ودواییه دا که جیهان به تاکجه مسه ر له لایه ن ئه مریکاو هاوپه یمانه کانییه وه به رێوه ده چێ ، گیروگرفته هه رێمییه کان و پێشێلکردنی مافیمرۆڤ ئه وه نده ی تر ئالۆز تربوه وه ، هه لبه ته کێشه خوێناوییه کانی سۆمال ، کۆماره کۆنه کانی یوگۆسلاڤیا ، هێندێ له کۆماره کانی کۆنه سۆڤییه ت ، ئه مبارگۆی داسه پێندراوی سه رکوبا هه ره شه کردن له کۆریای باکوربه بیانوی دروستکردنی چه که تۆم ، پروپاگه نده و فشاربردنه سه رچین و تاوانبارکردنی به نه پاراستنی مافیمرۆڤ ، ئه وانه و ده یان ناوچه ی تری بارگرژی ئه م جیهانه گه واهی زیندوی ئه وراستیانه ن .

ئه ودیارده رامیاریانه ی ئه مریکاو سه رمایه دارانی ئه ورووپا خۆی له وه دا ده بینێته وه که هه ر سێ بلۆکی سه رمایه داری کۆلۆنیالیزمی ئه مریکی ، ژاپۆنی ، ئه ورووپی ، خوازیاری ئه وه ن جاریکی تر جیهان له نێوان خۆیاندا دابه شبکه نه وه و بازاری جیهانی کۆنترۆل بکه ن پێشبرکێی ئه و پلانه کۆلۆنیالیزمییه یش زۆرئاشکرایه .

هاوکات له گه ل ده سه لاتی بێبه ربه ستی ئه مریکا و داته پینی بلۆکی سۆسیالیزمی خۆرهه لات ، هه ر له و سالگارانه دا، له هه ناوی کۆمه لێك کێشه ی ئالۆزو نوێ و نامۆی سه رده م ، شانبه شانی ئه م هه لکه وته ، ته وژمی نازییزم و مۆسۆلۆنی و فاشیزم و په ره سه ندنی پیرۆکارانه ی جیا جیا سه ریهه لدا و په ره یسه ند، دیاره ئه م دیاردانه ش وه ك خه سله تی گشتی سیسته می سه رمایه داری ناکۆك و دژ، پێشبینی ئه و باره نائاساییانه ی به رژه وه ندی سه رمایه دارین .

ئه م راستیانه ئه مه دووپات ده که نه وه :

که رژێمی سه رمایه داری به هیچشێوه یه ك ناتوانێ پرسه ئالۆزودژواره کان، چاره سه ربکات و پارێزگاری و داکۆکی له مافیمرۆڤ وبه دیهێنانی کۆمه لگه یه کی دادپه روه رو دیمکراسی بکات ، به لکو بنه ما هزری و رامیاری و ئابوریه کانی که ئه و سیسته مه یان راگرتوه ، وه ك رژێمێکی ئابوری + رامیاری چه وسێنه ری خاوه ن هۆیه کانی به رهه مهێنان ، هه ر له ئارادایه و هیچ گۆرانکارییه کی ئه ری تێدا نه خه ملیوه ، هۆیه کانی خه باتکردن دژی ئه و به ره چه وسێنه ره هێشتا برده که ن و هه ن و به رده وامن .

١- جیهانی تاکجه مسه ری سه رمایه داری خۆرئاوا، ده ستبه سه رداگرتنی ده زگا نێوده وله تییه کان له قازانج و به رژه وه ندی کۆلۆنیالیزمی ئه مریکی و ئه ورووپی . ٢- خراپبوونی باری ئابوری ، رامیاری ، کۆمه لایه تی و تێکرای گوزه ران و ژیانی ده وله تانی هه ره سی کۆمۆنیزم . ٣- رژێمه نوێیه کانی ئه و ولاتانه نه یاتوانی ببنه ئه لته رناتیڤی رووده بێن و ژینێکی چێترله وی پێشو بۆهاوولاتیان مسۆگه ربکه ن، ئه وانه و

چه ند هۆکاریکی تر بونه هۆی هانده ر و زه مینه ســه کی به هێزی سه ر هه ڵدانه وه و دروستبوونه ی ســه رله نوێی پارته کۆمۆنیست و مارکسییه کانی خۆرهه ڵات وسه رجه می بزاڤی مارکسی و چه پی پێشکه وتوخواز له جیهاندا .

ئه گه رچی سه رهه ڵدانه وه و دروستبوونه وه ی ئه و پـارته کۆمۆنیستانه سه ره تایه کی ده ستپێشخه ری رون وئاشکرایه ،به ڵام وه ك پێویست له ناوکۆمه ڵێك تێکشکان وهه ره سی تیۆری و شۆکاری راسیاریدا ، ئه یان توانیوه له وقۆناغه رزگاریان بێت ، دیاره ئه واوبوونی ئه و خوله (بازنه یه ) پێویستی به کات وکاره، وێڕای ئه وه ش خودی هۆکاره کانی تێشکان له هێندێ لایه نی تیۆری و پراتیکی پێویـستیان به لێکۆڵینه و ه و لێدوانی فراوان هه یه .

ره گه زه سه ره کییه کانی بلۆکی سۆسیالیستی مرۆڤانه، له و لایه نانه ی خواره وه به رجه سته ده بن :

* هه ڵسانه وه ی زۆربه ی پارته کۆمۆنیسته کانی ئه وروپای خۆرهه ڵات ، به شـداریکردنیان له پرۆسه ی په رله مان – هه لبژارن و ده نگدان – و ســه رکه وتنی هێندێکیان ، به ده ستگرتنه وه ی ده سه ڵات له لایه ن هێندێکیانه وه ، بـه وه مه رجه ی زۆربـه یان وه ك هێزی چــه پی مارکسی و سۆسیالیستی ، ئێستێکه ناکرێ نکۆڵی لـــه رۆڵیان بکرێت .

* گوروتاوگرتنی بزوتنه وه ی دیمکراسی ، ئاشتی ، بزاڤی رزگاریخوازی له جیهاندا.

* سه رهه ڵدان و هاتنه کایه وه ی چه ندان پـــارت و رێکخراوی به رمه ترسی په ره سه ندنی ته کنه لۆژیـــا و جه نگه تۆم داکۆکیکار له ژینگه و ده ورووبه ر.

* به تین بوونی بزاڤی مافیمرۆڤ و خه مڵینی چه نــدین رێکخراوی جیاجیا ، به ئامانجی داکۆکی کردن له مافـه بنچینه ییه کانی مرۆڤ .

گه رچی ئه و چوار ره گه زه ، له شێوه و بـــه رنامه ی تایبه تیدا جیاوازن ، به ڵام هه ریه که یان له بـــوارێکی تایبه تییه وه ، به ره و ستراتیژگه یه ك و داوایه ك ده چن ، که کۆمه ڵ و رژێمه ( سیسته می سۆســیالیزم + کۆمه ڵگه یه کی ئاشتخواز ) هه نگاو ده نێکن .

دیاره وه ك راستییه کی زانستی ، مێژو وه ك خـۆی و به هه مان شێوه ی له خشتبردراو دوباره نابێته وه ، بـه ڵام ناوه رۆکه سرۆڤایه تییه که ی هه ر به رده وامده بێت . . .

گومان له وه دانییه که که سانی کۆمۆنیست و مارکسی و داکۆکیکار له مافیمرۆڤی کورد و خه باتی چینایه تی له باشوری کوردستاندا ، بــــروا به سه رکه وتنی هاتی سۆسیالیزمی سرۆڤایه تی بۆ دوارۆژی کۆمه ڵـــگه ی کوردستان به شتێکی سروشتی و بابه تی ده زانن ، ئه و بروایه ش له وه وه سه رچاوه ی گرتوه که ســۆسیالیزم وه ك تیۆپراکتیك تۆی زیندویه تی و ره گه زی به رده وامی هه میشه یی له ناخی دایه و ده کرێ هه رده م له نێو تێشکان و جێماندا وه ك تیۆریکی کۆمه ڵایه تی نـــوێ بکرێته وه وله گه ڵ ره وتی مێژو و په ره ســه ندنی کۆمه ڵدا به ره وپێش ببردرێت و به رده وامبێت ، بـه و گوێره ی ســۆسیالیزم بــه رزترین و دادپـه روه رترین سیسته می کۆمه لایه تییه که ده توانی مرۆڤ لــــه چه وساندنه وه ی مرۆڤ رزگاربکات و ژیانیــکــــی به خته وه ر له سایه ی ئاشتیدا بۆ کۆمه ڵ پێکبێنێ .

دڵانـــــــپار
بخوێـــــــنه وه
بڵاوبــــــــکه وه
له پێشنیاو
بیرورای به که ڵک
بێبه شی مه که

م . رێبوار

# لیکۆلینه وه یه ك له
# مێژووی کوردوکوردستان
## له ڕوانگه ی ماتیریالیزمی مێژووییه وه

### به شی پێنجه م

« له مێژودا چه ندین جار لیکدا ن و جه نگی وا ڕوویداوه، که پڕبووه له بێزه یی وکرداری جانه وه رانه. له هه مانکاتدا سه رکه وتنی پڕله پێشکه وتن که سودی خه لکی تێدابووه ، بۆته هۆتیکدانی گه لێك داموده زگای گه وره ی ڕژێـــمی کۆنه په رست – لێنین » .

بیگومان جه نگی ماد و هاوپه یمانه کانی له دژی سه خترین ده وله تی زۆرداری جیهانی ئه وسه رده م = ئیمپراتۆریه تی ئاشور، به جه نگێکی پێشکه وتوخوازانه داده نـــدرێت ، ئه گه رچیش ئه و جه نگه له بنچینه وه بۆ له ناوبردنـی کۆیله تی نه بووه ، یا به مه به ستی ئازادکردن ، بــــه لام به هۆی ئه وه وه که زۆربه ی هۆزه کان تێکه ل بــه تالانی ئاشور ببون ئه وا دیاره ئه م سه رکه وتنه ی ماد بــه هی هه موان له قه له مدراوه ، دیاکانۆف ده لێ :

بۆته مایه ی خوشی و شادی ته واوی ئاسیای خۆرئــاوا، به لام ئه مه نابێ سه رمان لێبشێوێنێ و واتێبگه ین جه نگی ئه وکاته له سه ر نیشتمان بوبێ ، ئه م جۆره لیکدانه وه یه هه له یه کی گه وره یه .

تالانی ئاشور له لایه ن ماده کانه وه ده ستکه وتێـــــکی یه کجار گه وره بوو، ده وله مه ندبوونی گه وره کانی مـاد ببوه گووته ی سه رزاری خه لکان ، له سه رچاوه کانـــدا واهاتووه که سه رده رگای کۆشکه کانی ئـــــــه کباتانا هه موویان زێڕکه ش کرابون، ئه م جۆره ده وله مه ند بونه نه بوایه ئاوه ها به زوویی دژکارییه چینایه تییه کان لــه نێو خودی کۆمه لگه ی مادا نه ده ته قینه وه ، هه ندێ هۆرامیاری تریش نه بوانه ئیمپراتۆریه تی مادی کۆیـــله په رست ره نگ بوو بۆماوه یه کی درێژخایه ن ترله ئاشور زۆریش دڕندانه تر به رده وامی خۆی وه رگرتبایه .

وتمان مـــاد به مه رجی به ربه ره کانێی گه وره پیاوان و پشتیوانی ئازاده کان هاته کایه وه ، هه ر بۆیه ش له نێوان ئاستیاگ + خاوه نکۆیله کان و ئازاده کان دژکارییه کان ته قینه وه و راپه رین به رپابوو ، جگه له وه ی بوه هۆی لیکدانی ماد و پارس .

دیاره ئه و هۆزانه ی به تایبه تی که له و ســـه رده مه سه رۆکه کانیان له لایه ن ده سه لاته وه واته ده وله ته وه « ماد » ده ستنیشانده کرا و داده ندران ، هه رده م ئاماده بوون ، بچنه پال باوه ری تازه وه ، ئه گه ر ئاینیکی نویـش

بوایه ، زۆرجار ئه مانه پشگیری پێغه مبه ره راپـه ڕیوه کانیان ده کرد. کۆرش یه کێ له وانه بوو ، زه رده شتی کـه له خۆرهه لاتی ئێران و له وپه ڕی مادا سه ریهه ڵدا، بوه جێی بایه خپێدان ، له کۆتاییدا ده بینین وه ك هه موو ئاینێك یا باوڕێك ده گه ڵ باری چه وساندنه وه یه کیده گرته وه، بۆ چه سپاندنی ده سه لاتی چه وسێنه ر ، له گه ڵ خواستی گه وره پیاوانی ماد ده گونجا، بۆیه ش به زۆر بـه ســه ر خه ڵکاندا ده سه پێندرا .

هه روه کچۆن له ناوچه کانی تری ژێرده سته ی ئاشور زاموا - پارسوا وگه لێ شوێنیتر ده بوایه خه ڵکان رێز له خواکانی ئاشور بگرن و بیان بپه رستن ! ئه مه ش زۆرجـار ده بووه هۆیاخیبوونی خه ڵکی ، وه ك له وه و پێش باسکرا یـه کی له سه رچاوه کان له م باره وه ده لێت :

« ئه وانه ی خودای ئاشوریان کوشت ، ئه ز ســوتاندمن و به خاك خۆڵم کردن » له راستیدا خوداکانی ئاشور نوێنـه ری یا بریتی بوون له و که سانه ی که پرۆژه ی ئاو و پیت و هه رمێنی زه وییه کانیان ده پاراست که له راستیدا پاشاکان بوون ، بۆیه به شێوه ك خه ڵکی هه ستی به وه ده کرد کـه ده بێ ئه وان بپه رستی، ئه مه ش هه ستکردنی خه ڵکانی به ژێرده سته یی ئاشور به هێزده کرد ، له کۆتاییدا ده بـووه هۆراپه ڕین ، به لام ئاینی زه رده شت که بــه هۆی موغه کانه وه « پیاوه ئایینه یه کانی زه رده شت » تاراده یه ك له نێو ماد دا بلاوببوه وه ، موغه کان به هۆیه وه ببونه خاوه ن زه ویوزاری فراوان ، زۆربه ی زه ویه به پیته کان له لایـه ن ئه وانه وه ده ستی به سه ر داگیرابوو و له مه ڕ په رستگاو موغه کان ده کرا.

کۆرش یه کی له و که سانه بووکه به ئامۆژگاری موغه کان له لایه ن ده سه لاته وه « ماد» کرابو به پادشای پارس ، ئه و له وێدا بۆ به هێزکردنی پارس خه ریکی خۆکۆکردنه وه بوو . له لایه کی تره وه واده رده که وی به هۆی موغه کان له نێو ماد دا ده سه لاتی په یداکردبێ .

هه ر له وماوه یه دا بوو ناکۆکی چینایه تی نیوان ئاستیاگ ، که لایه نگیری خاوه ن کۆیله کان بوو وه ســه رپێچیکاران که خه ڵکی ئازادی ماد بوون له هه ڵچون دابوو . ئاستیاگ هه ستی ئه وه ی ده کرد که کۆرش خه ریکه له شکری ده کاته سه ر ، ئه و کۆرشه ی به ئامۆژگاری موغـه کان کرا به پادشای پارس، بۆیه ده ستیکرده کوشتنی موغـه کان ، به مجۆره ده سه لاتی ماد که وته نێوان تـه قینه وه ی دژکارییه چینایه تییه کان و هێرشی پارس ، له کۆتاییدا ماد هه ره سیهێنا . بۆ چاکتر تێگه یشتن له روخانی مـاد ، ده توانین بگه ڕێنه وه بۆ باسی له مه و به رمان « واته سه ره تای به شی کۆمه ڵگه ی کۆیله تی » .

دێته وه یادمان له مه و پێش له باســـی کۆمه ڵگه سه ره تاییه کاندا، وتمان په نده کان له هه موو بیـر و باوه ڕێك پتر زاڵبوون ، له مه دواین و چۆنییه تــی دروستبوونیانمان رونکرده وه ، ده گه ڵ به ره و پێشه وه چونی کۆمه ڵگه ی ئه و سه رده م و ســه رهه ڵدان و سه قامگیربوونی چینایه تیدا ، په نده کانیش شــه قڵی ئه م به ره و پێشه وه چونه یان به خۆوه گرت ، له راسـتیدا په نده کان تێشکێنراوه ی نــــــاکۆکی و دژکارییه چینایه تییه کانن .

کێخواکان هه وڵیان ده دا په نده کان بکه ن به ئاینێکی خۆرسك و له لایه نی چینایه تییه وه پرهێزیان بــکه ن ، بیان که ن به بیروباوه ڕی نامۆ و به زۆر به سه ر خه لکانی دا بسه پێنن ، تاراده یه کیش له و هه وڵ وته قه لایـه دا سه رکه وتوبوون ، به لام به هۆی چۆنییه تی ســروشتی دروستبوونی په نده کان به هیچجۆرێك تاسه رنه یانتوانی ئه و مه رامه یان بێته دی و بگه نه مه به ستیان .

سه رهه ڵدانی « زه رده شــت» له وکاته دا که بـــۆ ده سه لاتیکی وه ك هی ماد که ره سته یه کی بـــه ر ده ست بوو ، له کۆتاییدا بــوه کۆڵه گه ی دووه م و ده گه ڵ ده سه لاتدا یه کیگرت ، به مجۆره له پێنــاوی چه سپاندن و ته واوکردنی سه رخانی کۆمه ڵگه ، واتــه کۆکردنه وه ی ده سه لاتی ده وڵه ت و ئاین ، ریـگه ی واڵاکرد بۆ ئه وه ی زه رده شتی به راده یه کی فــراوان بڵاوبێته وه ، له کۆتایشدا ده وڵه تی ماد هه ر به ده ستی

موغه كان و ده سه لاتداران و لایه نگرانی پارس روخێنرا ، بێگومان له وكاته دا له وه ده گه ین بۆچی گاتاكان باسی خه ڵكانیان كردووه ، چونكی دیاره پارس به بیٚ خه ڵكه كان هه رگیز نه یده توانی سه ركه وتن به ده ستبێنیٚ ، به بیٚ لایه نگری و هاوكاری ئه وان ، ئه م رواڵه ته له دوایدا چه ندین جار له مێژووی داهاتووی كۆمه ڵگه ی كورده واریدا دووپاته ده بێته وه ، پێش هه موو كه سێك چه وسێنه ره كان ده بنه لایه نگیری ئه و ئاینه نوێیانه ی روو له كوردستان ده كه ن له پێناوی پاراستنی به رژه وه ندی تایبه تی خۆیان ، ئه وان چاك له وه ده گه ن كه ئاین هه موو ده م پاڵپشتی چه وسێنه رانه نه ك به پێچه وانه وه، به ڵام ئه مه هه رگیز له فراژیبون و په ره سه ندی په نده كانی نه گۆڕیوه ، ئێمه له دوایدا ئه مه ته واو روونده كه ینه وه ، ئێستـه ئـه و هێنده به سه له وه بگه ین كه په نده كان له كۆمه ڵـــــگه ی سه ره تاییه وه سه ریانهه ڵدا و هاتنه كایه وه وله قۆناغی یه كه می دروستبوون و ئاشكرا بوونی چینایه تیدا، مۆرك و شه قڵی چینایه تییان وه رگرتووه ، یاخۆ چاكتره بڵێین بوون به ئایدۆلۆژیای چه وساوه و چه وسێنه ران كه هه رده م له نا كۆكی و دژكاریدان .

ئه مه هه مووی له لایه كه وه ، لایه نی دووه م ئـــــه و سه رده مانه ن كه كۆمه ڵگه ی ئه و ناوچه یه ی ئێمه باسی لێوه ده كه ین « كوردستان » خاوه نده سه لاتی خۆی نه بووه ، بـــه لكو هۆزه كان له ژێرده سته یی و فه رمانڕه وایی ده سه ڵاتی بێگانه دا بوون ، له مه و پێش وتمان بۆ ماوه ی جیا جیا ئه م ناوچه یه كه وتۆته ژێرچه پۆكی ئاشورو ئاكادو هێرشی ئۆرارتۆ ، بۆیه پێویسته له و لایه نه ش وردبینه وه . له سه ره تای ئه م به شه دا باسی له شكركه شی و باری سه ربازی ئه و ناوه مان كرد . یه كیٚ له رواڵه ته هـــه ره به رچاوه كان راپه ڕین و ته قه لای هۆزه كان بوو له پێناو رزگاربونیان له ژێرده سته یی ئاشور ، زۆرترینی ئـــه و راپه رینانه له ناوچه كانی سه رووی ئاشوردا به رپاده بون ، - زاموا - پارسوا - كالارا - زۆرشوێنی تری جیا جیا ، كـه چه ندین راپه ڕینیان له نێو سنوری ئاشور دژبه ئاشـــور و ده سه ڵاتی ئه وان به رپاكردووه ، بێگومان ئـــاژاوه ی به رده وام ، ده بێته هۆی له ناو بردنی به شی هه ره زۆری به رهه م و هێزه كانی به رهه مهێنان یا هه رنه بیٚ كـــز كردنیان ، جگه له كاولكردن و سوتاندنی ئاواییه كان ،كه چه ندین جار ژماره ی زۆری ئه م كاره ناهه مواره لـــه نوسینه كانی ئاشور دووباره ده كرێنه وه . له ته ك ده ربه ده ركردنی خه ڵكی ناوچه جیاجیا كان و به دیل گرتنیان و به كۆیله كردنیان ، كه زۆر درنـــــــدانه ئاشورییه كان ئه نجامیان ده دا ، ره فتاری ئه وان ده گه ڵ دیله كان زۆر پڕسته م بووه ، بڕینی په نجه ی دیل ، زنجیرخستنه گه ردن كارێكی یه كجار ئاسایی بووه ، جگه له ئه ستاندنی باجی قورس وگواستنه وه ی خه ڵكی قه ڵاكان وكه لوپه لیان بۆ ئاشور كه نه ریتێكی ئاسایی ئه وان بوو ، ئـــاكاده كانیش هه رگیز له وانه باشترنه بوون ، له چه وساندنه وه ی هۆزه ژێرده سته كانیان درێخیان نه كردووه ، ئێمه لامان روونـه كه ئه مانیش وه ك ئاشور ده وڵه تێكی كۆیله په رستبوون، جگه له وه ی وه ك هه موو داگیركارێك باری به ره و پێشه وه بردنی ئه و ناوه یان پشكوێخستووه ، زۆربـــــه ی به رووبومی ئه وانیشیان تاڵان كردووه .

ئه م ناوچانه له لایه ن ئاشور یا هه ر ده سه ڵاتێكی تره وه به خه زینه ی باج و ده ستكه وت دانراون ، جگه له وه ی وه ك بنكه ی سه ربازی و مه ڵبه ندی له شكری بۆ ســـه ر كوتكردنی ئاژاوه چییه كان و به ره نگاربوونه وه ی هێرش یا په لاماردانی ده ورووبه ریان به كاربردراون ، بۆیه لـــه زۆرلایه ن له داهاتووی دروستبوونی ماد دا به رابــــه ر به ناوچه ره سه نه كانی ماد به مه ڵبه ندی دواكه وتوو ده ژمێردرێن .

گه رواگریمان بكه ین خه ڵكی ئاواییه كان باجیان لـــه سه ربوبیٚ ، كه پاره یا هه ر شتێكی تره ، به له شـــكری داگیركاریان دابیٚ ، بێگومان به و پاره یه دووباره كه لو په لی پێویست كراوه ته وه ، به مجۆره خه ڵكه كـــــان به شێك له و پاره ی داویانه وه ریان گرتۆته وه ، به ڵام ده گه ڵ ئه وه شدا ماركس گوتوته نی ، هه ر خۆیان زیانیان

کردووه ، چونکه که لوپه ل و پێوستییه کان له و پـــــاره تایبه تییه ی ئه وان ده کڕدران که پێشترلێیان ده ستێندرا ، ئه م جۆره ئاڵوگۆڕیه ش نه ده بووه هۆی دروســـــــتبوونی ده رامه ت و زێده بایی و پاشکه وتکردن ، به لکو هه رله سنوره ته سکه که دا ده مایه وه «کرپـــــاره کان فرۆشیارن ، فرۆشیاره کان کرپارن » .

گه ربێتو ئه وه بزانین که ماوه ی پتر له پێنج سه ده ساڵ ئه م ناوچه یه ژێرچه پۆکی ئاشور بووه ، ده بـــێ وێبکه وین پله ی دواکه تن چه نده له ئاستیکی نزمدا بووه ، جگه له وه ی که باسمانکرد به ڵگه نامه کانی ئاکاد زۆر ئاشـــکرا باسی شێوه ی په یوه ندیداری خاوه نداریه تی کۆیـــلـه کان ده که ن هه ڵکه نراوه کانی ئه وان به باشی پێشانمانده ده ن ، که ژنه گوتیه کۆیله کان له چ ئازاریکی پرپسته م دابوون ، ئه مه جگه له وه ی ئه م ناوچانه به رده وام لـــه ژێـــرپێی له شکرکه شی و هێرش و په لاماردان‌دا شێلدراون ، که واته هۆزه کانی سه ر زه مینی کوردستان نه ك ته نێ رژێـــم و نه ریتی کۆیله تیان تێدا دروست بووه ، به لکو بۆ چه ندین سه ده ساڵ له ژێرچه پۆکی ده وڵه ته کۆیله په رســـته کانی تریشدا کۆیله تیان بینیوه .

◻

پە راوێزه کان :

هارپاك –ئه م ناوه یه که له ئه فسانه ی ئاسنگه ی کاوه ی ئاسنگه ردا به « ئه ژده هاك » ناسراوه .

کۆرش – پادشای پارس « فارس »

گۆتاتما – یه ك له سه رکرده کانی راپـــه رینی گشتی دژی ئاشور .

فرائورت – ئه م ناوه یه که به « فه ره یدوون » ناسراوه .

چیتران – یه ك له سه رکرده کانی راپه رینی گشـــــتی دژی ئاشور.



رونکردنه وه یه ك . . . . .

ئه م روونکردنه وه یه ش پتر بۆ ئه و مه به سته یه که جۆری بۆچونی خۆمان له که میکی ئـــه و گیروگرفتانه ی زمانه که مان هه یه تی بخه ینه روو، ئه ویش له چۆنییه تی به کارهێنانی پێشگروپاشگرو جیاکردنه وه ی کات ومانای کار، له مانای ئه بستراکی- رووت - کـار و هێندی زاراوه ، نه ك وه ك هێندی له خۆینه ران واده زانن ئه مه هه ڵه ی تایپکرد ن ورێنوسن ! دیاره لێره داسه رهه ڵدانی به رنامه ی کۆمپیته ر، رۆڵیخۆی هه یه و ئه م بواره بـــۆ رێنوسی کوردی هاسانترده کات، ئه مه پاکانه نییه بۆئه وهه لانه ی ده که ونه تایپکردنی نوسینه کان ، هیچ گۆڤـــارو رۆژنامه کیش له هه ڵه ی تایپ بێبه ش نییه ، هه روه هـــا دیسا پاکانه نییه بۆ هێندی که موکوری شێوه ی نوسینه کان ، به داخه وه ئه و به رنامه ی ئێمه له تایپکردنی نوسینه کاندا به کاریدێنین ، به رنامه یه کی له سه دی سه دکوردی نییه ، له ولایه نه ش هه ر هێنده مان له ده ستدێ ، گرفته کـه ته کنیکی و هونه رییه نه ك رێنوس و هه ڵـه چاپ ، ئێستـه گرنگ ئه وه یه ، هێندێ نمونه ی ئه و رێنوسه ی ئێمه به راستی ده زانین بخه ینه به رچاوی خوێنه ران .

که ده نوسین :

شوشه که م لێره دانابوو ئازاد پیێ ی لیێ ناو شکاندی.

به بـــۆچونی ئێمه راستر وایه ، به م شێوه یه رێنوسبکرێت

شوشه که م لێره دانابوو ئازاد پێی لێنا و شکاندی .

ئێستـه ئه م جۆره رێنوسه له وه ی یه که م باوتره ، بـــه لام که ده نوسین :

ئازاد هه ڵه یه کی کردو پیێ ی لیێ نا که هه ڵه ی کرددوه. لێره دا ( پیێ ی لیێ نا ) چ په یوه ندی به ( پیێ - که به شێکی ئه ندمی له شی مرۆڤه ) نییه ، بۆیه بـــه بۆچونی ئێمه ده بیێ به م شێوه یه رێنوسبکرێت :

( پێیلێنا ) .

نمونه یه کی تر :

زبڵه که ت فریێ دا ؟

به لیێ رووم کرده ناو ته نه که ی زبڵه که !

بـــــۆ لاپه ڕی 35

جه واد مه لا

# کوردستان

## نیشتمان و گه لێکی بێ ده وڵه ت

چاپگه و بڵاوگه ی کۆردولۆژیا
له نده ن ١٩٨٥

وه رگێڕانی له عه ره بییه وه بۆ کوردی زاری سۆرانی
شێرکۆ کۆیی

به شی چواره م

کورد له بواری مێژوو تا ئه م سه رده مه
- فه رمانڕه وایی کوردان له دێرزه مانه وه تاوه کو هاتنی ئیسلام .
- شۆڕشه کان و فه رمانڕه وایی کوردان سه رده می ئیسلام و سه ره تای سه ده ی نۆزده هه م .
- شۆڕشه کان و فه رمانڕه وایی کوردان له سه ده ی نۆزه هه مدا .
- شۆڕشه کان و فه رمانڕه وایی کوردان له سه ره تای سه ده ی بیسته وه تاوه کو ئیمرۆ.
- هه ڵوێستی کوردان له به رابه ر کوشتاری ئه رمه ن .
شۆڕشی ١١ ئه یلولی ١٩٦١ و هه ڵسه نگاندنی ئه م قۆناغه

### فه رمان ڕه وای کوردان له دێرزه مانه وه تا هاتنی ئیسلام

هه رکه س مه به ستی تۆژینه وه ی مێژوی نه ته وه که ی بێ ، پێش هه مووشتێ له یه که م نیشتگه ی ئه و نه ته وه یه و مه ڵه به ندی سه رهه ڵدانی ده کۆڵێته وه ، ئه وه ی زۆربه ی تۆژه ران و خۆرهه ڵاتناسان ده رباره ی کوردستان ووتویانه ، ئه وه یه : که کوردستان نیشتگه ی دووهه می نه ژادی مرۆڤه، هه رله سه ره تای به ره به یانی مێژوه وه گه لانی چیای ( زاگرۆس ) که له گه لی (لوللو) و ( گوتی ) و ( خالیدی - کالیدی ) و ( سۆبارو- هوری )

ناوده برین ره چه له کی ره سه نی نه ته وه ی کورد پێکدێنن ، که جموجۆڵێکی رامیاری به هێزیان له سه رده می سۆمه ر و ئه کاد و ئاشوریه کان گێڕاوه .

هه روه ها ره وی بنه چه ی ئارییه کان ( هندو- ئه وروپی ) سه ره تا بۆ خۆرهه ڵاتی و دوایش بـۆ خۆرئـــاوای زاگرۆس ده ستپێکردووه ، چونکی (کرۆزن ) ی تۆژه ر له پێشه کیه که ی گه شتێك به ( ئێران ) دا ، ده ڵێ :

( گه لێك وێده چێ ئه م ره وه بـه ر له بیست سه ده پێش زاین بوبێ ، ئه م ره وه بۆته هۆی ئه وه ی دانیشـتوانـی ره سه نی زاگرۆس بکه ونه ژێر رکێفی ئه و شه پۆڵه نوێیه و له بۆته ی ئاریدا بتوێنه وه ، میدیه کان بـــه هێزترین و گه وره ترین کۆمه ڵی نێو ره وه که بوون . . . . . )

### ١- گه لی لۆللۆ

له تابلۆیه کی دۆزراوه ی دێرینی ناوچه ی ( زه هاو ) کـه ده گه رێته وه سه رده می پادشایه تی لۆللۆ و گوتییه کان **2800** پێشزاینی، به وه ده زانرێ که گه لــــــی لۆللۆ لـه ناوچه ی ئێستێکه ی سوله یمانیدا ده ژیان ، به شێکیشیان له سوریه نیشته جێببون ( وه ك لێکۆڵینه وه کـه ی دکتۆر سپێزه ر- ده یسه لمێنێ ) ، به ڵگه ئاشورییه کان دووپاته ی ئه وه ده که نه وه که وڵاتی لۆللۆ له باری ژیاری و ئاوه دانی له پله یه کی پێشکه وتوی مه زندا بووه .

### ٢- گوتی ( جوتی - جودی )

گه لێکی به ناوده نگی نێو گه لانی زاگرۆسه ، که ده ستی به سه ر وڵاتی سۆمه ر و ئاکاد داگرت له ســـــاڵی **2649** پێشزاینی ماوه ی سه دوبیستوپێنج ساڵ فه رمانره وایــــــی کردووه ( بروانه کێمبردج مێژووی دێرین بـــه رگی ١ لاپه ره ٤٢٣ ) له سه ده ی بیستوشه شه می پێشزاینی پادشـــا ( ئور ) له ئاکاد به ده سه ڵاتی گوتی کۆتاییهێنا و نـــاچار خێله گوتییه کان گه رانه وه ناوچه چیاییه کانی خۆیـــان ، له وێ خۆیان مه ڵاسدا ، پادشای ئاشوری ( شێلمانه ســـری یه که م ١٢٨٠- ١٢٦١ پێشزاینی ، له کاتی جه نـــگێندا له گه ڵ گوتییه کان ، ده ڵێ : گه لی گوتی که ســتێره ی به ختی له ئاسمانی نـــه م سه رده مه دا وه ك گه لاوێژ ده دره و شایه وه ، نه ته نیا هه رخاوه ن ده ســه ڵاتبوو، به ڵکو به توانا و وره داربوو ، هه روه کچۆن بێســنور توندوتیژبوو . . . . ئه م گه له به وپه ری توندی و لــه خۆبوردوویی دژی ئێمه به رگریانکرد، له سه ردوژمنایه تی کردنی ئێمه سوربوون ) ئه م گێڕانه وه یه ئه وه مان بــۆ روونده کاته وه : که ئه م گه له له چ پله یه کی بـه هێز دا بووه و هه روه ك چۆن زۆر به رێکی ئادگار وخو ونه ریتی به رزی ئه وان ده خاته روو ، ئــــه و باره ی ئیمرۆی هاووڵاتیانی کوردستانمان وه به رچاوده خا که چـــه نده ئازا و به هێز و له خۆبوردون له قوربانیدان .

### ٣- کاسای - کوسی - کوشو

گه لێکی تری زاگرۆسییه ، ســـه ره تا له ناوچه ی کرمنشادا بوون ، مێژوی هاتنی بۆ ئــــــه م ناوچه یه نه زانراوه ، له ناوه راستی سه ده ی هه شته می پێشزاینی کاسییه کان ده ستیان به سه ر وڵاتی بابل داگرت و له وڵاتی سۆمه ر و ئاکادیشدا فه رمانره وایيه کی بـه هێزیان به رێوه ده برد که ناوی ( کاردونیاش ) بوو ماوه ی شه ش سه ده ( **1746- 1171** پێشزاینی) .به رده وامی بووه .

### ٤- خالیدی - ئورارتو

فه رمانره وایی خالیدییه کان له ده ریاچه ی تـــۆگجه و ئه لکسه نده رێوله وه له قه فقاس تا سه ر فورات لــــه خۆرئاواوه ، له خۆرهه ڵا تیش ده ریاچه ورمێ تـــاوه کو ره واندزوسه رووی باکوری سوریه ی له خوارووه وه داگرتبو، ، پایته ختی ئه م وڵاته به رفراوانه ناوی ( تۆسـپاسی - وان ) بوو که پادشای خالیدییه کان ( ســــاردۆریسی یه که م ) له ساڵی **840** پێشزاینی دروستیکردبوو ، لــه کۆتایی سه ده ی حه وته می پێشزاینی خالیدیه کـــان له گه ڵ ئیمپراتۆریه تی میدیا یه کیان گرت .

### ٥- ســــــۆباری

ناوی ئه م گه له بۆیه که مجار لـــه خشتێکی کۆنینه دا دۆزرابه وه که ده گه رێته وه بـــۆ سه ده ی سێیه می پێشزاینی ، دیسا سۆباری زاراوه یه کی جوگرافییه و به و وڵاته ده گوترێ که له تخوبی ســه رووی خۆراوای

ولاتی ئیلام وه هه تـــــــا چیاکانی ئامانۆسی رۆخ ده ریایسپیناوه ڕاست ده کشا ، لـــــه کۆتـایی سه رده می ئاشوربیه کان ناوی سۆباری هوندابوو له بری ئه و گه لێکی تر ناویدیت که به نایـری ناسراوه ، دڵنیا که گه لی نایری به شیکی گرنگی گه لی سوباربیه ، هه تـــــــا ئیمرۆش پاشماوه ی نایری و نه وه یان له ناوچه ی نه هری ژینگه و مه لبه ندی شۆڕشگیری نه مر شیخ عوبه یدولای نه هری دا ماون « سلاو و درودبۆگیانی شه هیدان » خۆرهه لاتناس ( مێژه رسۆن ) ده رباره ی نـــایری له کتابه به ناوبانگه که یدا ( گه شتی گه رۆکیکی خۆه شیر له نیوان دووزیـــــــدا ) ده لێ :

(. . ئاشوربیه کان نه نیا نه ته وه یه ك بوون که توانیو یانه بگه نه ولاتی نایری ، ئه و ولاته ی گه له که ی له کورده کانی ئیمڕۆ که متر ئه وینی ئازادی و سه ربه خۆیی و رزگاری نه بووه ، به راستی نه توانه وه ی ئه م گه له له نێو گه لانی تری داگیرکار، ئه وگه له ی ناوبانگی به ئازایه تی و نیایی و سه ربه خۆیی رۆیوه ته واو جیگه ی سه رسوڕمان و سه رنجراکیشانه . . . . ، ئه و کاریگه ریه ی که گه لی کورد له ده رونی خۆرهه لاتناس و مێژونوسانی تۆمارکردوه ئه وه یه که گه لیکه هه رگیز سه ری پێدانانوێندرێت و ژێرده سته ناکرێت و له ناونابردرێت ، ئاره زوی له پیشکه وتن و به ره و پێشه وه چونه ، به لام هه رگیز له بستیکی خاکی خۆی خۆشنابێ و تابلێی رقی له فه رمانڕه وایان و شیوازی فه رمانڕه وایه تی ئه و نه ته وانه یه که ده یانه وی به زۆر فرمانی به سه ردا بکه ن ، وای پێباشتره له دۆل و چیاکانی ولاته که یدا بسوڕێته وه و پارێزگاری بوونی خۆی و زمانه ئاربیه که ی بکات ).

**٦- میدیه کان - مید - ماد - مادا :**

گه لێکن له گه لانی( هیندو- ئه وروپی) هه رله سه ره تای سه ده ی نۆیه می پێشزاینی ، له سه روی خۆرئاوای ئیراندا نیشته جێبوون واته ولاتی میدیا ، به ره به ره ده ستیان گرته سه ر ولاتانی دراوسییان ، له کۆتایی سـه ده ی هه شته می پێشزاینی ده وله تیـــــکی سه ربه خۆیان پیکهینا گه لی پارسایان ژێرڕکیف کرد، دوای ئه وه شاری ئه کباتانا یان دروستکردو وکردیانه پایته ختی ولات ، پاشای کوردی میدیا ( کیاخسار هۆخشتر» توانی کۆتـایی به ئیمپراتۆریه تی ئاشوری بێنی وله سالی **612** پایته ختی ئاشور نه ینه وا داگیربکات و ، بنچینه ی ئیمپراتۆریه تی میدیای مه زنی دامه زراند ، ئه و ساله ی کرده یه که م سال و سه ره تای سالنامه ی کوردی و رۆژی یـــه کی نه ورۆز به رابه ر به ٢١ ی ئازاری به رۆژی سه ری سالی کوردی تۆمارکرد { تکا له خوێنه ران ده که م بگه رێنه وه بۆ لیکۆلینه وه که ی - نـــــه ورۆز له نیوان زانست و ئه فسانه دا - دلانپار ، ژماره ، ١، ١٩٩٣- وه رگێڕ } ، ولاته که ی گه یشته ئه و په ڕی پێشکه وتن و فراوانی ، له باختریان ( بخارا ) وه له خۆرهه لات هه تـــــــا گیزلئیرماك له خۆرئاوا، له ده ریای قه زوین له سه روو تاوه کو که نداوی فارس له خواروو بالی کشابوو، ئــــه م ئیمپراتۆریه ته تا ســـالی پێنجسه دوپه نجای پێشزاینی به رده وامبوو له و ساله دا پادشای ئه خمینییه کان کۆرش کۆتایی پێهینا ، دوای ئه ویش ئه سکه نده ری مه کدۆنی که ولاتانی خۆرهه لاتی داگیرکرد کوردستانیش به شێك بوو له وان .

مێژونوسی یۆنانی (گزه نه فۆن ) له کتابه کــــــه یدا « ئه نابازیس » گه لی کورد به « کاردۆخی » ناو ده با ، ئه وکاره ساته ده گێڕێته وه که له شکره ده هه زارییه که ی دوای جه نگ له گه ل فارسه کان ، له گه ڕانه وه یانا به کوردستاندا، کاتێ ویستویانه له گه لی زاخۆ وه ره تبن به سه ریان هاتووه ، که به رده وام له گه لیان ده جه نگان هه تا له ته رابزونیان‌نه‌کردن وازیان لێنه هێنان، گزه نه فۆن له کتابه که یدا ده لێ : گه لی کاردۆخی هه رگیز سه ری بۆ فارسه کان دانه نواندووه ، هه تا که ره تیکیان یه ك له پادشاکانی فارس به له شکریکی بیستهه زار نه فه ری پرچه ك هێرشی برده سه ریان ، وه لێ کاردۆخییه کــــان به ته واوی ئه و له شکره یان قه لاچۆکرد ) .

زانای ئاینی « موحه مه ده نه ل ئالوسی » له راڤه که یدا بۆ

ئایه تیکی قورئان ( ستدعون الی قوم اولی بأس شدید . . )
وه ك زۆربه ی راڤه كه رانی ترده لێ : مه به ستی ئه م ئایه ته کورده کانن که به توانا و ئازایه تی به ناوده نگن .
(به بۆچونی من مه به ستی ئایاته که وروژاندنی سایکۆلۆژیه و له پێناو ئازایه تی دانه به رله شکری موحه مه دییه کانه تا له به رابه ر کورده کان دڵ ره ق و درندانه بجه نگن و به زه ییان به که س دانه یه ته وه - وه رگێڕ ) .
پاشماوه ژیارییه کان و ئه و ئه نجامانه ی خۆرهه ڵاتناسان پێگه یشتوون ، ده رباره ی ره سه نی کورده کان ، ئه وه یه : که کوردستان نیشتمانی نه ته وه ی کورده ، له گه ڵ هێندی گۆڕانکاری که له ئه نجامی چه وساندنه وه و به زۆر کۆچپێکردن به سه ریداهاتووه ، به تایبه تی له ناوچه کانی موسڵ ، ئه ده نه ، ورمێ ، ته ڕابلس . . . . شایانی باسه له وه ته ی روخانی ئیمپراتۆریه تی میدی ، کوردستان که وتۆته به ر چه ندین هێرشی سه ربازی و ده سه ڵاتی ده وڵه تی بیگانه ، هه موویان به ونیازه وه بوون کوردستان داگیربکه ن یا پێیدا تێپه ڕن هه ر له ئه خمینییه کان و ئه سکه نده ر و گه ڕانه وه ی له شکره ده هه زارییه که ی یۆنان و شاکانییه کان و ساسانییه کان و ئه رمه ن و عه ره ب و خوارزمی و ته ته ر و هۆلاکۆ ، مه غۆله کانی ته یمورله نگ و خه زه ر و عوسمانییه کان و روس و ئینگلیز و فره نسییه کان . . . .
له گه ڵ ئه وه ش خێله کورده کان له گشت سه رده مێکدا سه ربه خۆی ناوچه کی خۆیانیان پاراستووه ( بڕوانه کتابی : گرفتی کورده کان و تورك - لاپه ره ی ٢٣ ) .
سه ره ڕای ئه وه ته واوی جه نگ ئاشوبی رۆمانییه کان و فارس ، پێکدادانی ئیمپراتۆریه تی سه فه وی و عوسمانلی و جه نگه کانی مه غۆل و سه لجوقییه کان له لایه ك و عه باسی و ئه یوبیه کان و مه مالیك و هی تریش له لایه کی تره وه له سه ر خاکی کوردستان بووه ، له وه فه رته نه یه ش نه ته وه ی کورد له کاره سات و ئازار و ئه شکه نجه ی بێوێنه به ولاوه له مێژوی مرۆڤایه تی هیچی تری پێنه براوه .

هه روه ك چۆن له کوردستان ئاینی زه رده شت و جوله که ، بڵاوبونه ته وه له سه ره تای سه ده ی چواره می زاینیش ئاینی دیانه کان ئه وه ناوه ی گرتۆته وه ، وه لێ دینی زه رده شتی تاوه کو هاتنی ئیسلام له سه ده ی شه شه می زاینی هه رده م دینی زۆربه ی خه ڵکی کوردستان بووه .

## شۆرشه کان وفه رمانڕه وای کورد له هاتنی ئیسلامه وه تاوه کو سه ده ی نوزده هه م

له سه ره تای بڵاوبونه وه ی ئیسلام له نێو کوردا، نه ته وه ی کورد هه ستی به رێبازی شۆڤێنیزمی فه رمانڕه وایانی عه ره ب و تورك و فارس کردووه ، که له په نای ئاینی ئیسلام سۆز و هه ستی پاکی ئاینی کوردیان بۆ ته نیا مه به ستێك قورغ کردووه ، ئه ویش به زۆر داگیرکردنی کوردستان بووه ، بۆ یه به رته کی نه ته وه ی کورد له به رابه ر ئه و داگیرکارانه و داگیرکردنی کوردستان تابڵێی به هێز بووه ، به چه ندین شۆڕش و راپه ڕینی خوێناوی له پێناو رزگاری و سه ربه خۆیی کوردستان له به رابه ر هه موو فه رمانره وایانی بیانی نارازیبوونی خۆی ده ربڕیوه . . . . لێره دا کورته مێژویه کی ئه و شۆڕش و فه رمانڕه وایانه ده خه ینه پێشچاو :
سه رکرده ی کورد ئه با موسلیمی خوراسانی به کوده تا به ناوبانگه که ی ده وڵه تی ئه مه وی خوێنخۆری له ناو برد و بنچینه ی ده وڵه تی عه باسی دانا ، وای ده زانی به م کاره ی باری هاووڵاتیانی کوردستان باشترده بێ ، به ڵام به پێچه وانه وه خه راپتر بوو . . . که بۆجاری دووه م راپه ڕی ئه و جاره عه باسییه کان نامه ردانه کوشتیان (١)

١- ئێسته ش له بزوتنه وه ی رزگاریخوازی کورد دا ، هه مان روداو دووباره ده بێته وه ، هێندی له کورده کان وا

كورده كانى موسڵ به سه رۆكايه تى جه عفه رى ميرحه سه ن شۆرشێكيان به رپاكرد، دژى خه ليفه ى عه باسى (موعته سم بيللا جه نگێكى دژواريان كرد، بــه به زينى مير جه عفه ر كۆتاييهات به ڵام ئه و خۆى به ده سته وه نه دا ، ژه هرى خواردو خۆى كوشت ( ساڵى ٨٤٠ زاينى ) دواى ئه وه ى تا دوا هه ناسه جه نگا و وه ك قاره مانێك سه رينايه وه.(بروانه الكامل ١- ٦/ لاپه رِى ٢٠٨ ) .

له ساڵى ٨٤٦ ى زاينى كورده كان شۆرشێكى به رفراوانيان هه ڵگيرساند له ناوچه كانى ئه سفه هان و چيا و فارس ، كورده كانى موسڵيش به شداريان كرد ، له ساڵى ٨٦٦ زاينى به سه ركردايه تى مساورى كورِى عه بولحه ميــد ، وه كچۆن كورده كان به شدارى شۆرشى زه نجى ناوچه ى به سره يــان كردووه ، هه روه ها به شدارى شۆرشى ياقوبى ســه فار يش ( ٨٧٥ زاينى ) بوون ، نه به ردى مه زنيان تێدا نــواند به تايبه تى سه ركرده ى كورد (موحه مه د كورِى عه بدوڵلاى هه زارمێرد) كه بۆ ماوه ى سى ساڵ سه ركردايه تى كــارو بارى شۆرشى كرد .( بروانه ئه لته به رى به شى ١١ لاپه رِى ٢٠٠ - ٢٥٦ ) .

له ساڵى ٩٠٦ زاينى موحه مه دى كورِى هيلال سه رۆكى خێڵى هه زبانى كورد راپه رِى و خه ريك بوو شارى موسڵ بگرێت ، به ڵام گه مارۆدانى له لايه ن له شكرى عه باسى يوه هۆى خۆبه ده سته وه دانى سه ركرده ى شــۆرشه كه و داواكردنى ئاشتى، كورِى هيلا ل به ده ستبه سه رى چــووه موسڵ بۆئه وه ى له پاكى مه به ستى عه باسيبه كان بگات، هه رله ویێ عه باسيبه كان كوشتيان ( بروانه ئــــه لكامل به رگى حه وته م ، لاپه رِى ٢١٣ )

له ســاڵى ٩٠٦ زاينى ( ده يسه مى كورِى ئيبراهيم ) بنچينه ى فه رمانرِه وايانى كوردى هه زبانى دانا .

له ساڵى ٩٥١ زاينى يه كه م فه رمانرِه وايى كورد لــــه باكورى ئازه ربيجان وباشورى خۆرهه ڵاتى قه فقاس به ناوى فه رمانرِه وايى شه دادى دامه زرا و هه تا ساڵى ١٠١٥ ى زاينى فه رمانرِه واى كرد .

له ساڵى ٩٥٩ زاينى فه رمانرِه واى كوردى بۆ دووه م جار به ناوى برزيكانى - حه سنه وى دامه زرێندرايه وه . هه ر له هه مه دانه وه تاوه كو شاره زور ده سه ڵاتى ده رۆيى ، تا ساڵى ١٠١٥ زاينى فه رمانرِه وايى كرد .

له ساڵى٩٨٠ ى زاينى عه زدوده وله ى عه باسى له شكر كه شى كرده سه ركورده راپه رِيوه كانى هه كارى ، بازنه ى گه مارۆى لێ ته نگ كردن به ڵام نه يتوانى به سه ريانداز ال بێ ، دوايى به ڵگه نامه و به ڵێنى بێوه ى بـــوونى پێدان پاش ئه وه ى خۆيان به ده سته وه دا زۆرى لێكردن و هه مووى كوشتن ( الكامل به رگى ٨ . لاپه رِه ٢٥٧ )

هه ر له هه مان ساڵدا (٩٨٠ زاينى ) بــازى كورِى شوجاع سه ره ك خێڵى حه ميدى كوردى له ناوچه ى نــاوه راستى كوردستاندا فه رمانرِه وايه كى دامه زراند ، كه بۆ ماوه ى سه دوده ساڵ ده سه ڵاتى گێرِا .

له ساڵى ٩٩٠ زاينى فه رمانرِه واى به ناوده نگى كورد ( به نى عه ناز ) دامه زرا، ياخود وه ك لــه گێرِانه وه ى « ئيبن ئه سير و شه رفنامه » دا ناوى به به نو عه يــار هاتووه و حه فتا ساڵ فه رمانرِه وايى كردووه .

ساڵى ١٠٢٩ - ١٠٣٥ زاينى سه رده مى فه رمانرِه وايى ده سه ڵاتى كورده رواديبه كان بووكه پايته ختيان له شارى ته وريز بوو .

هه روه كچۆن فه رمانرِه واى شوانكاره ى كوردى نــاوچه ى فارس له ١٠٣٥ - ١٣٥٥ زاينى له وقۆناغه دا يه كه م پايه ى ده سه ڵاتى فه رمانرِه وايى ئه يوبى كورد دامه زرا ، له ساڵى ١١٧٣ به ته واوى له ميسر جێگيربوون، دواى ئه وه ده سه ڵاتى ئه يوبيبه كان ته واوى ميسر وسوريا و كوردستان و ئه رمينيا و يه مه ن و ته رابلسى خۆرئاواو و

تێده گه ن هه را مه له به رهه ڵستكارانى عه ره ب ، تورك ، يا فارس راميارِيه كى چاكتر ره چاو ده كات له هێن و وانێك به مه ش ده كه و نــه ته ڵه ى به ربه ره كانى هه رامه له پێناو هێن و به هه زارانيان لێده بێته قوربانى تا هه رامه ى شۆڤێنى ده روخێ و وانيكى به رهه ڵستيكار جێى ده گرێته وه كه چى ئه و خراپترى لێده رده چێ و فه رمانرِه واى شۆڤێنى له ناوده چى به ره هه ڵستكاره كه ى دێته جێگه ى زۆر له و شۆڤێنى تر ده بێ، هه موو ئه وانه ى خه باتيان كردووه بۆروخاندنى رژێمێك وگۆرِينى به يه كى دى له و خه باته مايه پوچ بوون چونكى گرفتى كوردنه وه نيبه گرفتى كوردگرفتى بوونى هه نيى « كيان » نه ته وه ى كوردخۆيه تى .

به رقه‌گرته وه ، سه رده می فه رمانڕه وایی ســـه لاحه دین سه رده میزێرینی ئه وفه رمانڕه وایه بوو دوای مردنی ئه و دابه ش بوو ، به شێك که له هه موویان پترده سه ڵاتی له ده ستمایه وه ئه یوبییه ی « قه ڵای کیف » بوو که تــــــا عوسمانییه کان کوردستانیان داگیرکرد ده سه ڵاتیان مابوو .

دوای له ناوچونی ده سه ڵاتی زه نکییه کان له ( بۆتــان - جه زیره ی ئیبنوعومه ر) فه رمانڕه وای ـ عه زیزان ) سه ری هه ڵدا و تا سه رده می داگیرکردنی عوسمانی ده سه ڵاتی به رده وامبوو به درخان پاشا یه ك له ناودارانی ئــــه و بنه ماڵه یه که سه رکرده ی شۆرشێ بوو له نیوه ی یه که می سه ده ی نۆزده هه می زایینی .

له ساڵی ١١٨٥ ی زایینی سه رده می خه لافه تی ناسره دین الله ، نێوانی کوردو تورکه کان رووه و خراپی بوو ئـه وه ش بوه هۆی هه ڵایرساندنی شۆڕشێکی نیشتمانی سه رتاپای سوریه و کوردستان و ئازه ربیجانی گرته وه، ماوه ی دووساڵ درێژه ی کێشا، دوای ئه وه ی په یمان له نێوان هه ر دوولا به سترا ، به ڵام هێنده ی پێنه چوو دووبــــــاره جه نگ ده ستپێکرده وه ئه وه ش بووه هۆی پاشه کشه ی کورده کان له چه ند ناوچه یه کی سوریا و کیلیکیاو ئه ده نه . ( ئیبن ئه سیر به رگی ١١ لاپه ڕی ٢٣٤ دا) دووپاته ی ئـــه وه ده کاته وه که راپه ڕین گه یشتۆته موسڵ و جه زیره ش .

سه رده می سه فه وییه ئێرانیه کان قۆناغێکی پڕ زۆرلێکردن و چه وساندنه وه ی کوردان بوو بــــه تایبه تی رۆژانــــی فه رمانڕه وای شا ئیسماعیلی سه فه وی ، بۆ نمونه کاتــــێ سه ردانی شاری خۆی ده کات یازده له میرخاسانی کورد به ره و پیریه وه ده چن و ئاشتی و چونه ژێرباڵ په ســـه ند ده که ن ، که چی یه کسه ر ده یانگرێت « به پێچه وانـه ی بۆچونی خۆیان » هه موویان له زیندان داوێ ، له شـــوێنی ئه واندا فارسی سه فه وی داده نێ ، له نێوان ئــه وانه دا فه رمانڕه وای « قه ڵای کیف » که هاوسه ری خوشکی شا بوو ، له گه ڵ میرخاسه کانی تر بۆ ماوه ی سی ساڵی خشت له زیندانی ته برێزدا مایه وه ، له ئه نجامی به زینی شــــــا ئیسماعیل له به رابه رسوڵتانی عوسمانلی سه لیمی یه که م

له جه نگی جاڵدیرانی به ناوبانگ دا ئه وانیش خۆیــــان قوتارده که ن ، ئه وه ش بووه هۆی ئه وه زۆربه ی میره کورده کان له پێشه وه ی گشتیان شێخ ئیدریسی به دلیسی ببنه لایه نگیری عوسمانییه کان ( ساڵی ١٥١٤ زایینی ) له و جه نگه دا ، کورده کان رۆڵێکی دیارکراویان هه بوو له به زاندنی سه فه ویه کان، ئه وه ش هه ر ئه وه ی به دواوه هات کوردستان ببیته پارویه کی چه ورو بکه وێته کۆشی عوسمانییه کان ، زانراویشه که کورده کان نــــــه چونه گۆڕه پانی جه نگ ، تاوه کو شێخ ئیدریسی به دلیســـی په یماننامه و به ڵگه نامه ی به ناوی سوڵتانه وه به میره کورده کان نه دا ، که بریتی بوو له و خاڵانه :

١- ئیماره ته کوردییه کان خاوه نی سه ربه خۆیی و ئازادی خۆیان ده بن . (بریتی بوو له چل و شه ش میرنشین ).

٢-کورده کان له گشت جه نگێکدا یارمه تی تورك بده ن .

٣ -تورکه کان یارمه تی کورد ده ده ن دژی ده ستدرێژی ده ره کی .

٤- کورده کان سه رانه و باجی براوه به خه زینه ی سوڵتان ده ده ن .

ئه م په یمانه له نێوان ئیماره ت وفه رمان ره وایه کوردییه کانی ژێرکێفی عوسمانلی له کوردستان و سوڵتان لـه ساڵی ١٥١٤ ی زایینی به سترا .

دوای پانزده ساڵ فه رمان ره وایی سوڵتان ئه و په یمانه ی شکاندو ده ستیکرده رامیاری له ناودانی ئیماره ته کــــان یه ك به دوای یه کدی تاساڵی ١٨٥٠ زایینی کۆتایـــــی به دواینیان هێنا ( بڕوانه کورته ی مێژووی کوردوکوردستان زانا موحه مه د ئه مین زه کی ، به رگی یه که م لاپه ڕه ١٧١ ). سه ره ڕای ئه وه ی کوردستان هه رگیز ژێر رکێفی هیچ داگیرکارێك نه بووه ، وه لێ شتاقیان ئـــــه وه ی عوسمانی یه کانیان له سه رده ستی ئیدریسی بـه دلیسی به سـه رکوردستانیانداهینا هیچ داگیرکارێك ئاوه های پـێنه کردووه ، ئه وبوه هۆی ئه وه ی کورد ژێرکێفبێ وبه ســـودو قازانجی داگیرکارله کاربێت ، پارچه پارچه بێ بۆ ده یــــان به رێوه به رایه تی و چی ئیماراتی هه یبو له ناودرێت .

د. زاهیرسۆران

# ڤایرۆسێکی نوێی تر دەبێتە هۆی نەخۆشی ئایدز

هەواڵنامەی کتێب

لە م ساڵانە ی دواییدا زانستی نۆژداری زۆر پێشکە وتن و سە رکە وتنی بە دە ستهێناوە ، ئە ویش بــە مە بە ستی خزمە تکردنی مرۆڤایە تی ، هاوکات توانراوە چە نـد نە خۆشیە کی تر دە ستنیشان بکرێ و واش لە توێـژاران بکات هە وڵی زێدە تر بدە ن بۆ روونکردنە وە و زانینی هۆ و چۆنیە تی بڵاوبونە وە و سە رچیگە یی و خۆپـاراستن و دۆزینە وە ی کوتان و چارە سە رکردن .

لە گە ڵ ئە وە شدا هە ندی نە خۆشی نوێ هە ن کـە زۆر نهێنیان هە یە تا ئێستا زانست پە یپێنە بردوە ، بۆ نمونە : هە وکردن بە جۆرە کانی نە خۆشی ڤایرۆسـی (HIV) و نە خۆشی ئایدز کە رۆژبە رۆژ لە زیادبوندایە و رۆژانـە ش هە زاران تووشبوی نوێ بە م ڤایرۆسانە یان بـە نە خۆشی ئایدز دە ستنیشان دە کرێ .

گیروگرفتی نە خۆشی ئایدز لە وە دایە کە مرۆڤ نـــازانێ هە ڵگری ڤایرۆسە کە یە و کە سانی تریش توش دە کات لە بە رئە وە ی تووشبو یا هە ڵگری ڤایرۆسە کە زۆرجار بۆ ماوە ی ( ٥ – ١٠ ) ساڵ هیچ نیشانە یە کی وای نییە کە شایە نی ئە وە بێت و بلێیت نە خۆشە ، زۆربـە ی زۆری تووشبوان تووشی قورگێشە و سە ریە شە وئازاری ماسولکە و هە ندێ نیشانە ی تری ئە نفلونزاییان تیادابە دی دە کرێ ، هە روە ها نە بونی کوتان دژ بە ڤایرۆسە کە و دە رمانێك کە بتوانی ڤایرۆسە کە بکوژێ چە ند گیروگرفتێکی تــری ڤایرۆسە کە و ئایدزە کە تا ئێستا نە توانراوە چارە یــە کی بۆ بدۆزرێتە وە هە رچە ندە هە وڵدان لە م بــــوارە دا بە ردە وامە و رۆژانە پرۆژە ی نوێ دە خرێتە کـــار و بە ملیۆنە ها دۆلاری بۆ تە رخان دە کرێ ، بە مە بـە ستی نە هێشتنی بڵاوبونە وە ی ڤایرۆسە کە یان راگرتنی .

ڤایرۆسی (HIV) یە کێکە لە و ڤایرۆسانە ی زۆربچوکە و

پێکهاتویه کی ئاڵۆزی هه یه وسه ربه خێزانی ڕێترڤایرۆس ـ ه له جۆری لێنتی ڤایرۆسه و تیره که ی نزیکه ی (١/١٠٠٠٠ ) ملیمه ترێکه و توانای ئه وه ی هه یه که شێوه ی پێکهاتوی ده ره وه ی خۆی بگۆڕێت . دروستبونی دژه ته ن دژی ڤایرۆسه که له خوێندا ئه وه ده گه ینێ که ڤایرۆسه که لــه له شدا هه یه و تووشبوش ده توانی که سانی دی تووشی ڤایرۆسه که بکات . چه ند ساڵێك له مه وبه ر ڤایرۆسه که سێ ناوی جیاوازی هه بوو (ARV , LAV, HTL3) تا ساڵی ( ١٩٨٦) ڕێکخراوی ته ندروستی جیهانی (WHO) بڕیاریدا ڤایرۆسه که تاکه ناوێکی جیهانی هه بێت و بـه و جۆره ش ناونرا (Human immunodeficiency Virus) که زیــاتر کورتکراوه که ی واته (HIV) به کارده هێندرێت .

هاوکات هه مان ساڵ له سێ وڵاتی جیاوازدا سێ ڤایرۆسی تر ده ستنیشانکرا که زێده تر خزمی ڤایرۆسی (SIV) بوون نه ك ڤایرۆسی (HIV) و پاشتر ڤایرۆسه که نــــاونرا به (HIV-2) دواتریش ڤایرۆسی جۆری نێجیریایی واتـــه (HIV -3) هاته گۆڕێ .

له هه شتاکاندا ئه و ڤایرۆسانه زیاترناسران که له قۆناخێکی پێشکه وتوی هه وکردنه که دا مرۆڤ تووشی نه خۆشی ئایدز ده که ن ، واته « نه خۆشی که م بونه وه و نه مانی به رگری له ش » . له ساڵی ١٩٨٨ دا و بۆیه که م جار بــاسی ڤایرۆسێکی نوێ کرا ، که هه تا ئیمساڵ مه ترسیه کی وای نه خستبوه دڵی خه ڵکییه وه ، ناوه ندی بڵاوی ئه م ڤایرۆسه نوێیه ش که به (HIV-0) ناسراوه خۆرئاوای ئه فه ریقایه. له ســه ره تای ساڵی ١٩٩٤ دا تاقیگه کانی فه ره نسا توانییان (١٠) تووشبوی نوێ بـــــه م جۆره ڤایرۆسه ده ستنیشان بکه ن که (٩) که سیان دانیشتوانی وڵاتــی ( گابۆن و کامیرۆن ) بوون .

ده سنیشانکردنی ڤایرۆسی (HIV-0) وای له فره نسایه کان کرد تا ده سته به رداری تێست - ئه زمون - ه کۆنــه کانی ده ستنیشانکردنی (HIV) بن و بۆ جیاکردنه وه ی ڤایرۆسی (HIV-0) به ڕئه زمونی تر به کاربهێنن . ترسی بڵاوی ئه م ڤایرۆسه نوێیه که مه به ڵام تا ئێستا چه نده ها پرسیاری بێ وه ڵام له به رده م توێژاراندا خۆی قووت کردۆته وه ، فه ره نسا بایه خێکی زۆری بــه م ڤایرۆسه نوێیه داوه له به رئه وه ی له نێو ده وڵه ته ئه ورووپاییه کاندا زۆرگه وره ترین گیروگرفتی هه یه بـــــه هۆی گواستنه وه ی جۆره کانی ڤایرۆسی (HIV) له ڕێــگه ی خوێنه وه ( هه ر له پیسبوونی خوێنی هه ڵگیراوه وه بــه ڤایرۆسی (HIV) تا فرۆشتنی خوێنیش به تونس کــــه هه میسان بووه هۆی ته نگوچه ڵه مه یه کی گه وره لــه نێوان ئه و دوو وڵاته دا ) به ڵام تا ئێسته زانستیانه نه سه لمێندراوه ئایا ئه م ڤایرۆسه نوێیه ش له ڕێگای خوێن بڵاوده بێته وه یانا ؟!

## به کورتی ئه م ڤایرۆسانه ی ناسراون و ده بنه هۆی نه خۆشی ئایدز

١) ڤایرۆسی (HIV-1) له زۆربه ی وڵاتانی جیهاندا بڵاوه.

٢) ڤایرۆسی (HIV-2) ناوه ندی بڵاوی خۆرئـــــــاوای ئه فه ریقایه ( گه یشتۆته ئه وروپا و ئه مه ریکا ).

٣) ڤایرۆسی (HIV-3) واته جۆری نێجیریا .

٤) ڤایرۆسی (HIV-0) تایبه ته به وڵاتانی گابــۆن و کامیرۆن « گه یشتۆته ئه وروپا ».

بۆ نه هێشتنی بڵاوبونه وه ی ئه م ڤایرۆسانه زۆر له وڵاته ئه وروپاییه کان بڕیاریان داوه که خوێن له بێگانـــه وه رنه گرن به تایبه تی خه ڵکی خۆرئاوای ئه فه ریقا . له وڵاتی فه ره نسا تا به رواری ١٩٩٤/٣/١ ژمــاره ی تووشبوان تۆمارکراو به ڤایرۆسی (HIV) گــه یشتبوه (١٥٠) هه زارو ڕۆژانه ش ( ١٥) ئایدزدار ده مرن ، له م سه رژمێره دا بۆمان ده رده که وێ کــه له نێو ده وڵه ته ئه وروپاییه کاندا ژماره ی توشبوان به ڤایرۆسی (HIV) له فه ره نسادا زۆرزیاتره له وڵاتانی تر ، ئه وه ی شایانی باسه له ١٩٩٤/٦/١ دا ڕێکخراوی ته ندروستی جیهانی له ڕاپۆرتێکدا پێشانیدا که ژماره ی ئایدزدارانی تۆمارکراو له جیهاندا گه یشتۆته (٤) ملیۆن نه خۆش و ژماره ی تووشبوان به ڤایرۆسی (HIV) له نێوان (٣٠-٣٥) ملیۆن دایه .

ئێمە ی کوردیش کە نە تە وە یە کی سی ملیۆنین و لە بـار و دۆخێکی ئاڵۆزو نالە باردا ژین دە کە ین و زیدە تر لـــە ملیۆنێك لە ئە وروپا و ئە مە ریکا دە ژین چە ند ملیۆنێکی تریش بندە ستی چە ند دە وڵە تێکی لـــــە خۆمان دواکە وتوترین و بە رە و رووی ئە م نە خۆشیە دە بینە وە ، زۆرپێویستە بە هە موولایە کمان هە وڵ و توانامان بخە ینە کار ( بە تایبە تی ) تـا نە خۆشیە کە نە گە ینینە باشوری کوردستان کە ئیمرۆکە بە شیکی ئازادە و نیمچە سە ربە ستە ، لە بە رئە وە ی ئە وە ندە گیروگرفتی تـــرمان هە یە بە هیچ جۆرێك پێویستیمان بە م جۆرە نە خۆشیە نییە کە لـە زۆربە ی وڵاتاندا بۆتە گیروگرفتێکی گە ورە ی ئابوری و کۆمە لایە تی ئاڵۆز و هاوکات بۆتە هۆیە کی سـە رە کی

مردن ، تاکە ریگە ش بۆ تووش نە بوون و نە هێشتنی بڵاوبونە وە ی ڤایرۆسە کە تیگە یشتنە لێی،کە ئە مە شیان پیرۆزترین ئە رکی سە رشانی لاوە خوێندە وار و رۆشنبیرە دڵسۆزە کانی نە تە وە کە مانە تا ببنە راوێـــــژکار و رێنیشاندە ری دانیشتوان لە پێناوی رێبە ندی بڵاوبونە وە ی ڤایرۆسە کە دا بە شێوە یە کی زانستیانە لە کوردستان و دە رە وە یدا.

تێبینی : ڤایرۆسی (SIV) بریتییە لـــە کورتکراوە ی **(Simian imunodeficiency Virus)**

ستۆکهۆڵم – سوێد

# ڕونکردنە وە یە ک دە ربارە ی چۆنیە تی ڕێنوسی کوردی لە گۆڤاری دلانپاردا

زمانـــــە وانـــــی

هەوالنامەی کتێب

هە موولایە ك دە زانین ، کە زمانی کوردی دووچاری گە لێك گیروگرفتی ئاستە نگە ، چ لە باری ڕێزمانە وە ، چ لـە باری ڕێنوسە وە ، یا لە رە وتی بە ستانداربوونی وشە و زاراوە وە . تاوە کو ئێستە بە رە و پێشە وە چونی زمانە کە مان پشـتی بە کۆششی تاکە کە سی بە ستوە پتر لـــە وە ی کۆششێکی ئە کادیمی و بە کۆمە ڵی بە خۆوە دیبێ، سە رجە م ئە وبارە ش پە یوە ندی بە ئاستی رامیاری گرفتی نیشتمانی کوردســـتانە وە یە ، ئە گە ر بە دوای هۆوهۆکار و وردە ی ئە وگیروگرفتە دابرۆین،کە ئە م ڕونکردنە وە یە تە رخانی **ئە م جۆرە** بابە تـە نە کراوە ، ئە وە کارە مان بە و چە ند رستە یە دوای نایە ت ، لە وزە ی چە ند کە سێك و تاکە گۆڤارێك دانییە . ئـــە م ئە رکە راپە ڕێنێت .

بە ڵام گە رێتو سە رنجێکیسە رێی لە رە وتی بـە رە وپێشە چوونی کزی جۆری ڕێنوس و ڕێزمانی کوردی بدە ین ، بـــۆ

نمونە : بە راوردێکی ڕێنوسی دە ستنوسە کۆنە کانی شاعیران ، لە گە ڵ ڕێنوسی یە کە م رۆژنامە ی کوردی «کوردستان » بکە ین ، یا خۆ ڕێنوسی کوردستان ، دە گە ڵ ئە و گۆڤار و رۆژنامانە بە راوردبکە ین کە بە دوای ئە وە وە ســـە ر یانهە ڵدا ، تە نیا گە رێتو بە راوردی « گـە لاوێژ » و بڵاوکراوە کانی شە ستە کانیش بکە ین ، جیاوازی زورمان لە جۆری ڕێنوسدا دە کە ونە بە رچاو، لە وە تە ی حـە فتا کانیشە وە ڕێنوسی کوردی هێندیك خێراتر پێهە ڵدە گرێ ، هە ڵبە تە دیارە کۆڕی زانیاری کورد لێرە دا رۆڵی دیارە و جیگە ی خۆی هە یە ( خوێنە ر ئاگاداربێ باس لـــە ڕێنوسی کوردی سۆرانی و ئە م شێوە نوسینە نە یە نە ك لاتینی ) . بە ڵام هێشتا زمانی کوردی بە هە موو شـــێوە کانییە وە نە بۆتە زمانیکی ستاندارد هە ڵبە تە ئە مە کە موکورپە کی بە رچاوە و ناکرێ ، بشاردرێتە وە .

شــــــێركۆ قه ره داغی
لــــــه نده ن

# هاڤپه ڤینه ك ده گه ڵ رۆژنامه نوسی كورد

# كامه ران قه ره داغی

**شێركۆ** : تكایه به كورتی له ژینامه و ژیانی رۆژنامه نوسیتان بدوێن ؟

**ك . قه ره داغی :**

له ساڵی ١٩٣٩ له به غدا له دایكبووم و خوێندنی ناوه ندیشم هه رله وێ ته واوكرد. دوای دووســاڵ خوێندن له كۆلێژی ماف «كلیه الحقوق » له ساڵی ١٩٦١ بۆ خوێندن رومكرده یه كێتی سۆڤییه ت ، ساڵی ١٩٧٦له وێ خوێندنم ته واوكرد، بروانامه ی ماسته رم له زمان و وێژه ی روسی وه ده ستهێنا.

له ساڵی ١٩٦٨ گه رامه وه عیراق تاوه كو ساڵی ١٩٧٤ له بواری ته رجمه و رۆژنامه گه ری كارمكرد، له ساڵی ١٩٧٣ به ته واوی خه ریكی كاركردن بووم له رۆژنامه ی «التاخی» له ئازاری ١٩٧٤ چومه ریزی بزوتنه وه ی چه كداری لــه به رێوه به رایه تی راگه یاندن « ئیعلام » بــه رپرســیاریم پێسپێردرا.

**شێركۆ** : چه نــد ســاڵه له رۆژنامه ی « الحیاة » كار ده كه یت ؟

**ك . قه ره داغی** : له ساڵی ١٩٧٥ گه رامه وه به غدا سه ر له نوێ له كاری رۆژانامه نوسی تێهه ڵچومه وه . لــه ١٩٨٠ گوازتمه وه به رتانیا ماوه یه ك له بواری چاپه مه نی عه ره بی كارم كرد پێش ئه وه ی لـه رۆژنامه ی «الحیاة » ده ستبه كاربم، رۆژنامه كه له تشرینی یه كه می ١٩٨٨ دا په یدابوه وه ، تاوه كو ئێسته وه ك په یامنێر و بنوس كاری تێداده كه م ، له رۆژی ئیمرۆماندا رۆژنامه ی « الحیاة » نزیكه ی سه دهه زاردانه ی له وڵاتانی عه ره بیدا بــڵاو ده بێته وه .

**شێركۆ** : وه ك رۆژنامه نوسیك تاوه كو ئێسته توانیوته سه ردانی چه ند وڵات بكه یت ؟

**ك . قه ره داغی** : سه فه ری زۆرم كردووه بۆبه سه ر گرتنه وه ی ده نگوباسی كۆنگره كانی ترۆپكی ئه مریكا – سۆڤییه ت و روداوه كانی ئه فغانستان «پێشكه وتنی رژێمی نه جیبوڵا » هه روها له رۆژانی راپه رینه كه ی رۆمانیا كه كۆتایی به رژێمی تشاوسیكۆ هێنا ،یه كێتی سۆڤیه ت، سوریا ، لوبنان ، وڵاته یه كگرتووه كانی ئه مریكا . لــه وه ته ی ئه یلولی ١٩٩٠ تاوه كو ئێسته ده جار سه ردانی توركیــام كردووه له ده ستپێكی هێرشاسمان بۆ سه ر عیراق من لــه

سه ر سنوربووم .

**شێرکۆ :** تاوه کو ئێسته چ کتێبت نوسیوون ؟

**ک . قه ره داغی :** فراژیبوون له تورکیا و عیراقدا لـــه بواری چالاکی رۆژنامه نوسیمدا کاریگه رن ، ساڵێکه ده ستم داوه ته بایه خدانێکی ئه کادیمی گرفتی کورد، له چـه ندین کۆڕ وکۆنگره ی نێو ده وڵه تان که تایبه ت به وگرفته بـوون به شداریم کردووه ، لێکۆڵینه وه یه کم ده ربـــــاره ی بزووتنه وه ی کورد له عیراق له نێوان ١٩٧٥ - ١٩٩٠ به زمانی ئینگلیزی له ساڵی ١٩٩٣ له وڵاته یـــه کگرتووه کاندا بڵاوکرایه وه . ئێسته ش له گه ڵ تۆژه ری ئه مریکی « خاتولوری میلروی » به یه که وه له کتێبێك که ده رباره ی فراژیبوونه له کوردستانی عیراق دا کارده که ین .

**شێرکۆ :** هۆی چییه زمانی عه ربیتان به سه ر زمـانی کوردیدا زاڵـــه ؟

**ک .قه ره داغی :** به زمانی عه ره بی له کوردی باشتر ده ئاخاڤم ، له به ر ئه وه ی له شاره عه ره بنیشینه کانـی عیراقدا پتر ژیاوم . براده ریکم « ئه ژی عه بدوڵاگۆران » که رِه تێك هه وڵیدا زمانی کوردیم چێترکات به لام سـه ر نه که وت ، چونکێ خۆم قوتابیه کی کۆششکار نه بووم !

**شێرکۆ :** ده بێ په یوه ندیتان له گه ڵ رۆژنامه نوسانی جیهان له چی دابێ ؟

**ک .قه ره داغی :** هۆکاری پیشه و بوونم له له نده ن و گه شتوگه راِنم به وڵاتاندا ئاشنای زۆر له رۆژنامه نوسـانی بیانی کردووم ، له نیویاندا ژماره کی زۆر هه ن که شانازی به دۆستایه تیانه وه ده که م .

**شێرکۆ :** ئێوه وه ك رۆژنامه نوسێك ناسراون ، وه لێ بـۆچ هه ندێك ئێوه سه ر به یه کێتی نیشـتمانی کوردستان » ده ناسن ؟

**ک . قه ره داغی :** ئه ز سه ر به چ پارتێکی رامیاری نیم . ناشزانم بۆچ هه ندێك باوه ریان وایه که من لـه گه ڵ یه کێتی نیشتمانی کوردستانی دام . شانازیش ده که م بـه و په یوه ندیه تایبه تیانه ی به زۆر له سه رکرده و ئه ندامانی پارته کانی کورده وه هه مه .

**شێرکۆ :** کاك کامه ران بابێنه سه رباشوری کوردستان ، ئه وئه زمونه نوێیه ی له کوردستان سه ریهه ڵدا بۆچ نه یانتوانی پراکتیکی دیمکراتییه ت بکه ن ، سـه ر ئه نجام جه نگی کوردبه کوردکوشتن سه ریهه ڵدا، ئێـــوه هۆیـه کانی بۆ چی ده گێرِنه وه ؟

**ک . قه ره داغی :** هۆسه ره کی جه نگی خۆبه خۆی کورد، به رای من ئه مه یه : که هه ردوو پارتی سه ره کی ، یه کێتی نیشتمانی کوردستان و پـــارتی دیمکراتـــی یه کگرتوی کوردستان ، ده سه لاتی خۆیان نه دا بـــه و حکومه ته ی له ئه نجامی هه ڵبژاردنه که هاته کایه وه ، ئه مه ش له هێشـــتنه وه ی بـــه لاوازی ئه و حکومه ته کاریگه ربوو ، له کاتێـــکدا ده سه لاتی راسته قینه هه ربه ده ست هه ردوو پارت و چه کداره کانیان مایه وه! ئه مه نه هاته دی چونکێ سه رکرده ی هه ردوو پـارت ، کاك مه سعودبارزانی و مام جه لال تاڵه بانی ئـــه و ده سه لاته ی که گه ل پێیسپاردن به کاریان نه هێنا بـۆ ناچارکردنی هه ردووپارت به گواستنه وه ی ده سه لاتی راسته قینه بۆ حکومه ته که ، به لکو نـه وه یان بـه چێتر زانی ده سه لاته که له سه ربنچینه ی نیواونیو به شکه ن ، که له سایه دا زۆرانی و دژکاریه کی دژوار که وته نێوان هه ردوو پارت و له کۆتایدا بوه هۆی کوشتارولێکدان .

باوه رِم وایه هۆیه کی دیش هه یه ئه ویشیان ته نگاسـۆی سه رکردایه تییه تی کورده، که نه یلوا له هۆکاری ده رکـی تێبگات . ئه وه ش له وه راِدیاره که نه یان توانی له بـه را به ر هێزه ناوچه ییه کان هه ڵوێستیان یه کبخه ن .

به داخه وه ئه م سه رکرایه تیانه له ئه زمونه کانی رابردوو به رخودارنه بوون له بری بیرکردنه وه به هۆشـــوگۆشـــی به رژوه ندی گشتی کورد، وایان زانی توانای ئـــه وه یان هه یـه په یوه ندیه کانیان به وهێزانه وه له پێناو بـه هێز کردنی جێپێی ئه م یائه وپارت له سه رحیسابی ئه وه یـدی به هێزتربکه ن . ئه م ئاکاره ره نگدانه وه ی که موکـوری ده رککردنی ئه وسه رکردایه تیانه یه له په یبردن به وه ی که هێزه ناوچه ییه کان له گشتیان پنه پیتۆڵ ترن ، هیـــچ

جیگرێکی تریان نییه له وه به ولاوه له به رامبه ر مامه لـه کردنی ئه و هێزانه ، هه ڵویستیان یه کبخه ن .

**شێرکۆ :** ئایا ئیوه له و باوه ڕه دان ئه و شـــه ڕانه به یه کجاری کۆتاییان بیت و ببڕای ببـــڕای جارێکی تر به هیچشیوه یه ك سه رهه ڵنه ده نه وه ؟

**ک . قه ره داغی :** کۆتاییهێنان به و جه نگه ته نیا لـه بارێکدا ده لوێ که سه رکرایه تی هه ردووپارت، به تایبه تی هه ردووسه رکرده توانیستی رامیاری به هێزیان بکه ویته گـــه ڕ بۆ زاڵکردنی به رژه وه ندی گشـتی به سـه ر به رژه وه ندی ته سکی پارتایه تی ، ئه وه ده رك بکه ن کـه به رده وامبوون له وزۆرانییه ی ئیٚسته یان بێسیوده ڕ ده بێته هۆی له بارچواندنی هه لێکی مێژویی ده گمه ن که لـــه بواریدا کورده کان له عیراقدا به شێکی زۆری ئـــامانجه نه ته وایه تییه کانیان وه ده ستدێنن . باوه ڕم وایه کاته کـه ناسکه و که مخایه نه پێویسته ده ستوبردکه ن لـــــه ئاشتبوونه وه و په له بکرێت له چێترکردن و گونجاندن ، تـا له کیس نه چووه به هۆش خۆبێنه وه .

**شێرکۆ :** به ڕای ئیوه ئه و جه نگه کاردانه وه ی له سـه ر رای نێوده وڵه تان چیبوو ؟

**ک . قه ره داغی :** هه ڤـــدوکوشتنی ئـــه م دواییه کاریگه ریه کی تابلێی نه ری له نێو ناوه ندییه ده وه ڵه تییه کان به ریاکرد . کوردۆستان توشی به ر ته کێکی به هێزبوون و هه ست به بێهیوای ده که ن ، ئه نجامی خه مناك ئه وه یه کـــــه کوردۆســـــتان تا راده یه کی زۆر باوه ڕیان به سه رکردایه تی کورد نه ما .

**شێرکۆ :** بۆ پیرۆزکردنی دیمکراتییه ت و گه ڕانه وه بـۆ په رله مان، ئیوه چ چاره سه رێك ره چاوده که ن ؟

**ک . قه ره داغی :** به کورتی و کوردی ده توانرێ له و خاڵانه وه ده ستپێبکرێت : ا- گواستنه وه ی ده ســه ڵاتی پارته کان بۆ په رله مان وده وڵه ت .ب-هه ڵوه شاندنه وه ی هێزی چه کدار « میلیشا ». ج - یه کخستنی نوێنه رایه تی ده ره کی . د- کۆتاییهێنان بـــه جووت ده سه ڵاتی . هـ - بنه مای جڤاتی « ئیئتلافی» جێی نیواونیو بگرێته وه.

**شێرکۆ :** کاك کامه ران لـــه دوای یه که م جه نگی جیهانی کورد خه ریك بوو ببێته ده وڵه ت و نه بویه،له دوای دووه م جه نگی جیهانی کۆماری دیمکراتی کوردســتان به سه ره کایه تی شه هید قــازی موحه مه د سه ریهه ڵدا و له باربردرا ، دوای روخانـــــی بلۆکی سۆسیالیسی و دامرکانه وه ی جه نگیسارد ئه م ئه زموونـه نوێیه سه ریهه ڵدا ، پێشبینی ئه وه ناکه ن ئه مجاره ش مێژو خۆی دووبـــاره بکاته وه و ببینه قوربانی ئـــه م گۆڕانکاریه جیهانییه نوێیه ؟

**ک . قه ره داغی :** هیوام وایه مێژو خۆ دووبـــاره نه کاته وه، هانده ری ئه م هیوایه م ئه وه یه که بارودۆخی جیهانی ته واو جیاوازه له وه ی له ژێرسایه ی جه نگیسارد له ئارادابوو .

**شێرکۆ :** ئایا پێشبینیتان چییه بۆ پاشه رۆژی باشـوری کوردستان ؟

**ک . قه ره داغی :** به کورتی باوه ڕم وایه هه رچییه ك روبدا ، ناکرێ بوونی عیراق له سه ر ئه و بنچینه یه ی لـه سه ری دروستکرا بمینێ و به رده وامبێ ، که ئـــه وه یش ئه مه یه : بوونی چه قێکی به هێزی که مایه تی سونی عه ره ب له ناوه ڕاستدا ، ئـــه رکی پارێزگاری کردنی لکاندنی به زۆره ، به ژێر رکێفکردنی خوارووی شـیعی و باکوری کوردی . هیچ چاره سه رێك نییه یـا فیدراڵییه ت یاخۆ له باریه کده رهێنان « ترازاندن، هه ڵوه شاندنه وه» .

**شێرکۆ :** ده بابێینه سه ر باکوری کوردستان ، من لێـره له له نده ن له کۆڕێکی ئیوه دا ئاماده بووم ، تازه تـۆرگت ئۆزاڵ مردبوو ، ئیوه پێشبینی ئه وه تان کردکه دوای ئـۆزاڵ باری کوردستان خه راپترده بێت ، ده ی باشه ئه م جـاره دوای زیندانیکردنی ئه ندامه کورده کانی په رلـه مانی تورکیاو په ناهێنانی هێندیکیان بۆ ئه ورویا ، ئیدی ئیوه دوارۆژی باکوری کوردستان چۆن ده بینن .

**ک . قه ره داغی :** مردنی سه ره کی تورکی تـۆرگت ئۆزاڵ بۆ کورده کانی تورکیا بگره هی عیراقیش کاره سـات بوو، به ڵام ئیٚسته ش هه رله سه ر ئه وباوه ڕه م که دۆخی

کورده کانی تورکیا بەوبه کرانه وه یه کی چۆنییه تی تێـدا رووده دا پێش پارچه کا نی تری کوردستان ، ئـه وه ده لێم له گه ڵ ئه وهه موو شکستییانه ی به سه ر تورکیادا هـاتن دوا به دوای کوده تای واڵابوون ئه وگۆڕانکاریه پرتـه وژمه ی ئۆزاڵ دایهێنا .

وه ها ده رده که وێ قرمی به زانستی بوونی تورکیا بـه ره و دیمکراتییه ت و سه ربه شارستانییه تی به ئه ورویی بـوون و ده ستبه ردان له لایه نه تاریکه کانی که مالییه ت کـه کۆمه ڵگه ی تورکی به رابردوو به ستۆته وه و پابه نـدی ترسێکی نا رەو وای کردووه بـه رامبه ر هاوژینی چه نـد نه ته وه یه ك ، خێراتر سـه ردە که وێ له وه ی به بیری هێندێ که سدادێ . با ئه وه بێنینه وه یاد کـه دامووده زگای تورکی به هیچ شێوه یه ك دانی به بـوونی کورد دا نه دینا هه تاسه ره تای ساڵی ١٩٩٠ ، بـــه ڵام ئێستە هه تا بیری بوونی ده وڵه تێکی کوردی لـــــه رۆژنامه کانی تورکیادا به ئاشکرا به ردانوستاندنه .

**شێرکۆ :** به رای ئێوه پ .ک .ک ده توانی لـــه گه ڵ سیسته می نوێی جیهاندا خۆ بگونجێنێ ؟

**ک . قه ره داغی :** رام به رابه ر به پارتیا کـارکه رێن کوردستان زۆرخراپه . وایتێده گه م که رامیاری ئه و زیانـی گه وره به بزوتنه وه ی کورد ده گه یێنێ ، ئـــاکاری تۆقاندن به گشتی ناوده نگی کورد له که دار ده کات .

**شێرکۆ :** که سایه تی عه بدوڵائۆجلان خۆی چ رۆڵێکی له شۆڕشی پ .ک .ک دا هه یه ، ئایا نه مانی ئه و نابێته نه مانی شۆڕشه که ؟

**ک . قه ه داغی :** کاك عه بدوڵا ئۆجلان ســه رکرده ی پارته که نمونه یه کی پێرۆبیری ستالینییه که کاتی به سه ر چووه . له یادمه مام جه لال له باره ی ئه و لـه گفتوگۆیه کدا له گه ڵ رۆژنامه ی « الحیاة » له هاوینی ١٩٩٢ وتبـــوی ئه و سه ربه « سه رده می جه نگی کۆریایه» من لـــه و هه ڵسه نگاندنه دا ته واو له گه ڵی دام .

**شێرکۆ :** باشه گه ر ئه و شێوه خه باته ی پ .ک .ک بـه راست نازانن ، ئه دی چ شێوه خه باتیکی دی بـه دروست ده زانن ؟

**ک . قه ره داغی :** رۆژی خۆیه تی نیمرۆ بیرمه نـدان و رۆشنبیرانی کوردی روناکبین له تورکیا خۆ ترسشکێن که ن و ده ستپێشکاربن له هێنانه گۆرێی پرۆژه یه کی دیمکراتـی هاوچاخ که بزوتنه وه ی کورد له و کۆت و بــه ندانه ی گیروده ی رابردوویان کردووه ئازادبکات . به رای من هه ر ئه وه شه شێوازی دروست بۆ هێنانه کایه وه ی جێگره وه ی پارتیاکارکه رین کوردستان .

**شێرکۆ :** ئایا ئیمرۆ هیچ هه ولێك هه یه له پێنـاو یه کگرتنه وه ی پارچه کانی کوردستان بدرێت ، نه کرێت ؟

**ک . قه ره داغی :** له یه کدی نیزیك کردنـــه وه ی پارچه کانی کوردستان کارێکی ئه سته مه ، هێنانـه دیشی پێویستی به مه رجی خۆییه که هێشتا نه خــه ملیون ، په یوه ندی به باری جیۆپۆله تیکی ناوچه که و جیهانــه وه نییه . یه ك له و مه رجانه بوونی نزمه ئاستی گونجانه لـه نێوان کۆمه ڵگه کانی کورده واری لێکترازاوی به شه کانی کوردستان ، ئه وه ئه رکێکی مێژوییه سه رکردایه تییه ك له جۆرێکی نوێی خاوه ن تێڕوانینێکی ستراتیژی ده توانی بیهێنێته دی که توانیستی له به ربێ بیێ به تـه وه ریکی سه رنجکێشه ری ئه و کۆمه ڵگانه ، باوه ڕم وایه ئــه م ئامانجه هێشتا دووره ده سته .

**شێرکۆ :** له کۆتایدا . . . . ئایا پرسیارێك هه یه که من ئاراسته م نه کردبن و نێوه ئاره زوودە کـه ن لێوه ی بدوێن ؟

**ک . قه ره داغی :** نـــه خێر !!

**تـــکا له نوسه رانی به رێز ده که ین**

له به ر نه وه ی خه ریکی گۆڕانکاری نوێن له شێوه ی هونـه ری دلانپار وگۆڕینی به فۆرمێکی رێکوپێك تر له گه ڵ ئه ووده قانه ی بۆبلاوکردنه وه ی ده نێرن، وێنه یه کی فۆتۆگرافی خۆیان ، کورته ژیانامه « بیبلۆگرافیا »، هه روه ها گه ر هه بێت وێنه ی گونجاو که هاوبابه تی نوسینه کانیانه بۆمان ره وان بکه ن . **سوپاس**

به رسیڤی : هه یاسی خاس

# هه یاسه له ئه ورستان چباسه ؟

ته سبیحه که ی خراندوو ، فه رمووی :
- به م زوانه . . . هێنده ی نه ماوه گرفتی هاووڵاتیانـــی کوردستانیش چاره سه ر ده کرێت !!
براده ران به سه رسامییه وه له هه یاسیان ده نۆڕی !
- بۆچی وا ده متان به شکردوته وه ، واقتان ورماوه ؟
کوردستان خاوه نی ئه م هه موو ڕۆڵه دلێر و ژێر وقاره مانه بی ئیدی چۆن به م زوانه هه ر زور زوو به ئامانج و ئاواتـی خۆی ناگات ؟
- هه یاس لێم مه گره ئه گه ر بڵێم هێندێ جار قسه ی وا ده که یت ئه گه ر یه کێ نه ت ناســـی یه کسه ر داوای ئه مبولاس ده کات و ره وانه ی شێتخانه ت ده کات !
براده رێکی تر ووتی :
- جا ئه تۆبی خوا دانه یه ك له و ڕۆڵه قاره مان و دلێر و دڵسۆزانه مان پیشان ناده ی تا ئێمه ش چاوی لێبکه ین ؟
یه کی تر سه ر په رگی کۆڕی گرتبوو، ووتی :
- مشت نمونه ی خراره . . . . !!
ئه وه ی تر له و سه ر بۆی قۆزته وه :
- خودێ راسته خۆ پێشینیان له خۆڕا ئه م په نده یان نه وتوه!

- بابی بابم چزۆره نمونه زۆره زه مانه وای لێهاتـووه و نمونه کان تارا ده یه کی وا دیارو به رچاون مرۆڤ کوێریش بێ ده یان بینێ ، هه ر دوو نه ڕۆین کاك . . . .
براده ران تیکرا ووتیان :
- شششش . . . ناوی مه هێنه ، ئه وه نده به سه نمونه که خۆی باسبکرێت تایبێته نمونه ی بێهاوتاو باڵا و تـه واوی هاووڵاتیان شون رێبازوخه بات و زیره کی وژیری و لێهاتـوی ئه و ره نجه بێئامانه بکه ون که کاك . . . .
- شششش . . . . ناوی مه هێنن ! ( هه یاس بـــوو قسه که ی پێبڕین ) . منیش له و باسه مه به ستم هـه ر ئه وه یه که ئێوه ی براده ران به رچاوی خۆتـــان ببینن و فێربن و له مانای خه بات بگه ن و ته کتیك فێربن ! جا کاك . . . براده ران تیکرا ووتیان :
-شششش . . ناو نا نمونه که خۆی مه به سته نه ك نـاو!!
- به ڵێ . . . . ئه و دلێرو قاره مان و خه باتگێڕ ، ئه م ڕۆڵه نه به رد و چاونه ترس و ڕۆشنبیرو پێشکه وتوخوازو به رگریکه ره له مافی هه ژران و چه وساوان و بـــــگره شه هیدانیش به ڕێز کاك . . . .

– شششش . . . . !!

براده رێك هه ڵی دایه :

– هه یاس تۆ به راسته یاگاڵته ده که ی وا خه ریکه ئاگات له خۆت نامێنیٚ و ده ڵێی له گۆڕه پانێکی زۆرگه وره ی پڕ له جه ماوه ر ووتارده خوێنیته وه !

– جا بۆچی نا کاکی خۆم ئه گه ر تۆش وه ك من ئاگاداری سه رگوزشته ی کاك . . . . .

– شششش ..!! هه رچه نده براده ران قسه یان به هه یاس بڕی ، ئه وگوێپێنه دان له سه ر ووتاره که ی به رده وام بوو!

– به ڵێ کاك شششش ئه و رۆڵه قاره مانه ی بـه هێنده ی ته مه نی شۆڕش و پێشمه رگه ریگه ی بۆ دووره وڵاتی بڕیوه پایته ختی جیهان نه ما نه یکات و فرۆکه خانه نه ما سه ری پێدا نه کات و شه قی پۆلیسی بێگانه ی تێدا تاقینه کاته وه ئا ئه م رۆڵه ژیرو به توانا و بلیمه ت و بێهاوتایه له ماوه ی چه ند رۆژی رابردوودا کارێکی کردوه مه گه ر هه رڵه وزه ی پێغه مبه راندابیٚ کاری سه مه ره ی وا ئه نجامبده ن ، ئه وه هه رله توانای عیسادابووه مرۆڤ زیندووکاته وه !! ئه ویش به یارمه تی هێزی خوایی ته نیا به یارمه تی خواتوانیویه تی مرۆڤی مردو زیندوکاته وه ، به ڵام کاك . . . . .

– شششش . . . !! هه یاس گوێی به براده ران نـــه دا و به رده وام بوو :

– ئه وه شی تێپه راند، به ڵێ ئه و توانی مرۆڤ بمرێنێت و زیندووشی کاته وه !!

براده ران به یه ك ده نگ دایانه قاقای پێکه نین ، ووتیان :

– هه رئاوا به هاسانی ، تـۆ لای خۆت باوه ڕت به زانست و به ڵگه و پێشکه وتن هه یه ، چۆن لـه وکۆتایی سه ده ی بیسته مه به قسه ی بێسه روپای وا باوه ڕده که یت ؟

– جاریٚ ئه م کاره هه ر وا به هاسانی نه بوه به لکو ئـــه م ده ستکه وته پڕله نه هێنی و کاره مه یی و ســه مه ره نزیکه ی سیٚ مانگی خایاندووه !!

– ئه ی باشه ده بیٚ چه ندی پاره تێچوبیٚ ؟

– راستی ئه وه تاوه کو ئێسه نه هێنیه ، به ڵام به رای من له به رئه وه ی کاره که له ریزی سه مه ره کانه – موعجیزه- هیچی تێنه چوه به خۆڕایی کراوه ، مه به ست ئـــه وه یه ناونه براو که ئه م کاره بێهاوتایه ی ئه نجامداوه ده ستی به باخه ڵی خۆیدا نه کردووه یه ك پولی چیبه تێیدا خه رج نه کرددوه !!

کۆڕی براده ران خه ریك بو به ره به ره له ژێر کاریـگه ری وتاردانی هه یاس و ئه و جوشوخرۆشه باوه ڕیان ده گۆڕا ده هاتنه سه رئه وه ی باوه ڕ به قسه کانی بێنن ، بۆیـــه هه یاس به رده وام بو فه رمووی :

– وه نه بیٚ کاری زیندوکردنه وه و مراندن کارێکی هێنده قورس بیٚ ، ئه وه نده به سه ئێوه ی لاو ئێوه ی پیاوانی دوارۆژ، ئێوه ی ده ربه دره ر و دوره وڵات، ئێوه ی پـــــر چه کی زانستی و تاقیکردنه وه ی بێژمار گوێڕاگرن و په له نه که ن و له ئه زمونه کان شت فێربن !!

کۆڕی براده ران ئه وجا هه ربه راستی هه ست و هۆشیان دا به وتاره به نرخه که ی هه یاس ، ئه ویش به سوربوونه وه له پێناو سه لماندنی قسه کانی به رده وامبوو :

– به ر له وه ی ناونه براو له یه ك له وڵاتانی ئه وروپادا بگیرسێته وه ، هێشتا هه رله ئاسمان دا ده بیٚ له به رزایی حه وسه دمه تر له سه ر رووی ده ریاوه که خودای گـه وره سروشی پێده دات ، هه ڵبه ته ئه مه دوای گۆڕینـه وه ی چه ند نامه یه ك له گه ڵ یاوه رانی وله ئه نجامی چه ندین ته له فونی پڕله ئامۆژگاری ده رباره ی ئــه م په یوه ندییه نه هێنیه ، هه ر پێی ده گاته وه سه رخاك ئیدی ده ست به کارده بیٚ ، بۆ ئه وه ی شتێکی وا بکات پۆلیس گومانی لێنه کات ونه هێنی ئه وسه مه ره یه ئاشکرا نه بیٚ ، هه ر له یه که م پرسیارکه ئاراسته ی ده کرێت وه ڵامێکی وا ده داته وه په رده یه کی ئه ستوری نه هێنی بخاته ســه ر مه به ست و ئه وکاره پڕله نه هێنییه ی له پێناوگه ل وڵات بڕیاری ئه نجامدانی داوه !

براده رێك پرسی :

– باشه ده بیٚ ئه و یه که م پرسیاره گرنگه چی بووبیٚ ؟

– بێگومان هه مووتان ده زانن یه که م پرسیاری گرنـگ که ئاراسته ی په نابه ران ده کرێت ئه وه یه « وه ت ئیز

یورِ نێم » یانی ناوت چییه ؟

ناونه براو یه کسه ر وه ڵام ده ده داته وه ( شششش کوڕی شه هید شششش !!!) ناو نه براو نه هێنی کاره کـه وادادە پۆشی، ده فه رمووی که ته نی دایکه پیره په ککه وته کـه ی ماوه و باوکی خوا لێخۆشبووی به ده ستی رژێمی داگیرکار دوای زیندان و ئه شکنجه یه کی بێهاوتابه فرمانی خوێنخۆرو دکتاتۆرملهوڕی پایته خته ت هه ڵواسراوه ، راستی وه ك بۆ گاڵته پێکردن و رابوردنی نێوخۆی هاوڕێیانی شۆڕشگێڕی وه ك خۆی باسی کردووه ئه و ژنه پۆلیسه غه شیم و هه رزه کاره ی هێنابوه گریان ! بۆیه بڕیاریان دابوو به زوترین کات دایکی خه فه تبارو ته نیاو خاوه ن هاوسه ری شه هیدی به زووترین کات بگه یننه لای ، ئه م کاره مانگونیوێکی پێـــده چێ و دایکی ده گاته لای هه ردوای گه یشتنی دایکی به چه ند کاژمێرێك ئاهه نگێکی خۆش رێکده خاو بـــــراده رانی شۆڕشگێڕو قاره مان داوه ت ده کات له ته ك ئه وانیشدا چه ند فه رمانبه رێکی به رێوه برایه تی په نـــابه رانیش داوه تی ئه و خواردنه خۆش وبه له زه ته ی وڵاتی داگیرکراو و ژێرده سته ی چوار ده وڵه تی دکتاتۆرودرنده بانگ ده کات ، به رله وه ی که س ده ست بۆ که وچك و چه تاڵ ببـــات داوا له کۆنه هاوڕێیه کی زمانزان ده کات کـــه به بۆنه ی گه یشتنی دایکی به رێز و هێژاکورته وتارێکی هه یـــه یارمه تی بدات و بۆ ی ته رجمه بکات . . . .

براده ران تێکرا ووتیان چیرۆکێکی پرله سه یروسه مه ره یه !

ناونه براو له ووتاره که یدا ده فه رمووێ :

– به بۆنه ی گه یشتنی دایکی خۆشه ویست و ئه و هه واڵه خۆشه ی که له گه ڵ خۆی هێناوه به خێر هاتنێکی گه رمتـان ده که م ، راستی شادبوونه وه م به دایکی هێژام هـــــه ر ئه ونده ی دڵخۆشکردم که له هه واڵی ئازادبوونی بـــاوکم خۆشی پێبه خشیم . . . . خه ڵکه که ده که ونه چرپه چرپ و به سه رسامییه وه دڵشادی خۆیان ده رده برن، فه رمانبه رانی به رێوه به رایه تی به سه رسامییه وه ده پرسن :

– خه به رێکی خۆش ! تکاده که ین له به رئه وه ی ئـــه م جۆره روداوه لای ئێمه زۆرنامۆیه تکایه پتربۆمانی رروونکه وه!

– ناونه براو به رده وامده بێ و ده فـه رموێ ؛ دوای راپه ڕینی گه لی ژێرده سته و چه وساوه ی کوردستان ، لـه کاتێکدا راپه ڕیوان هێرش ده که نه ســـــه ر گرتوخانه ی گه وره ی شار له یه کی له ژووره تنوتاریکه کانی زینـدان له قوژبنێك له ژورێکی زۆربچوك ده رگا به هێنده ی . . .

په نجه ره یه ك زیندانییه ك ئازاد ده که ن دوای ئه وه ی به هۆش خۆی دێته وه ده زانن ئه وه باوکی قـــاره مان و خه باتگێڕی منه هاوسه ری دایکی خۆشه ویستم . . . بۆیه به په له هه واڵ ده گه یێنه دایکم و به و شێوه یه بـــه یه کدی شاد ده بنه وه ، به ڵام له به ر ئه وه ی دایـــکم هه رئه و رۆژه ده بوایه به رێگه ی قاچاغ بگاته وڵاتێـکی دراوسێ وڤیزه که ی وه رگرێ،به ره ولای من بکه وێته رێ بۆیه ته نیا چه ند کاتژمێرێك نه بێ نه یانتوانی بو بـــه یه که وه بن ، جا من و دایکم هیواداریـن لـه ماوه یه کی که مدا به یارمه تی ئێوه ی خۆشه ویست به باوکی ئازیز و قاره مان و شۆڕشگێڕمان شادبینه وه !! ئیتر هێـــــنده ی پێنه چوو شه هیدی گه ل و وڵات باوکی کاك ناونه بـراو گه یشت !!

به مشێوه یه دوای کارێکی نه هێنی ، نزیکه ی سێ مانگ ده خایه نی هاووڵاتی قاره مان و ژیرو لێهاتووکاك . . .

– شششش . . . !! هه یاس به بێ ئه وه ی قسه کانی ببڕێ به رده وامبوو :

– به سه رگشت ته نگ و چه ڵه مه یه ك دا زاڵ بوو توانی زیندو و بمرێنێ ، مردوو زیندوکاته وه ، به راســتی ئه مه کارێکه هه تا ئێسته نه زانست پێگه یشتووه و نـه که س به چاوی خۆی دیویه تی ته نێ له و چیرۆکانـه بیستراوه که نوسراوه ئاسمانییه کان ده یانگێڕنـــه وه ، کارێـکه مه گه ر هه ر به خوا بکرێت !!

کۆڕی براده ران تا ئه و چرکه به سه رسامی گوێیان گرتبوو هه تا یه ك له وان هاته قسه و هۆشیاری کردنه وه ،کاتی به توره ییه وه ووتی :

– توخودا هه یاس تۆ خۆت شێتی یا ئێمه به شێت ده زانی؟ . . . کاژمێرێکی ته واوه وا مێشکی سه رت بردین . .

- قاره مانی لێهاتووی واو نه به ردی واو ژیرو لێهاتوو و بلیمه ت . . . . به شان و باڵای كه سێك دا هه ڵده ڵێی هه ر بۆ ئه وه باشه رووی ره شبكرێت . . . .

براده رێكی تر هه ر زۆر به تورڕ ییه وه ووتی :

- جا هه یاس توخودا ئه و ساخته چیه تیه و كه ربـازارییه چ په یوه ندی به نیشتمانپه روه ری و به رگری كردن لـــه مافی چه وساوان و مردن و زیندووبونه وه هه یه . . . لای خۆت تۆ ژیری ! جا توخوا ئه وه نمونه یه تۆ ده ته وێ ئێمه بیـــكه ین به پێشره و دوایكه وین . . . به خودای بابه ته واومانكرد!

براده رێكی تر كه زۆر به توره یی و به ئاخ و داخه وه لـــه هه یاسی ده نۆڕی ووتی :

- چۆن مرۆڤ كاری واده كات له وه ش نه نگ ترتۆچۆن ئاوا ده رویشانه به شان و باڵی كه سێك دا هه ڵده ڵێی كه هـــه ر به راست كارێكی كردووه نه ك سه مه ره به لكو خیانه ت و ناپاكییه به رابه ر به خوێنی شه هیدان . . . !

هه یاس به توره یی هه ڵسایه وه ، ته سـبیحه كه ی خـڕ كرده وه و هه تا هێزی هه بوو مستێكی به مێزه كه داكێشاو هاواریكرد:

- ده ئه گه ر له گشت جیهان هاوولاتیه كی دڵسۆزو پاك و ژیرو قاره مان هه بێ ئه وه هه ر كاك شششششه !!

- براده رێك هه ڵسایه وه بۆی به په نجه راوه شـــــاندن هه ڕه شه ی لێكردوو ووتی :

- قه سه م به و خودایه ی هه یاس شێت بووی ، ده نـــــا ده بوایه بلێی تاكه زۆڵ و ناپاك هه بێ و له و جیهانه ئـه وه كاك نا شششششه !!

- نه خێر !! هه یاس به سه ری دانه ڕاند :

- تاكه كه سێك به وه فا بێ و دڵسۆزبه خوێنی شه هیدان بێ به تایبه تی شه هیدانی چینی چه وساوه ئه وه هه ر خۆیه تی چونكێ ئیسپاتی كردووه كه شه هیدان هه رگیز نـــامرن ، سه لماندوویه تی كه شه هیدان هه رده م زینـــــدوون و وا په نابه رن موچه ی بێكاریش وه رده گرن !!

كۆڕی براده ران تێگه یشتن مه به ستی هه یاس له هـه راو هۆریایه چییه ، تێكڕا وتیان :



- خاره هه یاس كاك شششه !!!!

خاره هه یاس قسه كه ی پێبـرپن فه رمووی :

- تو سه ری هه یاسی خارتان گه ر ناوی بهێنن . . . . . .

گه ر هه ر سووریشن ناوی به رن

نوقته كانی لـــــێ لا بــــه رن !

---

رونكردنه وه یه ك . . . .

لێره دا ( رووم كرده ) له مانادا، وه ك كردار جیاوازه لـــه گه ڵ ئه وه ی :

- له ساڵی ١٩٠٧ بۆ كوێ چووی ؟

- رووم كرده فره نسا و. . . لێره دا( رووم كرده )فره نسا به مانایه كی جیا له وه ی رسته ی یه كه م به كاردێت ، نه به مانای فڕێدان و رووكردنی شتێكه بۆناو شتێكی تر ، له رسته ی دووه م مانای چونی كه سێكه بۆ جێگه یه ك ، بۆیه بۆچونی ئێمه له جاری دوومه دا ده بـــێ رێنوسی ( رووم كرده ) به و شێوه یه بنوسرێت ( روومكرده ) .

نمونه یه كی تر :

سه رنج راكیشان ، جیاوازه له گه ڵ ، په یتونه -عه ره بانه راكێشان ! ئه ویان كارێكی ماسولكه ییه ، نه ویتر بیرییه « رزونه » بۆ یه به بۆچونی ئێمه ده بێ بـــه م شێوه یه رێنوسبكرێت ( سه رنجراكیشان ) .

نمونه یه كی تر :

كه ده نوسین : ره نگه كانم له وی دانا ، ئه و چوو ده ست ی تێ وه ردا. « رێنوسی كۆن » . ره نگه كانم له وێ دانا ئه و چوو ده ستی تێ وه ردا « رێنوسی بـاوی ئێسته مان » به لام كه ده نوسین : ده ست تێ وه ردانی دوژمنان لـــه كاروباری ناوه خۆی كوردستان كارێكی ناره وایه . له ماناو بۆ چوون ته واو جیاوازه ، به بۆچونی ئێمه ده بێ به م شێوه رێنوسبكرێت : ده ستتێوه ردانی دوژمنان . . . . .

له و جۆره و سه دان نمونه ی دی ئه وه مان بۆ روونده كه نه وه،كه ده بێ له نێوان شێوه ی رێنوسی«كار»كاتێ به ... مانای كاره وه ك كردار ، كاتێك به مانای كاری رروته... جیاوازی دیاربكرێت له شێوه ی رێنوسدا .

هه ولێر: په یامنیری دلانـــــپار

07.08.1994

عه بدوڵا په شێو

# شـاعیر له هه لۆیستی شیعریـدا

## پێشه کیه کی پێویست

ئه وه ی ئه م رۆژه خه ڵکی هه ولێر دیتیان و سه رتاپای کوردستان بیستییه وه و ده نگی هه تا ئه و په ڕی دونیا رۆیشت . . . ئه وده نگ و ره نگه ی نه ته وه یه ك به گشت چینه کانییه وه باوه شی بۆکرده وه شیعر نه بوو . . . خه ون نه بوو . . ئه وه زه نگی زایه ڵه و ده نگی ئه و مێژوه بوو که پێنج هه زارساڵه له ژێر قورسایی خۆڵی قه ڵادا له هێسك و پروسکی ئه وکوێلانه دایه که له ژێر زه بری قامچی داگیرکارو سه رکاری خۆیی به پشتی خاراو والآیان کۆڵکێشی خۆڵی قه ڵابوون ، ئه وه زریـکه ی ئه و ده نگانه بو له به رتیشکی شاپڵیته و دوکه ڵی ره شی پڕ له ریقن تونێڵی نێوان قه ڵاو به ستۆرِه یان هه ڵده که ند . . . ده نگی ئه وانه ی پێنج هه زارساڵه له بیرکراون . . . . شیعر نه بوو گیانی هه موو ئه وبێتاوانانه بوو له جه نگی کوردکوردی نێوان ئیماره ته کان و خه نجه ری خۆکوژیدا بونه قوربانی خۆڕایی . . . ئه وه سه فین بوو خۆی هاری و بوه وردکه به ردوو ده په ڕیه ده رگاوبانی ئه وانه ی تا ئێسته ش نایانه وێ تێبگه ن . . ئه وه تاقگه که ی گه لی بوو له خۆی یاخی بـــوو سه ربه ره وژور ده ڕژا داوای ئاشی له تاقگه ی گرِی بابه گورگوڕی ده سته خوشکی ده کرد بۆ هه موو ئه وانه ی بێنان و ئاون . . . ده یگوت مه ردبه و وه ره ده ستت بده ده ستم خوره و تیشك تیکه ڵاوکه ین و ره نگ وده نگمان لێك ماره که یـــن و زه ماوه ندی ژێرسایه ی ئاڵاسازده ین . . . . گه لی بوو گه لی به خۆو خانزادوله شکریکی نه سه ردیارونه بن دیار، به کێ ده کرێ قوڕگی شاعیری راسته قینه بگرێ ، که س هه یه بتوانی گه لی پرِیکاته وه ؟ به که س ده کرێ بابه تاهیر تـا حاجی قادر پێنوس چه ك کات ؟؟ . . . له ژێرباڵی هه وری جه نگی کوردکورد له نێوان ته رمی دووبرای هاوخه ون و هاو ئامانـج و دووبرای به گوله ی یه کدی پێکراو له نێوان هه ندرین وگارا . . . . په که رێك وه ستاوه ده نگورِه نگی هه مووئه وانه بوو که دڵسۆزانه به ته نگه وه ی چاره نوسی پرِمه ترسی کوردستانن ، گیانی ده کرده وه به رشه هیدان و ده ستی ته رمی لاشه ی ساردووسرِی ده نایه وه ده ستی یه کتری تروسکه ی هیوای لێهه ڵده کردن ، ده نگی له غه یبه وه هاتبووه گـله و گازه نـده ی « خانی » و راسپارده که ی « حاجی » پێبو ، یه که میانی کردبووه داره ده ست و ئه وه ی تریشانی کردبووه ئاڵا . . . . دووبه ره کی و براکوژی گۆرِبه گۆرِ ده کرد و تاوانی راوده نا . . . ئه وه په یکه ری به ژن پرِله ئازاری شاعیری نه ته وه یـه ك بوو ئه وه باڵای په شێو بوو . . . . ئازیزانم نامه وێ پتر له و روداوه بدوێم و درێژه ی پێبده م ، ئه م رێپۆرتاژه پێشــکه ش

به گشت ئه و رۆڵه ئاواره و دڵسۆزانه ی كه تا ئه و چوكه یه ش چاویان بڕیوه ته ئه وتروسكه كزه ی راپه ڕین كه سێ ســاڵه به ر ره هێڵه و ره شه بایه . . . . به ڵام هێشتاش نه كوژاوه ته وه ، بانگتان ده كه م ئازیزانم . . . وه رن ، وه رن با له گه ڵ شاعیره كه ی خۆمان له گه ڵ شاعیری ره شوڕووت و ده ربه ده ران هێدی هێدی له سه رخۆ فوی لێبكه ین به لكو رۆژێ بێ و ببێته وه ئه وگڕوژمه گڕه ی كه به ر له سێ ساڵ گڵپه ی سه ندوو دونیای تاریكی كوردستانی لێكردینه رۆژی رونـــــاك به لكو ببێته تاوتونێك و به ربێته گیانی هه موو ئه وانه ی ده یانه وه ی مۆمی ته مه ن سێ ساڵه ی راپه ڕین و هیـوای لــــه مێژینه ی سی ملیۆن مرۆڤی ژێرده سته و چه وساوه خه فه كه ن . . . به ڵێ ئازیزانم ئه وه شـــیعر نــــه بوو هـــه روه ك شاعیر خۆی گوتی ئه مه هه ڵویست بوو . . . . . . .!!

سه ره تا خوشكێكی ئازیزی خه فه تبار به م چه ند وشه یه به خێرهاتنی میوانه كانی كرد :

خوشك و براٲیانی ئازیز !

میـــــوانه به ڕێزه كان !

هه روه ك ئاگادارن مانگونیوێك زیاتره شه ڕێكی ماڵوێرانه ی دوور له خواست و ئیراده ی گه له كه مان به سه ر جه مـاوه ری سته مدیده ی گه له كه ماندا سه پاوه ، كه تا ئێسته ش بڵێسه ی ئه م ئاگری شه ڕه خۆكوژه نه كوژاوه ته وه و لێره و لـــه وێ هه رماوه ، هه ڵبه ته ئاگری شه ڕێكی ماڵویران كه چاره نوسی میلله ته كه مان بخاته مه ترسییه یه كی ئــــه وتۆوه خه باتی سه ختی ده یان ساڵه مان لێ بكه ن به پوشبرنج و ئه م هه موو تێكۆشان و قوربانییه دوورودرێژه ی كه ده یان ساڵه كێشاومانه بیخه نه به ر چه پۆكی دكتاتۆریه ت و تیرۆر . . . دیاره شاعیره كانمان هه ر له دێر زه مانه وه تا ئه مرۆ هاو ســــه نگه رو هاوخه م و هاو ئازاری هه ستی میله ته كه ی خۆیان بوون ، هه ستی شاعیرانی سه رده ممانیان جولاندووه، بونه ته كه ره سته ی شیعری زیندوو . . . . ئیمرۆش شاعیری دووره وڵات شاعیر په شێو كه هه میشه نه یویستووه و ناشیه وێ بێده نگی بكاتـــه هه ڵویست ، وه ك شاعیرێك خۆی به هاوئازارو هاوخه باتی گه له كه ی داده نێ نایه وێ بێده نگی بكاته هه ڵویست چونكێ بێده نگی به لای په شێوی شاعیره وه مانای سه ردانه واندن و رازیبوون به رابه ر به وهه مووتاوانانه ی كه رۆژانه ده رهـه ق به گه لونیشتمانه كه مان ئه نجامده درێت .

به ڕێزان ! بۆیه ئیمرۆ په شێوی شاعیر له جیاتی ئه وه ی شه وانه خه ومان پێوه ببینێ ئه وه رۆژانه لێمان توره ده بێ و لێوی گرژترترو توندترو ده نگی به رزترده بێ و بێده نگی شار ده شله قێنێ . چیا پشتی كۆمه و چه ماوه ته وه و سه ری بۆ ئــه و شه هیدانه دانه واندووه كه بێگوناهن و له ئه نجامی هه ردووهێزی شه ڕكه ر شه هیدكراون ، زه وی له ژانێــكی قورس دایـه، هاوكات له گه ڵ ئه م كاره سات و مه رگه ساتانه كه ده بیندرێ شاعیران بێده نگیان هه ڵبژاردووه ، به ڵام په شێوی شاعیر نایه وێ و نه یویستوه شیعره كانی دوور له رووداوه كانی كوردستان و گه له كه ی بن ، به شیعر له ناو قوڵایی جـه زر و ئه ندیشه ی مرۆڤی كوردا ده ژی و نیگاكانی له نێو ته م و تومانی ئه م شاره دا ده توێنێته وه ، رازینابێ قفڵ له قوڕگی پـــر نه عره ته ی بدرێ و ده سته مۆ بكرێت ، رازینابێ ئه و گوڵانه ی له ژێرخاك چه قێله ده ده ن هه ر ده بێ لـــه ژێـرخاكیش هه ڵوه رێن . سمۆره چۆن به سه ر دارگوێزه كاندا سه رده كه وێ په شێوی شاعیریش ئاوا به سه ر ئازاری میلله ته كـــه یدا سه رده كه وێ ، بۆیه ئیمرۆ به ژنی په شێو به ژنی ئازاری میلله ته كه یه تی ، په شێوی شاعیر ئـــه گه ر جاران خـاوه نی « سه ربازی وون » و « سه دان ساڵه » بووه ، ئه گه رچی جاران خاوه نی « دوانزده وانه بۆمناڵان » و « شه و نییه خه وتـان پێوه نه بینم » بووه ، ئه وا ئیمرۆ خاوه نی « ماچ » و ده یان پارچه شیعری په تای براكوژیه . . . میوانه به ڕێزو ئــازیزه كان هه ربۆیه لێره وه به جێتان ده هێڵم بابزانین په شێوی شاعیر چۆن له گه ڵتان ده دوێ .

( هاڕژنی چه پڵه . . . . ئه وناوه ی هه ژاند، قه ڵا سنگی پڕله شانازی وبه رزی ده نوێنێ ،كۆشك وته لاره كانی ده وروبه ری

قه لا له رزیان لێدیێ و کوچه وکۆلانه کانی هه ژاران ژاوژویان تێده که ویێ و ده وروژێن . . .له نێو غه لبه غه لب و هاژوهوژی جه ماوه ری تێکچرژاودا ده نگی شاعیر دێته گوێ . . . . . .. . ده نگی هه لوێست :

هاوخوێنانم . . . . خۆشه ویستانم . . . . . . . . ئـــازیزانم . . . .

زۆر به خته وه رم ئیمرۆکه له به رده متان بوه ستم و خۆ به شه رمه زارنه زانم، ئه وه ی پێمه زۆرکه مه، ره نگه هه رله وه بچێ که شوانێکی هه ژاری ره شو رووت و قوتی کورد له توێشه به ره که ی داده نی و ده بیاته به ربه رخان یـا به رمه ڕان . لـه وه زیاترم پێنیه ! به لام له گه ڵ ئه وه شدا تکاتان لێده که م چاوه ڕێی شیعر مه که ن ئه وه ی پێمه پێش ئه وه ی شیعربێ هه لوێسته !! من . . . به دوای هه لوێستداگه ڕاوم پێش ئه وه ی به دوای ورده کاری و شیعردا بگه ڕێم، ده مه وێ ئـه وه ی له دلّم دایه به زمانێکی سوك و ساده ، به زمانێکی تاده توانم ره وان به ره شوروویی میلله ته که می رابگه یێنم، بۆئـه وه ی له شیعری براکوژیم بگه ن . . بۆ ئه وه ی له شیعره کانم بگه ن که هێندێکیان ئیمرۆ ده خوێنمه وه به پێویستی ده زانــم هیچ نه بێ له خه یالی خۆتان ئه تلّه سی شه رِی براکوژی ، ئه تلّه سی سی ساڵه ی براکوژی بهێننه به رچاوی خۆتان هـه ر له سالّی شه ستوچواره وه تاوه کو ئیمرۆ ، بزانن ئێمه چ ئاشێکمان بۆ خوێنی خۆمان دانا وه، بۆ خوێنمان چ ئاشێك ده گه ڕێ ؟؟ واتێده گه م براکوژی له سایکۆلۆژیه تی براکوژیه وه هاتوه ، ره نگه هێندێ شت هه بێ من باوه ڕم زۆر به و شتانه نییه ، به لام واتێده گه م پێش ئه وه ی بگه ڕێنه وه بۆهۆیه مێژوییه کانی براکوژی، پێش ئه وه ی بگه ڕێنه وه بۆبنچینه ئابوریه کانی دیارده ی براکوژی ده بێ له وه بگه ین که براکوژی سایکۆلۆژییه تی خۆی هه یه ، ئه وکه سه ی براکوژی ده کات ده بـــــێ حاله تێکی نه فسی ئه وتۆی هه بێ زاتی ئه وه بکات براکوژی بکات ، ئه و سایکۆلۆژییه ته به درێژاییی مێژو پێـــکهاتووه ، ده توانم بلّێم پێنج هه زارساڵ پێش ئه مرۆ واته له ده وروبه ری سێ هه زار ساڵ پێش زاینی ( میلاد) هه تا ئه مرۆ ئه م سایکۆلۆژیه ته لامان دروستبووه ، ئه گه ر گوتیه کان و لۆلۆلی یه کان وکاسییه کان کوردبووبن که من نه ختێ گومانم لێیه ، چونکێ تیره کانی ئاری پاشتر هاتنه کوردستان ، ئه م تیرانه له ناوچه ی سلێمانی ئێسته ماندا ، له قه ره داغ و زه هاو ژیان ، که تۆ ته ماشای مێژوده که ی ده بینی ئه وساکه ش پێنج هه زار ساڵ له مه وبه ر له و ولّاته دا براکوژی هه بـووه ، ئه و تیرانه له باتی ئه وه ی هێرشه کانی ئه کاده کان بگێڕنه وه خه ریکی یه کتر کوژی بوون !! هه ر بۆ نمونه ئێوه ته ماشـای ئیماره ته کانی کوردستان بکه ن بابان ده لێی ، سۆران ده لێی بۆتان ده لێی ، هه رکامیان ده لێی له و ئیماره تانه یـــه ك یه کیانی له ناوبردووه ، ئه گه ر هیچ جۆره هۆیه ك نه بوبێ بۆ یه کتری له ناوبردن بۆ یه کتر قرکردن ، ئـــه وا که وتونه ته گیانی یه کتری له ناو چوارچێوه ی یه ك ئیماره تدا !! ئیماره تی بابان به چی روخا ؟ ئه حمه د پاشا و موحه مه د پاشا هـه ر یه که و ده چوولّه شکری بێگانه ی دێنا،یه ك ده چوو له شکری عه جه مانی دێنا ، ئه وه ی تر ده چوولّه شکری تورکانی دێنا و ده که وتنه گیانی یه کتری و یه کتریان قرده کرد! ئه وه یه مێژوی ئێمه ، ئه وه یه سایکۆلۆژیه تی ئێمه ، سایکۆلۆژیه تـــی براکوژی . . . سایکۆلۆژیه تی مرۆڤی زه لیل ، کام له ئێمه زه لیل نییه ؟؟ سه رکرده کانمان نمونه ی زه لیلی میله تی ئێمه ن ، ئێوه ته ماشا که ن ئه گه ر هه موو کوردستان به ره وپیریانه وه بچێ به قه د مویه ك . . . به قه د سه ری ده رزییـــه ك کاریان تێناکات ! به لام یه ك فیکه ی داگیرکاری کوردستان بێ . . . یه کسه ر بۆی ده چن ، هه ی پێی لێده که ن و ده چـن ( هاژه ی چه پلّه ماوه یه کی درێژه به رده وامه ) . . . . من دوژمنی براکوژیم . . دوژمنی بابه کوشته ی براکوژی بویم و دوژمنی بابه کوشته ی براکوژیشم ، مومکین نییه به هیچ شێوه یه ك هه ر ئینسانێك خۆی به کورد بزانی به ته ك ئه م خاك و ولّاته وه بێ به هیچ شێوه یه ك نابێ ته بریری براکوژی بکات ، برا کوژی خیانه ته ، بێشه رمانه ترین شه ڕ شـــه ڕی براکوژییه ، نامه ردانه ترین شه ڕ شه ڕی براکوژییه !!

ئه و فرسه ته ی به ده ست ئێمه که وتبوو دووساڵ له مه وبه ر له بیرمه ووتم . . . . فرسه تێکی مێژوییمان ده سـکه وتووه

سه ره که ی رۆیشتووه . . . چاکم له بیره ، کلکه که ی ماوه ! کلکه که ی بگرن ده خیلتانم ( هارژنی چه پلّه . . . . . . . . . . ) ئه و فرسه ته چاکه ی ده ست ئه و میلله ته هه ژاره که وتبوو ده توانرا به چاکی به کاربێت ( ئیستیغلال بکرێت ) ده تونرا په رله مانێك به شێوه یه كی راسته وخۆ ئازادانه هه ڵبژێردرێت . . . نه کرا ! ده کرا حکومه تێکی خوێـــنده وار دابمه زرێت ، ده کرا به رنامه ی ئابوری ، کشتوکاڵی ، رۆشنبیری دابندرێت . . . به ڵام به داخه وه هیچیان نه کران ، لــه پاش ئه وه ی په رله مانێکیان دانا له گه ڵ حکومه تێك که بریتییه له خێوه تێك له ســـایه ی ئه و خێوه ته هـــه رچی ناشه رعییه ده یکه ن .

فه رموون . . . حه زده که م هه ندێك بدوێم له سه ر برسییه تی و چه ك ، ئه و چه که ی ئێسته له کوردســـــتان هه یه بیبه هه ر وڵاتێك کام وڵاتی به وڵاتی شارستانییه تی داده نێن سویسرا ده ڵێی سوید ده ڵێی هه ر وڵاتێکی تر ده ڵێن ، ئـه و چه که دابه ش بکه ن ، ئه و چه که ی به سه ر ئه و کورده ره شوڕووته دابه شکراوه . . . . له و بڕوایه م ئه وانه ی ئه م چه که یان دابه شکردووه چاك له وه ده گه ن بۆ چیان دابه شکردووه ، بڕۆن ئه وچه که له سویسرا یاله سوید دابه ش بـکه ن که مێکیش میلله ته که ی برسی بکه ن ، بزانن دوای چه ند رۆژێك سویسرا و سویدیش وه ك کوردستانیان لێنایێ ؟؟ لــه سایه ی چه کدا ، چه کێکی بێمانا که هه موو سه ربان و کۆڵان و ماڵێکی داگرتووه . . . شیعر چۆن ده مینێ ؟ ئـه ده ب چۆن ده مینێ ؟ کلتور چۆن ده مینێ ؟؟ کێ تاقه تی له وه هه یه موحاره به ی کیسه ڵ بکات . . . موحاره به ی ســـوس بکات که له ده غلودانی کوردستانی داوه ؟؟ نه خێر بیر له وه ده که نه وه چۆن ده غلودانی ره شوڕووتان بسوتێنن ، کێ بیر له وه ده کاته وه که مێك ئابوری کوردستان ببوژێنێته وه ، ئابورییه ك که فاشسته کان جێیانهێشت خۆیله خۆیدا بناغه کـه ی زۆر بێهێز بوو، به ڵام ئه وانه ی دوای فاشسته کان هاتن بێهێزتریان کرد به جارێك دایان رماند ، ئه وه ی هه بوو ئه ویش چوو !! تاوای لێهات ئه و میلله ته باوه ڕی به هیچ نه ما، من جه رگم هه لاهه لا ده بێت . . . . . . ئه وه کێ رۆژێکی ئاوا به خه ون ده بینی کوردێك که دوێنێ راوی به عسی ده نا راوی سه دامی ده نا ئیمڕۆ هاواربکات ده مه وێ سه دام بێته وه !! له بیرمه که گفتوگۆ ده کرا له گه ڵ داگیرکارانی کوردستان یه ك له و خاڵانه ی سه رکردایه تییه کانی ئێمه پێشکه شیان ده کرد، مافی رۆشنبیری بوو . . . . ده یان ویست به کوردی بخوێنین ، ته له فزیۆن ده که ینه کوردی وه ك ئه وه ی کـــه ده چییه قاهیره هه ر گوێت له تایه رتۆفیق ده بێت ، له ئه سته مبۆڵ له به ر ره سول گه ردی ئاگایان له هیچ نییه !!

ته ماشای ئه و ته له فزیۆنه که ن یا ئه و ته له فزیۆنانه بکه ن . . . ئه وه چنه ؟؟ ئه وه ئیعلامی کوردستانی ئـــازاده ؟؟ نه ده بوا دوای ئه و ته بعیس و ته عریبه که مێك مێشکی ئه و میلله ته ئاوبده ن به کورده واری، تا ئاوا به ئاسانی نـه چێته سه ربان ؟ نمونه زۆرن . . . رۆژێك برایه کی سه رکردایه تی حیزبێك بۆ خه ڵکی هه ولێری بریندار قسه ی ده کرد ، ده ی گوت :- ئه وه هه ر لای ئێمه نییه ، ئه و شه ڕی براکوژیه له ئه مریکاش هه یه ، له ئینگلته راش هه یه له فره نساش هه یه . . . ئه ی ئافه رین خوێنده واره که ی له ئه وروپا گه ڕاوه ! چاك له مێژوی ئه وروپا گه یشتی ! دووسه د تا سێ سه د ســاڵ له مه وبه ر به ڵێ له ئه مریکا شه ڕ هه بوو له نێوان باشورییه کان و باکورییه کان « جنوبییه کان وشیمالییه کان »، بـه ڵام جنوبییه کان کێ بوون ؟ شیمالییه کان کێ بوون ؟ لایه ك کۆیله داربوون لایه کیش کۆیله بوون ، ئه وکۆیلانه ی له ئـه فریقاوه هاتبوون، ئه ی ئه مانه ی لای ئێمه دوای دووسه دسێ سه دساڵ کامیان کۆیله ن و کامیان کۆیله داره ؟؟ با نمونه له ئـه مریکا وه رنه گرن که براکوژی تێدا ، با ته ماشای ئه بخازیا بکه ین ، میلله تێکی حه فتاوپێنج هه زار که سین ، ئه مڕۆ خـــاوه ن ئاڵای خۆیانن ، خاوه ن په رله مانی خۆیانن ، خاوه ن سه رۆکی خۆیانن . . . حه فتاوپێنج هه زار که س ، که سیش دانـــی پێدا نه ناون ، به ڵام رۆژێك که من لێره وه ستاوم چۆن ده زانم که من ناوم عه بدوڵایه ئه و هاش ده زانم ئه و ئه بخازیایه ده بێته ده وڵه ت و ئاڵاکه ی ده شه کێته وه . . . چونکه خۆیان ده یانه وێ (هاڕژنی چه پڵه درێژه ده کیشی ) . هه موو

لایه ك ده ڵێن ئاشتیمان ده وێ ، هه رچی ده یبینم ده ڵێ ئاشتیمان ده وێ، به ڵام هیوادارم ئێوه ش وه کو من بـــــــاوه ڕ به هیچیان نه که ن ، له ته له فزیۆن ده ڵێن ئاشتیمان ده وێ له بنه وه چه ك و تفاق ده نێرن، له سه ره وه ده ڵێن شه ڕ راگرن له بنه وه ده ڵێن لێده ن ، ئه وه یه سیاسه تی براکوژی .

ئێسته ش هیوام ئه وه یه نوسه ران ، شاعیران ، رۆشنبیران ئه وه ی له ده ستیان دێ بیکه ن،بۆ ئه وه ی یه که م : هیچنه بــێ چه ك داماڵدری له کوردستان ، له سایه ی چه کدا ناگه ینه هیچ ، هیچ حه لێك مومکین نییه ، کۆنگره ی نیشتمانی ده ڵێن ، په رله مان ده ڵێن ، هه رچی هه ڵیده بژێرن له سایه ی چه کدا هه ڵده بژێردرێت چه کیش حوکمی گه وره تره له وشــــه و بیرکردنه وه .

هیوادارم رۆژێ له رۆژان کوردستانی ئێمه ش وه ك وڵاتانی دنیای به خته وه ر په رله مانێکی راسته وخۆ هــــه ڵبژێردراوی هه بێ ، که من ده ڵێم راسته وخۆ هه ڵبژێردراو مه به ستم ئه وه یه هه ر ناو چه یه ك« مقاطعه » له هه ر شارێك نوێنه ری خۆی هه ڵبژێریت ، که تۆ زانیت کێ نوێنه رته له په رله مانه که ، هه رگیروگرفتێك هه بێ له شاره که ت له گه ره که کـه ت له کۆڵانه که ت . . . . زه ڵام ده کوژرێ ، دزی ده کرێ ، تۆ ده زانی کێ نوێنه رته یه خه ی کێ ده گری ، به ڵام ئێسته له کوردستانی ئێمه دا ئه وانه ی هه ڵبژێردراون که س هه ڵی نه بژاردوون ، خه ڵك ره نگی هه ڵبژاردووه ، تۆ ده توانی له بن ره نگه که هه رچی ده ته وێ بنوسی، چی ده نوسی بنوسه، من له گه ڵ رێزو خۆشه ویستیم بۆئه وانه ی ئه ندامی په رلـه مانن ، زۆری لێهاتوو دڵسۆزو پاکیان تێدایه ، به ڵێ من له وه ده گه م ، به ڵام ئه گه ر ئه م لێهاتوانه ش نه بونایه کــــه ئێسته به داخه وه کرانه مه فره زه ی دووحیزب له باتی ئه وه ی ئه ندامی په رلـه مان بن ، ئه ندامی حکومه ت بن به کارو کرده وه ، هه ر یه که و چونه وه جێی خۆیان . . . له به رئه وه ئه وه ی ده نگده دات به ره نگ ده نگده دات به هه موئه وانه ی که له بن ره نگه که ناویان تۆمارکراوه ، جا تۆ حه زده که ی له باتی موحه مه دعه لی حاشاکی جه ماعه ت بنوسه . . . . . . پشیله ی کوڕی نازانم کێ . .!! هه ر ده رده چێ چونکه ناوی له بن ره نگه که نوسراوه ، ئیتر ته واو ، کێ نوێنه ری تۆیه ؟ سبه ی تۆ یه خه ی کێ ده گری ؟ ئه وانه ی هه ڵبژاردنی نسبیان دانا . . . . ده زانن چ ته ڵه یه کیان بۆ ئه و میلله ته نایه وه . . . ئه وه ش ئه نجامه که یه تی که ئیمرۆ ده یبینن .

له دوایدا چه ند پارچه شیعریکم پێیه ، هێندکیانم له دیوانی براکوژی وه رگرتوون ، هه ندێکیشیان ره نگه له کاتی تردا لـــه شوێنی تردا پێش ئه مرۆ خوێندرابنه وه ، هیوادارم زۆر نه خایه نی ، وه ك نه ریتێك «سه ربازی وون » هه میشه یــــه که م هه ڵبه سته !

## سه ربازی وون

که وه فدی ده چێته شوێنێ

بۆ سه ر گۆڕی سه ربازی وون

تاجه گوڵینه یه ك دێنێ

ئه گه رسبه ی وه فدێ بێته وڵاتی من

لێم بپرسی :

کوانی گۆڕی سه ربازی وون ؟

ده ڵێم گه وره م :

له که ناری هه ر جۆگه یێ
له سه ر سه کۆی هه ر مزگه وتیێ
هه ر کلیسه یێ
هه ر ئه شکه وتیێ
له سه ر گابه ردی هه ر شاخیێ
له سه ر دره ختی هه ر باخیێ
له کوردســـــــــتان
له سه ر هه ر بسته زه مینیێ
له ژێر هه ر گه زه ئاسمانیێ
مه ترسه !
که میێ سه رت داخه و
تاجه گوڵینه که ت دانیێ .

* * * *

## شـــــیعر

شیعر شاخێکی ئه سته مه
داوێنه که ی ئاپۆره یه
جه نگه ڵه بێشه و قه ڵه می
ده گه یته قه د
ئاپۆره که ی په رش و بلاوه
هه ندێك ده ستیان له سه ر دڵه
هه ندێك ده ستیان له سه ر له مه
که هه ورازتر هه ڵده رِوانی تاك و ته را
لێره و له ویێ
چه ند کێویه کی بریندار
به ژن و بالاّ شه لاڵی خوێن
نیگای چاویان مه کۆی خه مه
هه ر ئه و چه نده
هه وراز تر دێن
هه ر ئه و چه نده رێگه ی قولله یان
له به ر ده مه .

* * * *

## خه ونی هه نده ران

که وێلێکی داوێن چیا
تریه تریی به ئاسته می نمه ی باران
ئاگردانێك
قرچ و هۆرِی چیلکه و داران
تاقوچکه یه کی پرِکتیب
ئازیزێکی که زی درێژ
به ژن رزاڤ
منالێکی ئاگر پارا
قۆرییه ك چایی به چرِ دوکه ڵ دێمکراو
ته نکه خه مێك دیارو نادیار
کۆتکه دۆ یـه کی کونده ڵان
سه به ته یه ك نانی تیری
به رچنه یه ك سێوو هه نار

* * * *

ئه وه خه ون بوو خه ونی هه نده ران . . . . ( له پرِ ریتمی ده نگ و تۆنی هاوار و ئاوازی شیعر گۆرِا کاتـــیێ په شێو پرِ به گه ر و هــــــــــــــاواری کرد ) :

## بـــــــاکه س ره خنه یان لێنه گرێ . . . .

هه ر چی ده یکه ن پاکه وه کو نوێژ
هه رچی ده یلێن وه کو گه وهه ره
دیا لیکتیك ، سه رمایه ی مارکس ، فه رموده ی ماویان
له به ره
ئه ورووپایان هه موو دیوه
که دێنه گۆ بۆ رِۆژنامان

هەواڵنامەی کتێب

په یڤێك زێڕ و یه كێك زیوه
له نده ن ، پاریس ، ئه نقه ره ، شام
یه كه یه كه پایته خته كانی هه نده ران
شاره زاترن له شێخه ڵا و سابون كه ران
چاك ده زانن كه ئه وروپا
بۆیاخچی پسپۆری ده وێ
بۆ مه یخانان پیاڵه و هیرباڵ شۆری ده وێ
بۆ كۆڵكێشی بازووی به تینی ده وێ
كوردی چیایی ناو له پ زبرو شان و پیل به رزینی ده وێ.

* * * * * *

باكه س ره خنه یان لی نه گرێ
ده یانناسم
له پاكیدا چاك و پیرن
له ژیریدا
ئه نشتاین شاگردیانه هێنده ژیرن
شاره زای مێژوی جیهانن
كون به كون و كه لێن به كه لێن
ستراتیژیی دوژمن ته قه ی بێ
جبه خانه ی ته كتیك پڕه
مه خزه نه كی پێوه ده نێ
بیان بینن
بزانن له پێناو ئێمه
چه ند بێ توكن
چه ند په ڕپوت و رووت و گه دان
چۆن شه و رۆژ ته نیا له بیری ئێمه دان
باوه ڕبكه ن
هه رچی ده یكه ن بۆ ئێمه یه
هه رچی ده ڵێن
بۆ ئێمه یه
هه ر بۆ ئه وه ی له و ئازاره رزگارمان بێ
هه ر بۆ ئه وه ی خۆشاوی شه هاده ت فرکه ین
هه ر بۆ ئه وه ی خوێن وه كو نان گران نه بێ و

هه موو جێیكی لێ پڕ كه ین
یه كێك دێنن قرمان كات
ئه گه ر نه هات
فێرمان ده كه ن یه كتر قڕ كه ین
با كه س ره خنه یان لێ نه گرێ
شوان هه ر شوانه
په ز هه ر په زه
هه تا ده مرێ
باكه س ره خنه یان لێ نه گرێ

* * * * * *

له م نیشتمانه چاره ره شه دا
چیتان هێشتوه دابه شی نه كه ن
وه كو ره زی خۆتان
هه ر به شه هیدا سه رمان به رزبوو
ئه وا نیشتان كرد به په ندی خۆتان

ناوێرم قه ڵه مێك هه ڵگرم
ناوێرم كراسیك له به ر كه م
رووتان ره ش بێ
خۆ ره نگه كانیشتان به شكرد
بڵێم خوێندكار یا قوتابی
ژن یـــــــا ئافره ت
رووتان ره ش بـــــێ !!
تا وشه ی ناو فه رهه نگه كانیشتان به شكرد
دووكه ناری زێی جاویدانی
« خانی و » و « حاجی قادر » تان به شكرد
خاك و ئاو ئاگرتان به شكرد
كوا چیتان هێشت ؟
كوا كێتان هێشت؟
بگره قه حپه و دز و جه رده و و رێگرتان به شكرد
وه ك و زرته كی گاكوژ به ده ست
نیشتمانیكتان كرد به دوو
شار به شار گوند به گوند گه ڕان

له هه ر ماڵێك ئاگردانێكتان كرد به دوو
خه ڵك مێژویه كی هه یه
ئێمه دوو مێژومان هه یه
هه موو دونیا یه ك سه ركرده ی لیَ به ڵایه
ئێمه له ویش دوومان هه یه !!!!

* * * *

### عه بـــدوڵا پـه شێو

# من دوژمنی بابه کوشته ی براکوژیم

گه وره ینه له سایه تان
به عس له ناو ده ممان زمانیكه ده گه ڕیَ
به عس كه ڵه گایه كه
سبه ینیَ و ئێواران له ئاوێزمان ده په ڕیَ
كیَ بی به عس نه ناسی ؟
تا دوێنیَ هه تیوێك بوو
زه ڵام كوژ ، زلحۆ ، چڵپن
له سایه ی سه رتان هاته وه
هاته وه و، كه س نایبینیَ وه كو تارمایی مردن
لێمان بوو به تی ئێن تی
چووه ناو سه فته ی دینار
له گه ڵمان دێته سه رخوان
جێمان له گه ڵ به ش ده كاو
له گه ڵمان ده چێته ژوان
له ناو مانشێتی رۆژنامه كاندا
به عس ده بینم
له ناو مه وكیبی سه ركرده كاندا
به عس ده بینم
له فیفتی فیتی ناو په ڕله ماندا
به عس ده بینم
له دیل كوشتن و به ڕائه ت پێدان
به عس ده بینم
له زه نگ لێدان و ده رگه لێدانی نیوه شه واندا
به عس ده بینم !!

* * * *

له سایه ی ئێوه
ئه وه چاوێكم شایی ده گێڕیَ
چونكه چاوه كه ی ترم رژاوه
وا ده مارێكم شاگه شكه بووه
چونكه ده ماری برای بڕاوه
له سایه تان ئه مڕۆ له شاره دیله كه م
جه مه دانی پێشمه رگه یه ك
ساڵه هایی ساڵ تاج له سه رێك
زۆر نه ماوه له به رچاوم ببێته خوده ی عه سكه رێك
ئه وه ی ده یبینن چما تازه یه
كاتژمیرێكه سی ساڵی خشته قورمیش كراوه
بێكه ڵكه ، سه دجار پێش و پاش بكریَ
چركه چركه ی ، شفره ی مردنه ، له عنه ت ژمێره
ناوه ستیَ ، مه گه ر وردوخاش بكریَ !!

* * * * * *

هەواڵنامەی کتێب

زه نگ لێده ده م
کاستان ده که م ، پـــــــڕ به گه رو ده قیژێنم
له زۆنگاوان شه پۆڵ ده خه مه ســـه ر پاشوو
هه وای مه یوو ده وروژێنم
درِك له چاوتان راده که م
تاخه و له چاوتان بتـاریێ
خویێ ده که مه ناو برینتان هه تا بێته سویێ به جاریێ
لێناگه ریم ، لێناگه رێم
لێناگه رێم
ئه و زامانه ش ئارام بگرن
ئه و زامانه ش هه دابده ن
که سارێژن ، یـا بێئیشن
هه ستێ مه نوون
ئێمه له نـــاو په یتونێکێن
دوو هێستری کوێر رایده کێشن !!
* * * * *
له په راسوی شه هیدانی هه ر سی ساڵه ی
بــــــــــــــراکوژی
جه نگه لێکی چرِو تژی
راستکه نه وه له به رده میان
خواردنه وه یان با رۆنتك بـیێ
تۆزی خوێن بیێ هه رسیێ جه میان
به دووکه ڵی ئاهی دایکان قانگیان بده ن
چاوی سوریان پرِ چقڵ که ن
لێنه گه رێن کورد کوژه کان بگه نه سه ده ی داهاتوو
نه وه ك ئه ویش ئاوه گڵ که ن !!
* * * * *
که برا کوژێك ده بینم
باوه ریکه ن رشانه وه م دیێ
تا به یانی هه دا نـــاده م
دایم ئه و دویو ئه ودیو ده که م
سه د قۆناغیش دوور که ومه وه
بۆنی لاکی ماکه رێکی تۆپیو ده که م !!
* * * * *

دوو تـــه رم که وتوون
ته رمی دوو بـــرا
دووخه ونی وه ك یه ك
دوو ره نگی جـــیا
مه ودای نێوانـــــیان
هاڵاوی جه رگی دایك وبابه
گه وره کانیشیان واپسکه یان دی
مه ودای نێوانیان مێزی دوژمن و پیاڵه ی شه رابه !!
* * * * *
بـــاڵنده یه ك بووم
شه که ت و ته نیا
باڵێکم کۆچ بوو . . . باڵێك راپه رین
نه مردم جارێك گه یشتمه قۆنـــــاغ
دوای هه زاران جـــار که وتن و فرِین
باڵێکم دا به م . . . . باڵێکم دابه و
دوای سه فه ری دوور بردمیه وه خه و
به یـــــانی هه ڵسام
ده ست شه ته ك دراو
پـــیێ شه ته ك دراو
ده م شـــه تـه ك دراو
نه یه ك چینچکه نان ، نه یه ك چۆرِه ئاو
به زیندویه تی ئـاوه روتکراو
چه می ئومێدم بـــو بـــه ئاوه رِۆ
ئـــاڵای شه کاوه م بوو به دوو په رِۆ !!
* * * * * *
شـــه و له خه وما
ئارامگه ی « حاجی » م دیته وه
چۆکم دادا
ســـوژده م بـــرد بــــۆی
وتم : حـــاجی ! په رێشانی ؟
ســـه ری کزکرد !
ده ستی دانا ســـه ر دڵی خۆی
گوتی : مه ردبه زیندووم که وه !

وتم : گه وره م من عیسا نیم
چۆنت زیندوت که وه مه بێژه ؟
وتی : لێره م ده ربێنه
دووبه ره کی له شوێنه که ی من بنێژه !!

* * * * *

تێناگه م
گه ر تفه نگێك هه زار گوله ی تێدابێ
به ده ست کوردێکه وه بێ و رووی له کوردێك کرابێ
چۆن دڵی دێ بیپێکی
با ئاگریش درابێ !!
راستی په روانه یه که
گه رده ته وێ پێی بگه ی
دایگرسێنه چراکه ت
تــــــۆ دیـلــــی ، چۆن دیــــل ده کوژی
هه ی هه زار تف ونه عله ت له گه وره ی تۆ ویراکه ت !!

* * * * *

ده ستت برزێ ، چاوت کوێربێ
رێگه ی راستت کێوی قافی پڕ هه ڵدێر بێ ،
هــــــه ی ، کرم له گۆشتت بدا
شیرپه نجه به خوێنت فێربــــــێ
تۆ ده زانی ئه وه ی کوشتت چ بوو . . . . کێ بوو ؟
پێشـــــــمه رگه بـــــــوو !!
پشت و په ناو توێشووی رێت بوو !!

* * * * *

چــاوم تاریکه
دڵم بێ خولیا
لێم گه رێن بۆ خۆم ، ته نیا بم ، ته نیا
وه کو بیرێکــــی فه رامۆش کراو
که یه ك پشکه ئاو نه بێ له بنیا
نیشتمانی من شا نیشتمان بوو
ئاه سه ده ی پترۆڵ
ئاه گــــازی کیمیا
ئاه چیتــــان لێکرد
ته ره سی عوجه و گایبنه ی خۆیی و گه وادی دونیا !!

* * * * *

تروسکه گرێك هێشتا هه ر ماوه
له ئاگردانی گیانی پڕ بریـــا
هه ر فوی لێده که م
به لکو رۆژێ بێ به ربێته سه ده ی گۆبلزو بێریا
وا ته په ی پێ دێ ، گوێ هه ڵخه دڵه
ئه ی بزنه کێوی چاو ماری وریا
کێ یه ؟؟ کوردســــــتان
ته پڵه کی کابرێ مافی مرۆڤ و پرۆلیتاریا
وه ره ژووره وه ، ئه ی ئه و چاوانه ی
له گه ڵ گریانیان که ســێك نه گریا
کێ به قه ده ر تــۆ تاقیکرایه وه ؟
کێ وه ك تــۆ دڵی کرا به مۆمیا ؟
کێ له موختحه به ر هێنده مایــه وه ؟
کام مه ل ، کام ئاژه ڵ ، کامه کار ، کام گیا ؟
وه ره ژووره وه خۆشه ویسته که م
وه ره بن باڵم بنو دڵنیا
ئــــــه وه ی ده ی دورم
یــه ك لـــــه دووانه
کـــــــفن
یا ئـــالای ترۆپکی چـــــــیا!!

* * * * * *

له غه یبه وه هاتومه وه
هاتومه وه پێتان بڵـێم
ئــــــــه م ولاته
قه ت بێ خرمه خرمی ناڵ و زرمه زرمه پۆستاڵ نابێ
تاکو ئێوه ئه و پــــــــرده بن
هه ر دیل بوون و هه ر دیل ده بن
تاکو ئێوه چه رچی و دز و سه رکرده بن .

* * * * * *

٨/٧ /١٩٩٤ هه ولێر / کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

وریــــــا ئه حمه د

# ده فی گه وره

ده فی گه وره بریتییه له چێوه یه كی بازنه یی دار به وێنه ی « بێژنگ » ، له یه كێك له رووه كانی پێستێكی ته نكی تێده گیرێ ، جـــۆرێك له و ئامیری ده فــه گه وره یه ، « ده روێشی » پێده ڵێن . . . . ئه م جۆره یان له ته كیه و خانه قاكان به بۆنه ی مه لوودی پێغه مبه رو زیكرو بردنی ته رمی پیاوچاكان بۆ سه رگڵكۆیان و له كاتی گـه ڕانه وه ی حاجییه كاندا، له لایه ن خه لیفه و ده روێش و مریده كانـا لێده درێت . . . ئه م جۆره ده فانه ، له دیوی نـاوه وه ی چێوه داره كه دا ئه لقه ی تێلی به ریز پێوه یه و لـــه كاتی لێدانا ده نگی « خه ش خه شه » یان دێت . ئه لقه كـانیش ژماره یان « ١٨ » زه نجیره و هه ر زنجیره ی «سێ تـا چوار ئه لقه ی پێوه یه و هه یشه « دوو دوونه » ، واته هــه ر زنجیرێك ده بێته « ٦ یا خود ٨ » ئه لقه .

جۆری دیكه ی ئه م ده فه گه ورانه ، بێ زنجیر و ئه لقه نه ، بۆ شایی و زه ماوه ند و گۆرانی گوتن به كاردێن .

قه واره ی ده ف :

بۆ ئامیری ده ف – ی گه وره ، وه ستا «غازی سه رخۆش » ووتی :

درێژی داری چێوه كه ی نابێ له هه شت بست تێپــه ڕێ واته زیاترله سێ بستیش كه متر نابێ ، ئه مه ش پێوه ری ده فێكی گه وره یه :-

تیره ی رووی ده فه كه = ٥١ سم

پانی ته خته ی چێوه داره كه = ٥، ٧ سم

مێژوی ئامیری ده ف :

كۆنترین پارچه ئاسه وار كه وێنه ی ئامیری « ده فـــی بازنه یی » تێدا به دی بكرێت ، له عیراق دۆزراوه ته وه و ده گه ڕێته وه بۆ ده وروبه ری٠٢٦٥ ساڵ پێشزاینی، كـه له سه ر « دیواری – رۆخی » جه ڕه واته گۆزه یێكی سوور نیگاری سێ ئافره تی رووت كێشراوه ، به هۆی دار لـــه ده فێكی بازنه یی ده ده ن ، ئه م پارچه یه له هۆڵـــــی سومه ری – له موزه خانه ی عیراقدا پێشاندراوه .

پارچه ئاسه وارێكی دی له « قه ره ته په » دۆزراوه ته وه تیادا جگه له «كیناره » ژه نان، دووكه س به دی ده كرێن خه ریكی ده ف كوتانن ، ئه م پارچه یان ده گه ڕێته وه بۆ ده وروبه ری « ٧٠٠ » ساڵ پێشزایین .

دروستكردنی ده فی گه وره :

وه ستا غازی له م باره یه وه گوتی :
داری ده ف واته « که وه که ی » خۆم دروستی نــاکه م ، زۆرتر له دۆمه کان ده یکرم ، باشترین داریش بۆ ئـــه مه به سته دار « مێو » ه ، چونکه سووکه یه ك ، تابلێیی قایمه دوو ، به لام ئه مرۆ زیاتر « دار بـی » به کاردێن ، زنجیره کان ژماره یان « ٣٥ تا ٥٠ » یه و هه ر زنجیره ـش له سێ یا چوارئه لقه پێکدێت، یه که مجار بزمار به ژماره ی زنجیره کان له دیوی نــاوه وه ی چێوه داره که ده ده م و سه ریان ده قرتێنم و ێکیان دێنمه وه ئه وجا زنجیره کانیـان پێوه ده لکێنم . . دوای ئه وه پێستی تێده گرم ، باشـترین پێستیش بۆ ده ف ئی مامزه ، ئه مرۆ ئێمه پێستی کـار و به رخ به کاردێنین ، ئه ویش ئی ئاژه لی لاواز چونـــکه پێسته که ی رونی که مه و ته نکه ، ئه وه ش دوای پاك کردنه وه ی واته پاش ئه وه ی موه کانی لێده کرێتـه وه، ئیجا بۆ ماوه یه کی دووروودرێژ ده خرێته نێو ئاو ، پاشان دیوی ده ره وه ی که وه داره که به سرێش چه ورده که ین و پێسته که ی پێوه ده نوسێنین، بۆ زیاترقایم بوونی پێسته که ، بزماری سه ریان « کلیپس » یش له هه ر چوار ده وری پێسته که ده ده ین ، ئیتر لیێی ده گه رێن تا وشـــــك ده بێته وه .



ئامیری ده فی گه وره ی ده روێشی

ئامیری ده ف له فۆلکلۆری خۆماندا :

١- ده ف - ی ده نگ نادا . { شێخ محه مه دی خاڵ - په ندی پێشینیان - ل - ٣٨ }

٢- ( خانای قوبادی » گوتویه تی :
گاسه دای خۆش خوان نه غمه ی ( ده ف ) و ( چه نگ )
... .تاد { موحه مه دی مه لا که ریم - شیرین وخوسره وی خانای قوبادی - ل ٧٤١

٣- به سۆز ( سازان ) ناڵه ی ( چه نگ ) و ( ده ف »
. . . . { هه مان سه رچاوه ی پێشو }

٤- له ته پڵی سه ر ئه ده م چه نگ و خه یاڵی ده نگی ( ده ف ) ناکه م . { دیوانی حه مدی ت ٣١٨ }

( ئه حمه دی خانی ) یش له ( مه م و زین ) دا ده لێ :

٥- میر گوتی بقطن ده ف و ربابان
بێنن هه می شربت و شراٻان . { گۆڤاری رۆشنبیری نوێ - ژماره ١١٢ ی ساڵی ١٩٨٦ ، ل ٢٠ - ٣٧ }

٦- حه و ساڵ ده روێش بووم « ده ف » به شانو بوو
دڵه که م تۆی بینی په شیمانو بوو { عه لی شاره زوری - چه پکی له گوڵاله سوره ی شاره زور ، ل ٨٠ }

٧-چنار و عه رعه ره « ده ف زه ن » هه زاره نه غـمه سه رای . . . . . { که ریم شاره زا و سه ردار میران، دیوانی حاجی قادری کۆیی ، ل ٣٣ }

٨- ده روێش توو دینت به رزوکه « ده ف » ت
بگره « که مه » ی « ده ف » به هێزی که فت
{ بورهان قانیع - دیوانی قانیع }

٩- مار ، ماوه لۆ یا سه فی ، تێـدا بنگێوی « ده ف » ی { په ندێکی ناوچه ی کۆیه یه ، واته : ماڵ بۆ « یا سه فی - سه فیێ خان » مایه وه ، بۆخۆی « ده ف» ی تێدابکوتێ.

ده فژه نانی به ناوباگی کورده واری :

سه ید ئیبراهیم ســـه ید مه ولودی میرزا : ده فژه نێکی به ناوبانگه،له زرپابی خۆی «ده روێش ره مه زان سلیمان » که به ره چه له ك خه ڵکی لای ســلێمانی بووه فیره ده فژه نین بووه، مامۆستاکه ی له ده فژه نی ووده نگخۆشیدا ، که م وێنه بووه ، خۆی ده لێ :

هونه ری موزیـــــــــك

له گه ڵ ( شه هابه ) یه ك ده نگ بوو { بروانه گۆڤـــاری كاروان ژ. ٣١ نیسانی ١٩٨٥ ،ل ٥٩ } . به ڕای ئـه و نیمرۆ لــــــه هه ولێر ده فژه نی به ناوبانگ كاك « ونس قه سابه » هه ر چه نده ئێستا ته نیا له كۆڕی خواپه رستی و ناوته كییه كان نه بیٚ ده ف لێنادات . یه كیٚ له ده فژه نه به ناوبانگه كانی تری كورده واری ، عه بدولقادری كـــاك مسته فای كاك عه بدولای هیرانی یه كه به مامه غه وس ناسراوه و نازناوی شاعیری «سۆزی» یه ، ئه م هونه رمه نده له باوكی نه مری شاعیری ناسراو « سـافی هیرانی » یه وه فێره ده فژه نین بووه ، خۆی ده ڵیٚ: باوكم لــه گووتنی مه قامان كه سی نه ده گه ییٚ ، مه گه ر «سمایـــل سه رمابردوو » نه بیٚ ، سمایل ســه رمابردوو ده فژه ن و مه قامزان بوو ، هه رچه نده ده نگی یه كجار خۆش نه بووه بـه ڵام شێوازی گوتنی زانیوه و به ره چه له ك خه ڵكی ناوچه ی كوردستانی ژێرده سته ی ئێران بووه چه ند ساڵێك له مه وبه ر كۆچیدوایی كردووه ، هونه رمه ندێــــكی دی به ناوبانگ كه ده رویٚش عه بدوڵا حوسێن موحه مه ده و له ساڵی ١٩٠٤ له شاری سابڵاخ له دایك بووه و له ســاڵی ١٩٤٠ هاتۆته سلێمانی له گه ڵ « سه ی زاده ی » ژنـــی، ده فژه نیكی به ناوبانگ بووه ، سه ره ڕۆ وگه ڕیده بووه له زۆربه ی سه فه ره كانیدا سه ی زاده ی ژنی لـه گه ڵدابووه ، ساڵی ١٩٥٨ كۆچیدوایی كردووه ، جگه لــــه ده فژه نین ، ده نگخۆشیش بوو، كاسێتێكی پڕ له ده ف و گۆرانی لـه پاشدا به جێماوه .


ناونیشانی نوێی كۆمیته ی ئاشتی وپشگیری نیشتمانی كوردستان

KANPK
P.0 BOX 533
00101 HELSINKI
FINLAND
بانكگیرۆ 800024-129557 19.PSP
HELSINKI. FINLAND



فاتح رسول

## چه ند لاپه ڕه یه ك له




به رگی سێیه م ، شه ش سه د لاپه ڕه زیاتره !
نرخی 50 مارکی فینله ندییه
به رابه ره كه ی ده كاته 10 دۆلار + بایی پۆسته
بۆ وه ده ستخستنی په یوه ندی بكه به ناونیشانی
كۆمیته ئاشتی و پشگیری نیشتمانی كوردستان

ئه نوه ری ره شی عه ولا



هێلسنكی ١٩٩٤

له بڵاوكراوه كانی دلانپار – كۆمه ڵه هۆنراوه یه كی شاعیر– ئه نــوه ری ره شی عه ولا به ناونیشانی « له سه مای سه ره مه دیا ». چاپی یـه كه م ١٩٩٤ ئاماده یه به پۆست بگاته ده ستتان . نرخی 30 ماركی فینله ندییه به رابه ربه 6 دۆلار + بایی پۆست . بۆ وه ده ستخستنی یه یـــوه ندی بكه ن به ناونیشانی KAPNK

راڵف .س . سۆلێسکی

# گۆرانی و هه ڵپه ڕکێی فۆلکلۆری کــــوردی

دیاریه کی شیاو بۆ هونه رمه ندی هێژاو
مۆزیکزانی کورد مامۆستا
وریـــــا ئــــه حمه د

گۆڕینی له ئینگلیزییه وه بۆ کوردی زاریسۆرانی
ره هبــــه ر جــــه لال

پێشه کییه کی پێویست : ئه م ده قه وه رگێڕدراوه ، هی ئه و هه شت لاپه ڕه یه یه که هێژا راڵف . س. سۆلێسکی ، وه ك زانیارییه ك بۆ ئه و سێڵه ی نوسیوه که بۆ کتێبخانه ی فۆلکلۆری نه تنی نه مریکا NYC تۆماریکردووه ، له م کاره شیدا پشتی به گه لێك سه رچاوه به ستوه ، خوێنه ر لـــه کۆتایی باسه که دا به سه ریان ده کاته وه ، سێڵه که و ئه و لاپه ڕانه ی له گه ڵی دان به چه ندین وێنه ی جوان رازاندراونه ته وه که ئیمرۆ له کوردستان به ده گمه ن وه به رچاوده که ون ، گرنگی و بایه خی ده قه که له وه دایه که تێشکینراوه ی باوه ڕو بۆچونی که سێکی بیانییه به رابه ر به کۆمه ڵگه ی کوردستان و هونه ری موزیك و هه ڵپه رکێی فولکلۆری نه ته وه یی کورد ، بۆ ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردستانیش جگه له وه ی ئه مه دیکیۆمێنتێکی زیندووی تۆمارکراوه له چۆنییه تی ژیان و کلتوری نه ته وه که مان سه رچاوه یه کی گرنگی هونه ری موزیکی کوردیشه ، گرنگی و بایه خی تریشی له وه دایه که هیچ نه بی له دیده ی بیانییه کیش بی کوردستانی به ر له نزیکه ی پتر له 40 ساڵی تێدا به سه ر ده که ینه وه ، که به داخه وه بنوسانی خۆماڵی له و باره وه زۆر له وه که مته رخه م ترو ته مبه ڵ ترن که باس بکرێت ، دیاره رێژی زۆرمان هه یه بۆ ئه وانه ی ره نج و ماندووبونیان لـه و بواره دا دیار و ئاشکرایه.

وه رگێر

[ به شییه که م ]

کتێبخانه ی فۆلکلۆری ئه تنی . ئه لبومی ژ.FE 4469

ساڵی 1953 ، به شی راژه ی تۆمارکردنـــی فۆلکلۆر

Corp., 165W46ST.NYC USA

گۆرانـــــی و هه ڵپه ڕکـــێی

فۆلکلۆری کوردی

تـــــــۆرمارکردنی : رالف .س . سۆلێسکی
پێشه کی وتیبینیه کان : رالف .س. سۆلێسکی

کوردستان ، ئه م زاراوه له ماناساکاره که یدا، یانی ئه وخاکه ی کورده کانی تێدا روده نیشێ، هه رگیز نه لواوه کورده کان وه ك نه ته وه یه کی مۆدیرن «هاوچاخ » ده رکی خۆیان بکه ن ، په یمانی سیڤه ردوای یـــه که م جه نگی جیهانی مه رجی بواری کوردستانێکی سه ربه خۆی ره خساندبوو ، به ڵام کاتێ له نێو کورده کاندا راپــه ڕین سه ریهه ڵدا ئه و پلانه ش پێچرایه وه ، کوردستـان دیسا ناوی پاریزگه یه کی باکوری خۆراوای ئیرانه ده گــه ڵ ئیتنۆگرافیایه کی ته واو وه ك له سنوری کوردســـتانی دایکدا هه یه .

کورده کان گروپێکن خاوه ن زمانێکی زاروه یی وکلتورین ، سه رژمێرێکی سێ ملیۆنی ده بن «به گوێره ی سه رژمێری چل ساڵ له مه وبه ر وایتێده گه م نــه گونجاوه – و » به گشتی موسڵمانن «ئه مه شیان ناشێ جیگه ی باوه ڕ بێ له ساڵی ١٩٥٣ داکوردستان نا موسڵمانی به رێژه له ئیمرۆ پترنه بووبی که متری نه بوه – و » که مایه تییه کــــی گه وره ن له خۆرهه ڵاتاناڤین . له خاکێکدا نیشــتــه جێن سنوری چوار ده وڵه ت له یه کیان داده برێ – تــورکیا – عیراق – ئیران – سوریا ، به ڵام وه ك کۆمه ڵێك له نێــو دانیشتواندا دیارن . هه روه ك چۆن به شـــێکی کوردی تێکه ڵه و بچوك خاوه ن زارێکی تایبه تی له ئه رمێنیـای

سۆڤییه تیدا ده ژین . « دیاره ئه وان یه زیدین و به کوردی باکور - کرمانجی - ده په یڤن - و » نیشتمانی کورده کان له روبه ریکی ته سکی درێژدا هه ڵکه وتووه ، درێژی **600** میل و پانی **150** تا **120** میل ده بێ ، نزیکه ی **47000** کیلۆمه تری دووجایه ، یا هێنده ی نیوئینگلاند و نیوجێرسی به سه ریه که وه ، زۆرناوچه ی چیای که م سه نجراکێشه ری تێدایه « وابزانم به پێچه وانه وه چیاکانی کوردستان زۆر جوان و سه رنجراکێشه رن - و » هه ر له ئه نتیتۆرسه وه له تورکیا تاوه کو قولایی زاگوس له سه روی خۆرهه ڵاته وه .

کورده کان له هیشکانی و نشێوی گرده کان و ده شته کوێستانییه کاندا جێده گرن، زستانیش له شوێنی باشترده بن که که مترسارده ، ئه م پرۆسه یه ش هێزیکی پـــۆلاینیان پێده به خشێ . چیاکانی زاگروس به شیکی فراوانـــی کوردستان داده گرن، به رزیان ده گاته **13000** تا **15000** پێ . سه رکه وتنیان کاریکی فره ئه سته مه ، ئه و چیایانه ته واو نزیکی سنوری سه روی خۆرهه ڵاتی که وانی پرپیتن ، له زۆرشوێندا له نشێوی گرده کان - لێرِه وار - روتـه ڵانن ، لێره وله وێ هێندی داربه رووی باڵا کورت ده بیندرێن ، کـه هێشتا به رده سه ڵاتی بزنه کان نه که وتوون که هه رده م له گشت شوێنێ هه ن ، یا خۆ هێشتا زاری ئـــاگرگـه / ئاگردانیدار / سۆپایداری /نه ی قۆزتونه ته وه . ئـــــه مه نمونه یه که له داشۆرین ، ئه و گردانه رۆژگاریك سـه رتاپا به دارستان داپۆشراوبوون ، له وه ته ی سه ره تای ژیارییه وه - شارستانییه ت ـ ئه و ناوه چاوگه ی داری بیناســـازی نێواندووزێ بووه . کوردستان به گردایيه کانی ســکۆتلاند چوێندراوه ، هه روه ك خێڵه دێرینه کانی سکۆت کورده کان به ئاواییه کی به تێن گیروده ی خێڵن .

له زوویه که وه وه ك خێڵه کی هیشکی چیانشین ناسراون، ئیمرۆکه ژماره یه کی زۆری نه خوێنده وارن به ره مه ترسی دوژمنانی چه ند نه ته وه یێ که دراوسێیانن گه مارۆدراون .

کوردی ، زمانیکی هیندو - ئێرانییه دووربه دوور له گه ڵ زمانی ئینگلیزی خزمایه تیان هه یه ، زمانیـــکی کوردی نوسراو ستانداردنییه ، له قوتابخانه کان به زمانی ده وڵه ت ده خوێنن ، له هۆزیکه وه بۆ هۆزیك جیاوازی زاره کی هه ن.

نه ژادی « توخمی » کورده کان به روونی دیارنییه « چاکه ئه ویش نه ی وتوه له نه وه ی جنۆکه کانێن - و »، وتـراوه له نه وه ی ماده به ناوبانگه کانی ته وراتن « بـابیل »، تۆماره کانی سۆمه ر که خشته قورِی ســورکراوه ن ، هـــی چوار هه زارساڵ به رله ئیمرۆن باسی خه ڵکێك ده کـه ن به ناوی گوتی یا کوتی، که له چه قی کوردستاندا به لای باکوری به رزایی و چیاکانی « عیراقی ئێسته، مه به ستی عیراقی ١٩٥٣- و » ده وڵه تێکیان به ناوی گوتیـوم - ه وه هه بوو . دواتر ئاشورییه کان به «کورتی»ناویانبردوون ، هێندێ له خێڵه کان ئه و ناوانه ی که ده گه رێنه وه بــۆ شه ش سه ده به رله زاینی تا ئیمرۆ پاراستویانن.

کورد به نه ژاد و پاکی به رده وامی که له هی هــــه ر نه ته وه یه کی ئه وروپی به هێزتره ، به وهۆیه وه ماوه ی نزیکه ی **2400** ساڵ پێشزاینییه وه له وڵاتی خۆیان رووده نێن ، شانازی ده کات . هه ر وه ك له رواڵه تی فیزیکیان وێده چی ته واو جیاوازی نمونه بیان هه بێ ، په یوه نـدی نزیکیان به ئێرانییه کانه وه هه یه له ته ك ئاوێته یه کی ئه رمه نی و هۆزه کانی تری خۆرهه ڵاتی ناوه راست .

که ره کته ری - ئادگار - روونی وان ، رواڵه تیکی ته واو دیاری پێداون ، مووی قاوه یی ، چاوی قاوه یی تـــۆخ ، زۆرجارچاوشینی قژکاڵیشان تێدا ده دیتدرێت، که به ئاشکرا گریمانی ره سه نایه تی - نۆردیك - که کان ده سه لمێنێ .

کورده کان به ژن و باڵا مامناوه ندین ، که م وایه قه ڵه و بن یا بدنه قه ڵه وی ، له ده ره وه ی ده وروبه ری دژواری خۆیاندا، ده شێ کاری کوڵکێشی، میکانیکی ، فرۆکه وان و رامیاریستی یان لێ بێ .

وه ستایانی پیشه کۆنه گرنگه کانن ، وڵاته که ی خۆیـان به رپۆه ده به ن ، کورده کان فێربوون ئیدی دووباره ئه وانه نه بن که گاڵته یان پێبکرێت ، خه ریك بونیان به نیشـانه پێکان له سنوری هاڤرکێ تاپله یه کی نـــــزم تێپه رِیوه، « ده ستویه لیان له نیشانه پێکاندا نایابه » .

داماڵینی پێستی کورده ژێرده سته کان و پێوه نـــان و گه وره کردنه وه ی ئه و یادگارانه له سه ر رواڵـــه تـی جه نگه دژوارو سزاکاره کانی ئاشوره یه کانی دێرزه مان له

سه رچاكه كاری ژیانی خێڵه كیداكاریگه رنه بووه . هه روه ك چۆن گروپه كانی دی ، كورده كان هه رگیز رانه هاتوون له نێوان خۆیاندا به ئاشتی بژین ، پتر له وژیانه هارمۆنـــی و ئاشتییه ی ده گه ڵ دراوسێكانیان هه یانه ، تۆڵـه ی خوێـن ئه ستاندنه وه هه رده م پرنسیپی بێسنوری هێزی پیاوه تی و وزه وبیانویه كه له نێوان ئه م خێڵه میراتگرانه ، ژنـهێنانی ناوه كی « له نێوه ی خێڵدا – و » به نه ریت دیارییه كه، وه ك مانایه ك بۆ سه ربه خێڵ بوون و زامنكردنی پاڵپشت، ئه وه شه ژیانی جۆراوجۆری خێڵه كی راگرتووه .

مێژوی كورده كان ئاڵۆزه، به دژواری ده گه ڵ سۆمه رییه كان و ئاشوریه كان ، جه نگێن ده گه ڵ گزه ینه فۆنی یۆنانـی و هه روه ها له گه ڵ فارسه سه فه ویه كان به رێوه چوون .

سه لاحه دینی گه وره ش هه رله وان بوو ، ئه و كوردێك بوو كه زۆربه ی هۆزه كانی له سه ده ی 12 زاینیدا لـــه ژێـر فه رمانده ی خۆیدا كۆكرده وه ، ، یه ك لــه هێرشه كانی هۆلاكۆ 1252 زاینی بۆ ته فروتوناكردنی كورده كـــانی شاره زور بوو، كه وه ك درك – كورد – ی – كۆ – وێـنه ی چقڵ له له شی مه گۆله كان راچوبوون ، شاره زور یه ك له پادشایه تییه هه ره گه وره كانی كوردان بوو ، ناوچه یه كی فراوانی داگرتبوو ، هه ر له هه مه دانه وه له فارس تـاوه كو سه ر رووباری دجله . « 11 تا 16 زاینی » .

توركانی عوسمانی چه ندین كه رِه ت هه ولی ئه تككردنی كورده كانیان داوه ، به و مه به سته ی ژێرده سته یان بكه ن ، ده گه ڵ ئه وه شدا بۆ ماوه یه كی درێژخایه ن نه بـاج ، نه سه رانه یان به توركه كان دا ، كوردســـتانی «عیراق » تاوه كو ئیمرۆژش له سه ربورده ی ئه حمه د پاشـــای كۆره ی ره واندز تژییه ، شۆرشگێرێكی كوردی یه ك چاو « ده ڵێن له به ر وه جاغكوێری پێگوتراوه پاشای كوره نـــه ك گوایـه چاوێكی كوێربێ – و » كه ساڵی 1836 دژی تـــوركان ده ستیدایه چه ك و به تیروكه وان له قه لاكه یدا به رگری كرد تا له بێ نان و ئاویدا به زی « وا پێده چی راڵف . س . سۆلێسكی ، لێره دا سه رگوزشته ی قه لای دمـدم و میری سۆرانی تێكه ڵ كردبێ – و » ئه گه ر كورده كان لـه نێوان خۆیاندا رێكبن ئه وه ده گه ڵ دراوسێكانیان له جه نگدان، ئه رمه نی و ئاسوربیه دیانه كان هه ردوو لایان ئه وانه ن كه به سه ركه وتووی له به رابه ر گیروگـــرفته هاوبه شه كاندا ده گۆرِێن « مه به ستی به ره وه پێشـه وه چوونه – و » ، جموجۆڵی رامیاری كورده كان به رده وام دژ به ده وڵه ته ، دژی هه ر میرێك ، جا له هــه ر لایه ك بێ ، بیگومان بۆ داوای كوردایه تی .

له ساڵی **1923** راپه رینێكی به باشی له نێو كورده كاندا، له دژی ده وڵه تانی ناوچه كه دا سه ریهه ڵدا، دوایـــن راپه رِین له ساڵی **1947** دابوو كاتی خێڵی مه لامسته فا بارزانی دژی هه ردوو ده وڵه تی عیراق و ئێران راپه رِین ، له كۆتایدا ده گه ڵ زۆربه ی هه ڤالانی كه وته روسیا ، به گێرانه وه ی دادوه ری بالاّ ولیــه م . و . دۆگلاس ، روسه كان له ئۆگۆستی **1950** دا له ئازه ربیجان ، مه لا مسته فایان گێرِایـــه وه ، له وكاته دا كه به ره وكوردستان به رێوه بوو ، بۆ ئه وه ی سه ر له نوێ تێهه ڵچێته وه .

به ڵام سه ركه وتنه كانی وڵاته یه كگرتووه كان له كوریا ئه و به ره ی هه لوه شانده وه «مه به ستی ده ست پێكردنه وه ی جه نگی كوردستانه – و » .

له **1927** دا بزاڤێكی سه ربه خۆیی كوردی « خۆیبون » دامه زرێندرا، به ڵام تاوكو ئیمرۆكه له خه باتـــدا چ ده ستكه وت و سه ركه وتنی ئه وتۆی وه ده ستنه هێناوه ، بیگومان بـه هۆی ئیره یی به به كدی بردن و داپچرانِ و نزماستی كاری هاوبه ش له نێوان خودی كورده كانـــدا ، ئه گه رچی هه ولێك دراوه و بۆ یارمه تی و كۆمه ك كردن به ئه رمه نی و ئاسوربیه كان ، به ڵام ئه و باره ئاسایی شتیكی یه كجار كه مه .

چاپگه ی ئـــاگری
تیپی رێكوپێك . قه واره جیا. شێوه جۆراوجۆر
بـۆهه ر كاروبارێكی چاپی ده توانن به ناونیشانی
كۆمیته وه په یوه ندی بكه ن

په یامنێری دلانــپار - هێلسنكی

# رۆژی كلتوری كورد

## له ڤێستڤاڵی خۆرهه ڵاتی هێلسنكی

به بۆنه ی ده ساڵ تێپه ڕبوون به سه ر دامه زرانـــــدن و كردنه وه ی بنكه ی كلتورئ خۆرهه ڵاتی هێلسنكی كــــه كورته ی ناوه كه ی **STOA** یه ، له ســـه رداوی لیژنه ی به ڕێوه به رایه تی ئه و ڤێستڤاله ی به م بۆنه یه وه رێكخرابوو كۆمیته ی ئاشـــــتی و پشـــگیری نیشتمانی كوردســـتان ، به به رنامه یه كی یه ك رۆژی به شـــداری كرد .

شایانی باسه كه زۆربه ی وڵاتانی جیهان له ماوه ی رۆژانی ڤێستڤاڵ له هۆله كانی شانۆ و كۆنسرت و پێشـــه نگه ی ستوئا جۆره ها به رنامه ی جۆراوجۆر و هه مه ره نـــــگ به میوانان پێشانده ده ن ، چه ندین تیپی شـــــانۆگه ری و موزیك و كۆمه ڵه هونه رمه ندی نه ته وه جیا به تابلۆ و وێنه ی فۆتۆگراڤی و فلیمی سینه مایی و چالاكی تری وه ك پێشـكه شكردنی سیمینار و لێكۆڵینه وه ی جیاجیا ده ربـــــاره ی هونه ر و كلتوری نه ته وایه تی به شداری ده كه ن ، ئـــه م ڤێستڤاڵه له رۆژی ١٩٩٤/٨/٣ ده ستی پێكرد و ئێســـته ش به رده وامه ، ل ١٨/ ١٢ / ١٩٩٤ كۆتایـــــی پێدێ ، یه كه م رۆژی ڤێستیڤاڵه كه و پرۆگرامی بـــه كردنه وه ی پێشه نگه یه ك بوو به ناوی « له جه رگه ی خۆرهه ڵاتـی هێلسنكی یه وه »كه له رۆژی ده ستپێكردنی ڤێستڤاڵه كـه كرایه وه ، پێشه نگه یه كی تریش كه به راستی جێـگه ی سه رنجدان بوو له ژێرناوی « كۆنه هێلسنكی و خۆرهه ڵاتی شار » ، سیمناری « چۆنییه تی رێككردنی سروشت » كه باسی چۆنییه تی پلان و رازاندنه وه ی شار و گه ره ككه كان بوو یه ك له و سیمنارانه بوو كه به تایبه تی بۆ خه ڵكـی بیانی ئه وه ی روون ده كرده وه ، كه لێره چه نده به ته نگه وه ی سروشت و رێككردن و جوانتركردنی ده وروبـــه ره وه خه ریكن، هه روه هاله رۆژی١٩٩٤/٩/١٩به رنامه یه كی تایبه ت به منالان پێشكه شكرا كه پڕله چـــــالاكی سه رنجراكیشه ر بوو له چۆنییه تی مامه ڵه كردن له گــه ڵ جیهانی منال ، هێشتا به شی زۆری به رنامه و رۆژانی پڕ له جموجۆڵی ئه و ڤێستڤاڵه له پێشن كه پڕن له به رنـامه و

پرۆگرامی هونە ری هە مە جۆر،پرۆگرامی رۆژی کلتوری کورد کە و تبوە ١٩٩٤/٩/٣، بە رنامە ی رۆژی کلتوری کورد بریتی بوولە کردنە وە ی پێشە نگە یە کی هاوبە شی سێ هونە رمە ندی کورد « ئاراس عە بدولقادر،ئاکۆ ئە حمە د، رە هبە رجە لال» بە تابلۆی رونی و رە نگاو چە ند پە یکە ر ، لە تە ك چە ند نمونە یە ك لە کاری دە ستی کە لە دار دروست کرابوون ، دوابە دوای پێشە نگە ی هونە ری ، فیلمی سینە مایی «تونێڵ» لە دە رهێنان و کارگێڕی هونە رمە ند « مە هدی ئومێد» پێشاندرا ، شایانی باسە ئە و فلیمە زووتر لە لایە ن کارگێڕانی ڤێستڤاڵە کە وە بۆ پێشاندان ئامادە کرابوو، دوابە دوای پێشاندانی فلیمی تونێل ، میوانان و هونە رمە ندان لە سە رمێزی جە می سە رلە ئێوارە کۆبونە وە ،کە بریتی بوو لە خواردنی کوردی و شیرینی « لە بزینە » و چایی و . . . . . ئێوارە ش ئاهە نگێکی خۆشی گۆرانی و موزیکی کوردی پێشکە شکرا ، میوانە کانیش بە شایی و هە ڵپە رکێی کوردی بە شداریان کرد.
کاژمێر دوانزدە و نیوی نیوە ڕان ، لە گە ڵ دە سپێکردنی بە رنامە ی رۆژی کلتوری کورد ، هونە رمە ند رە هبە رجە لال ، ئە ندامی لیژنە ی بە ڕێوە بە رایە تی کۆمیتە ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان ، بە خێرهاتنی میوانانی بە رێزی کرد ، ئە و جا ئە وە ی رونکردە وە کە بۆ دە ستپێکردن و کردنە وە ی پێشە نگە،دوو پێشنیار هە بوو یە ك ئە وە بوو کە کە سایە تییە کی ناسراو بۆ کردنە وە ی پێشە نگە بانگ بکرێت ، دووە میش



میوانانی بە رێز لە سە یری پێشە نگە ی هونە ری و ئاهە نگی گۆرانی و مۆسیقادا

ئه وه بوو : که ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردســـــــتان به هۆیه کی گرنگه وه له نێو بیانیان ناسراوین ئه وه یش ئه وه یه که رۆڵه دڵسۆزه کانی کوردستان خه باتێکی سه خت ده که ن و قوربانی فره له ڕێگه ی ئه و خه باته پێشه که شده که ن ، به تایبه تی خوێنێکی زۆر و به ها ده که نه خه ڵاتی ئه و خه باته ، واتــه ئێمه له جیهاندا گه ر ناسراوین به خوێنی شه هیدانه وه ناسراوین ، ئه وان بۆ ئێمه لــه هه موو که سایه تییه ك گه وره تــر و مه زنتر ن ، ئێمه ش هه ر ئه و پێشنیاره مان په سه ند کرد، بۆ یه تکاده که ین ئه و بنه ماڵانه ی که خاوه ن شه هیدن فه رموون پێشـکه ون ، ئه وان ئـه و سه روه رانه ن هه ر ئه وانیش شایانی ئه و ســـه روه ریه ن ، به مشێوه یه به ده ستپێشکاری ئـــه و بنه ماڵانه ی خاوه ن شـه هید بوون پێشه نگه کرایه و بـه رنامه ی رۆژی کلتوری کورده ده ستپێکرد شایانی باسه له نێوان میوانان و هونه رمه ندان دانوســتان و گفتوگۆ ده رباره ی ئه و بابه ته هونه ریانه ی له پێشه نگه دا بـــوون بـــه گه رمـــی به رده وامبوو .

دوای دیتنی فلیمی تونێـــڵ ، ده مه ته قێ له سه ر بابه تی فلیمه که کرا و هێندێ لایه ن و ئه وگیروگرفتانه ی فلیمه که ده یخستنه ڕوو ، بـه تایبه تی ئه و بـــاره ده روونییه ی که مرۆڤی کوردی له کوردستان و ده ره وه یدا تـــووشی دوره په رێزی و تاك ژیانی کردووه ، له ئه نجامی دانوستاندن لـه سه ر ئه وه ی چـــۆن مرۆڤی کورد ده توانی خۆی له و تونێڵه تاك نه فه ربیه رزگاربکات و له قاوغی دوره په رێزی بێته ده ره وه ، له لایه ن هاووڵاتی کاك قوباد حـاجی موحه مه د .... پێشنیار کرا ؛ کـــه باشترین هه نگاوێ بـــۆ ده ربازبوون له تونێـــڵی دوره په رێزی بوونی بنکه یـه کی کوردییه له پایته خت تــــا





# رۆژی کلتوری کورد

ته واوی هاووڵاتیانی کورد بتوانن تییدا کۆببنه وه و چالاکی و جموجۆڵی خۆیانی تێـــدا ئه نجامبده ن ، پێشنیاره که له لایه ن ته واوی ئاماده بوان پشگیری لێکرا و هه ر ئه وکاته داوا کرا لیسته یه ك سازدرێت و ناو و ئیمزای خۆیانی تێدا تۆماربکه ن هه روه ها له نامه یه کدا داوا بکرێت له گشت په نابه رانی کورد له وڵاتی فینله ند پشگیری هێنانه دی ئه م پرۆژه یه بکه ن ، شایانی باسه که هه ر ئه و کاته پتر له چل هاووڵاتی ناوی خۆیـــان تۆمارکرد و ئه و پێشنیاره یان په سه ند کرد .

مناڵانی کوردیش هه ر چه نده به داخه وه نه کرا به و شێوه ی که به رنامه ئاماده کرابـوو




بنار- خانمی
ژیکه له به هاوکاری
دایکی «کوردستان»
سرودی نه ورۆزی
پێشکه ش به میوانه کان
کرد



مناڵانی کورد
سه رنج ، گۆی گرتن ،
به کتر ناسین

پیشکە شیان بکرێت، لە گەڵ ئە وە شدا ئە وان هە ر بە و هێندە وازیان نە هێنا، نە هە ر گوێیان لە چیرۆك گرت بە لکو دە ستپێشکاریان کرد و گۆرانی و سـرودی خۆشیشـیان پێشە کە شکردین ، ئە وان بە و چالاکیە یان راگە یاند کە ئیدی ئە وانیش لە و بـــارە بێدە نگ نابن و نایە نە وێ توانای تازە پشکوتویان بە شاردراوە یی بمینێتە وە ، منــاڵان وایان پێشاندا کە خاوە ن بە هرە و دە نگی خۆشن ، بە ڵام ئامادە نین هە موو ئــە وە ی هە یانە بیخە نە ڕوو تە نیا کاتێك بە تایبە تی دە بنە خاوە ن بە رنامە و پرۆگرامی خۆیان دواتر لە لایە ن ئامادە بوانە وە چە ندین پێشنیاری بە سود بۆ چۆنییە تی پرۆژە ی بنکە ی کلتوری کورد پێشکە شـکرا باس لە و مە رجانە کرا کە دە بێ لە بنکە یە کی ئاوا دا هە بێ بۆ ئە وە ی بە ڕاستی ببێتە مە ڵبە ندێك بـــۆ کۆبونە وە ی هاووڵاتیـــانی کوردستانی پە نابە ر لـــە



مناڵانی کورد لە چاوە ڕوانی دوارۆژی بە ختە وردا



بنـار ، رۆژە ، ئـاری
سە رنج و خە ندە و هاوار

# ڕۆژی کلتوری کورد

چالاکی کۆمه ڵایه تی له هه نــــده ران

فینله ندا ، هه روه ك چۆن بنکه یه ك بــێ بۆ له یه کدی نزیکردنه وه ی په نابه رانی کورد و وه ك یانه یه کیش بۆ جموجۆڵی هونه ری و کۆمه ڵایه تی هه موو لایه ك سودی لێ وه ربگرن و لیێی به هه ره مه ند بن .

هێنانه کایه وه ی بوارێکی وا که په نابه رانی کورد له فینله ند له یه کدی نزیك بکاته وه ئه رکی سه رشانی هه ر ڕۆڵه یه کی دڵسۆزه، دیاره له م بواره دا هونه رمه ندان و که سانی خاوه ن به هره ده توانن ڕۆڵی گرنگ له به تین کردن وپه ره پێدانی ئه و په یوه ندیانه و پتر هه وڵدان بۆ ناساندنی گرفتی هاووڵاتیانی کوردستان به خه ڵکی بیانی بنوێنن .



موزیك و گۆرانی کوردی
به هاوکاری
هونه ر مه ندانی کورد
له فینله ند



میوانانی فینله ندی و
سه رنجی وقوڵ و
ره زامه ندیان به رابه ر به
کلتوری کورد ، به ده سته
چه په وه هونه رمه ندێکی
فینله ندی لیۆ رێــــپۆ
هونه رمه ندێکی شێوه کاره
باوکییشی یه ك له
هونه رمه نده
به ناوبانگه کانی مۆسیقای
فۆلکلۆری وڵاتی فینله ندا
بووه .

# ڕۆژی کلتوری کورد

له راستیشدا ئه وه ی له وڵاتی فینله ندا بۆ په نابه رانی کورد هه ڵکه وتووه ، له بـــاری هونه رییه وه ، له که م وڵاتدا که په نابه ری کوردی تێدا ده ژیت به دی ده کرێت ، لـــه فینله ند له گه ڵ ئه وه ی که ژماره یه کی که م کوردی په نابه ر هه ن « نزیـــــکه ی هه زارو شه ش سه د هاووڵاتی له فینله ند په نابه رن » لـــه نێو ئه واندا به ڕێژه ی وڵاتانی تر ژماره یه کـــی زۆریان هونه رمه ندن یـا به کاری هونه رییه وه خه ریکن ، به رنامه و پرۆگرامی ڕۆژی کلتوری کورد نمونه یه کی راستی ئه و باره ی خسته ڕوو، بۆیه هیوادارین ، سه ره تا هه نگاو بێ بۆ گۆڕینی ئه و باره نائاساییه ی لـــه ئارادایه.



میوانان به ده م گۆرانی و ئاوازی کوردییه وه هه ڵپه ڕكێی کوردیان پێشکه شکرد



هونه رمه ندانی کورد
موزیك و
ریتم و
ده نگ و
ره نگی کلتوری دڵگریان
کرده دیاری

## بێنێدێتۆ کرۆتشه

# جواناسی *

گۆڕینی له فارسییه وه بۆ کوردی زاریسۆرانی

سه ربه ست خه سرۆ مارف

هەواڵنامەی کتێب

خوێنه رانی هێژا !

ئه م بابه ته که وه ك زنجیره یه ك له چه ند به شدا بڵاوده کرێته وه ، بریتییه له خه سته ی بیروباوه ڕی کرۆتشه ی فه یله سوف و بیرمه ندی ئیتاڵی،کـه هونه رمه ندی هێژا کاك سه ربه ست خه سره ۆمارف له فارسیه وه وه رگێڕاوه بۆ کوردی زاریسۆرانی ، ئێمه به ر له وه ی بابه ته که بڵاو بکه ینـــه وه به پێویستمان زانی ئه و فه رهه نگۆکه پڕ سودو یارمه تیده ره ی تیکه یشتن له ناوه ڕۆکی بابه ته که وه پێشبخه ین ، که دڵنیا ده بێته سه رچاوه و دارده ستێکی به هێز بۆ خۆینه ر و یارمه تی ده دات له سه ره خۆ بوێرانه شونپێی کرۆتشه هه ڵگرێت ،. دیاره ئه و به شه ش ده که وێته دوای پێشه کی وه رگێڕ و چه ند کورته باسی ژینامه و باوه ڕه کانی کرۆتشه .

دڵانـــــــپار

### پێشه کی وه رگێڕ

ئاشکرایه که ئیمرۆکه بابه تی ئیستیاتیکا به یه کێك له و بابه ته ئاڵۆزانه ده زانردرێت که چاره سه ری تـــا ڕاده یه ك نوسه ر یان فه یله سوف توشی گێژمه و کێشه یـــه کی زۆر ده کات ، به درێژایی مێژوی هونه رله و کاته وه که یۆنانییه کان سه رقاڵی تۆمارکردنی ئه فسانه و داستانه کان بـــوون ، واته له هۆمیرۆسه وه تا ئه بیکرات و هیبۆکرات و ڤیتاگوریـه کان و سوکرات و فلاتۆن و ئه رستۆ . . .که ئه مانه له بواری فه لسه فه دا تا ئێسته که سه ده ی بیسته مه جۆره ها بـگره هه زاره ها ڕا وشاکاریان له سه رگرفتی هونه ر، به تایبه تـی و ئیستیاتیکا به گشتی تۆمارکردووه . . . . . ئه مه شـه سه ری ئاڵۆزی گوریسه که ، به ڵام ئه و تۆژینه وه دیارانه ی که له ره وتی مێژودا هه ن واته تیۆری فلاتۆن ، سوکرات ، له رابردودا و تیۆره فه لسه فییه کانی دووسێ سه ده له مه وبه ر به کانت و دیکارت و شۆبنهاور ڤیکۆ ولا یبتێنز و هیگل و شیله و فیخته و گۆته و شـیلنگل و کرۆتشه وه و چه ندانی دی له جواناسی و بابه تی جواناسیان تۆژیوه ته وه، بـه ڵام تا ئێستێکه هیچ تیۆرو ده قیکی فه لسه فی نـــه ی

توانیوه هه مه یی هونه ر له كوێی بابه تێك یـــا چه ند بابه تێكدا به پوخته یی بخاته روو به و مه رجه ی جێـــی توانج و ره خنه لێگرتن نه بێ ، ئایا هۆی ئه مه چییه ؟

ئـــــایا هۆیه كه ی ده گه ڕێته وه بۆ ئه وه ی كه گشت تۆژینه وه یه ك له سه ر هونه ر و فه لسه فه ی هونـــــه ر ده گه ڕێته وه بۆ پاشكۆ مێژوییه كه ی . . . . یان بـه نده به ئاڵۆزی و خودی هونه ره وه،یاخود به چۆنێتی و دیارده و گۆڕانه مێژوییه كانه وه به ستراوه ته وه . . ؟

من وایبۆده چم هونه ر په یوه ندییه كی به تێنی بـه رووده ی « واقیعی » سه رده مه وه هه یه، له هه ر سه رده مه و جۆره پێشكه وتنێكی زانستی و پراكتیكی جیاواز روده دات . . . ئه مه ش كارده كاته سه ر ژینگه و لـه ده رونی مرۆڤـدا شوێنه وار جێده هێلێت ، كه ده بێته بنه مای گۆڕانی گیانی و باری ده رونی نێو كۆمه ڵگه ی مرۆڤایه تی .

له سه ده ی ناوه راستدا فه یله سوفێك گشت روداوه كانـی به «له چاره نوسین ـ قه زاوقه ده ر» په یوه ستده كرد، بـه ڵام ئێسته منداڵێك باوه ڕ به و بیره ساده یه ناهێنێت ، ئه رستۆو فلاتۆن كه له پێش مێژوی زاینیدا ژیـــاون گه ر لــه م سه ده یه دا زیندوبنه وه له به رابه ر ئـه م گۆڕانكاریـه سه یرانه ی به سه ر مرۆڤایه تیدا هاتوه، سام ده یانگرێت و شێت ده بن . ئه وه ی ئیمرۆ په سه نده سبه ی ناپه سه نده و بگره نه شیاوه .

ده بیت بۆ گه یشتن به ماناو پێناسی هونه ری هـــه ر سه رده مێك جۆره مۆركێك و تایبه تییه كی به ســه ردا بسه پێت له وجۆره ی كه هه یه یان هه بووه ، ئـــه مه له لایه ك له لایه كی تریشه وه برپاری نوێ گریمانی بریـارو ده ربرینه دێرینه كان نه بێت ، واته له كوێی راو ده ستور و بنه ما سه پێندراوه پێشینه یه كان ده ربازبكرێت ، بـــه م مه رجه نا ،كه كۆن یا بیروڕای دێرین له سـه ر هونه ر بخرێته لاوه .

لایه نێكی دی كه پێویسته ره چاوبكرێت ئه مه یه كه پشتبه ستن به تۆژینه وه ده رباره ی هونه ر لـه بواری ده رونزانییه وه دورنه بێت ، ئه وكاته چییه تی هونه رله سه ر بنه مایه كی زانستی ده رونی چاره سه ر بكرێت نه ك تـــــه نها فه لسه فه ی رووت ، یاریده ده ریش بۆ رونـكردنه وه ی زۆرتر رۆڵی هونه رمه نده له بواری نوسیندا، یـــان نابێت فه یله سوف به بێ هیچ یاریده یه كی سه ر به هونـه ر و هونه رمه نده قی شاكاره كانی به پێی ویست و بیـروڕای خودی خۆی دابڕێژیت ، ئه و ناوانه ی كه لـه ســه ره تاوه یادمان كردنه وه زۆربه یان ئه م گریمانه یان بـه ســه ردا ده سه پێت ، بۆیه جۆره وشكی و كۆتێك كه پـــاگیری هونه ری ده كه ن نه شیاوه یا به هه ڵه ده كه وێته وه .

هه روه ها له و باوه ڕودام ئه م كۆسپانه هه روا بـه رده وام بن، به رده وام نه بوونیشیان به وه وه به نده كه ره خنه گر یا فه یله سوف یا نوسه ر لایه نگری لایه ك له و لایه نانـه نه كات كه باسمان كرد ، وازیش له لایه كانی دی بهێنێت ، چاتروایه هونه رمه ند خۆی رۆڵی شیكردنه وه ی هونه ر و چییه تی هونه ر و جواناسی له ئه ستۆبگرێت .

كرۆتشه له كتێبه كه یدا له ملی زۆرده ستور و بنــه مای سه پێندراوی داوه به ڵام هه ر وه ك خۆی ده ڵێ : « گشت رایه كی نوێ ده رباره ی هونه ر به ساكارترین وشه ره ت ده كرێته وه و جێگری هه یه » ئه مه خۆیله خۆیدا نمونه یه بۆ ئه وه ی بڵێین : هه نگاو هه ڵهێنانی كرۆتشه ش كـه نوێن له بواری ئه مرۆی فه لسه فه ی هونه ردا بنه بڕنین و چاره سه ری گشتی مه سه له ی هونه ریان دابین نه كردووه.

سه ر به ست خه سرۆ مارف

* ناوی ئه م كتێبه به م شێوه یه :

**Philosophi Series**
**Dendntto Croce**
**BREVIARIO DI ESTETICA**

## ژینامه ی نوسه ر

بێنێد تیۆ کرۆتشه فه یله سوف و مێژونوس و رامیاریست و بوێژ و نوسه ر ی ئیتاڵی له ساڵی ١٨٦٦ له دایکبووه و له ساڵی ١٩٥٢ کۆچی کردووه ، دووجار کراوه تـــه وه زیری زانستی ، دووه م جار له کابینه ی بادۆلیف بوو له پاش شکستهێنانی فاشییه کان .

کرۆتشه له ئازادیخواز وسه رپێچیکارانی فاشیزم بوو، بـه لاَم به هۆی که سێتی و ده سه لاَتیه وه ده وڵه تیش سه باره ت به و توندگیری نه کردووه.

پاش ته واوبوونی جه نگ بۆته وه زیر و دواترسه ره ك پارتی ئازادیخوازی و ئه ندامی جڤاتی دامه زرێنه ری سێناتۆران .

کرۆتشه به درێژایی ژیانی به تایبه تی له ســـــاڵی ١٩٠٣ ناوبانگ وگرنگی ده رکه وت، چونکه له وساڵه دابوو گۆڤاره به ناوبانگه که ی خۆی به ناوی « ره خنه گه ری» دامه زراند ، نوسینه هه مه جۆره کانی ئه م گۆڤاره زۆربـه ی کرۆتشه خۆی ده ینوسین ، له وانه ، فه لسه فه ، مێژو، هونـــه ر، ئه ده بیات ، گرفته کۆمه لاَیه تییه کان ، رامیاری . ئـه م گۆڤاره له بیری ئیتاڵییه کاندا کاریگه ریه کی زۆری هه بوو ، له نێوان ساڵه کانی ١٩٠٣ - ١٩١٧ کرۆتشه کۆمه ڵێك له تیۆره فه لسه فییه کانی خۆی له ژێر ناوی «فه لسه فه ی گیان - روح » دا نوسیوه ، ئه وانه به بنه ماو یاسای چوار لانه ی فه لسه فی ناسراون، بریتی بوون له جواناسی وئاکار و زانستی خوایه تی و فه لسه فه ی مێژو .

ناوه رۆکی ئه م کۆمه ڵه وتاره نه ك ته نها له ئیتاڵیا بـه لکو له گشت ئه وروپـــــادا گرنگییه کی لــــه راده به ده ری پێدراکرد ، به تایبه تی ئه و به شه ی پـــه یوه ست به جواناسیه وه یه، بۆ جۆره‌های زمان وه رگێردرا.

کۆی نوسینه کانی کرۆتشه له هه شتا بــــــه رگ پترن، بابه ته کانی مێژوی وێژه ، مێژوی ئه وروپا ، ئابوریزانــی ، جواناسی ، لۆژیك ، فه لسه فه و ئاکاری گرتۆته خۆ . . . .

بابه تی ئه م کتیبه یان وه ك له ناوه که یدا دیاره ســـــه ر به جواناسییه .

## کورته یه ک له بیروڕای کرۆتشــــه ده رباره ی جواناسی

کرۆتشه له بواری جواناسیدا ئه م شه ش نوسراوه ی بـــه به رهه مه هه ره گرنگه کانی خۆی ده زانی ، لــه م به رهه مانه یدا ، رونکردنه وه ی زۆری به رویه کی کورت به ده سته وه داوه ، به و ناوه رۆك و هه مه ییه به رجه سته ترین تیۆرو باوه ڕی فه لسه فی به درێژایی قۆناغه کـان ده رباره ی جواناسی له تۆیی ئه وبه شانه دا به یانکردووه و ته رزی به یانیشیان به جۆرێکه که خوێنه ر بـــه بـــیٚ ئه رکێکی بیری زۆر ده توانێت نیـــــازه کانی بدرکێنێت ، ئه مه ش لـــه روانگه ی نوێکاری فه لسه فه وه خـاوه ن گرنگی پێدانه چونکه به باوه ڕی ئه و جواناسی لـه گشت تۆژینه وه فه لسه فیه کانی دی بۆ تازه پێگه یشتوان لــه بارتره، ئه وده ڵێت شیعروهونه ر هۆیه کی وریاکردنه وه ی بیرن .

لاوانێك هه ن که ده یانه وێت ئاشنای فه لسه فه بن ، چونکه بۆ نمونه : لێکۆڵینه وه ی سه روسروشتی یـــــا لێکۆڵینه وه ی لۆژیك ، که دیاره به شـێکی فه لسه فه ن هه م وشك و بێگیانن هه م پێشینه ی زانستیان گه ره که ، هه روه ها ئاکار که چـــاوگی فه لسه فه ی دی یه وه ك په ندوئامۆژگاری دادانه، له بیری لاواندا روبه روی جـۆره به رگرییه ك ده بێته وه ، له هه مانکاتدا ده روناسی نـه ك ته نها یاریده ی جواناسی نادات به لکو بیریش لـــه ده وروبه ری جوانی دورده خاته وه ، ئه وکاته ش ئاشنابوون به هه مه یی جواناسییه وه هه م یه که م قۆناغی خۆی بـۆ ئه م زانسته و هه م راسته و خۆش بیر بۆ تۆژینه وه ی تـری فه لسه فه ئاماده ده که ن .

کرۆتشه له پێشه کیه که دا که بۆ چاپی فه ره نسی ئــه م نوسراوه نوسیویه تی ، کورته یه کی روانگه ی خـــۆی ده رباره ی جواناسی خستۆته روو ، سه رنجێکی گشتییه و خۆی به په یره وی شێوازێکی ته واوکه ری فه لسه فه یه ك ده زانێت که له سه ده ی هه ژده م وهه ژده مداسه ریهه ڵدا، به ئامانجی سه لماندنی سه ربه خۆیی هونه ر واته پێشاندانی

هەولێرنامەی کتێب

شوێنی هونه ر و دابینکردنی ئه و بنچینه یه ی که ده بێت هونه ر له ره نگدانه وه کانی تری گیانــی - رۆحی - مرۆڤ وه ك داهێنان و هه ڵسوکه وتی لۆژیکی و فه لسـه فی و زانستی و ئاکاری هه ڵوه شێت .

ئه م بیره واته سه ربه خۆیی هونه ر له مێژوی فه لسـه فه ی ئه وروپادا ره وتی گۆڕانکاری و به ره وپێشه وه چوونی لـه خۆگرت ، به جۆره ها مانای جیاواز ده ربڕدرا ، بۆ نمونه لـه سه ره تا سه رهه ڵدانی ئه م فه لسه فه سـه ربه خۆییه ی هونه ر به شێوه یه کی بویه کی هه ستی شه شه می هونه ری که سه ر به جوانیبێت ره چاوکرا ، به ڵام دواقۆناغ « یـان قۆناغێك که کرۆتشه به قۆناغی کۆتایی پێشانی ده داو هه ر خۆی رابه ریان بوو » ئه مه یه که هونه ر ئه و تایبه تییـه سه ربه خۆ و جیاوازه ی هه یه که وه روخستنی « هه سـتی جوانی » له رێگه ی بینین و وه روخستنه وه **intuition** یان گراو و به جوانیدا هه ڵگوتن – غه زل **Lyripue** نـــه ك زانستی و فه لسه فی ، واته مرۆڤ به وه ی که به رووخستن و بینین په ی پێده بات له سه رکه ڤاڵی ئه ندێشه ی به رجه سته ی ده کات وبه زمانی خه یاڵ یا شیعر یـا ره نگ دوپاتی ده کاته وه چ بۆخۆی چ بۆ ئه وانی دی ، به رامبه ر به مه هه رچه نده درکاندنی هونه ریش زانستێکه بـه ڵام جۆرێکه ته واو سه ربه خۆ و مانای روده کی سه ربه خۆیی هونـه ر ده بێت له م چۆنێتییه وه بپشکێندرێت و به دیبێت .

گه رچی تیۆره کانی کرۆتشه ده رباره ی رێگه کانی بـه رهه مهێنانی زانست و تۆژینه وه یه کن جیاواز ، وه لێ تـــا راده یه ك به ویستی کرداری ته بـاو گونجاو ، ده تـوانین لێره دا شاکارێکی کورتی بخینه روو .

کرۆتشه ده ڵێت : زانست و زانیاری له دوو رێگه وه ده ست دێت ، یه که میان بینین و وه روخستن ، ئه وی دیان به **به ڵگه** و به رهۆشه کی کردن .

روییه که م ، تایبه ته به جواناسی و هه ستییه به یاریده ی ویستی ناسینی که سێکه وه به ئه نجام دێت ، دووه میـان هۆشه کییه و سود بینینه له چمکه کان و به یاریده ی ناسینی هه مه یی شیاوه وه به دی دێت .

به باوه ڕی کرۆتشه سه ربه خۆیی هونه ر راســـته وخۆ لێره دایه که « تاکه که س » ، ته نها به یاریده ی ناسینی هه ستییه ،وه ك بناغه ی دیده ی هونه رییه ده تـــوانێت راستییه تی رێژه یی شته کان بناسێت . . . . . چونـکه راستییه تی تاکیی شته کان هیچ کاتێك نادرکێندرێت ، واته سه روکاری به هه مه یی یه شیاوه کانه وه هه یـه ، به ومانا یه وه په یوه ندی رێژه یی کردن له نێوان چمکی شتێك و شتێکی دیدا هه یه ، شاکاری ئه م رووه له کتێبه که یدا رونده بێته وه ، به ڵام لێره دا پێویسته ئـــه م رایه شی بخه ینه سه رکه «تاکه که س » بابه تی هونـه ری کرۆتشه جۆریك تێده گات که هه مه یی هه بێت ، به ڵام هه مه یی هۆشه کی یا تێگه یی نییه .

به وشـــێوه ی که له کۆی به رهه مه کانـــی کرۆتـشه تێگه یشتوین ، وه رووخستن و بینین له هه مان درکاندنـی جوانی دایه ، به ڵام جوانی مۆرکی خودی شته کان نییه ، به ڵکو تایبه تییه که له خودی ده رونی بینه ردایه ، چونکه ئه نجامی چالاکییه گیانییه کانـــی که سێکه که جوانی به شته کان ده به خشێت یان له شته کاندا وه رویـده خات، بۆ که سێك که توانای وه روخستنی هه بێت جوانی گشت جێگه ییه ك ده ته نێت و په یداکردنی یا به دیهێنانـی جوانیش بریتییه له هونه ر .

به مشێوه یه جوانی یه کێکه له چالاکییه گیانییه کان ، به کورتی ئه م چالاکییه له ناوناچێت مه گه ر له به رابه ر بزوێنه رێکی ده ره کیدا . . . . تا له جیهانی ئه ندێشه دا کاتێك شوێنه واری ئه وجۆره خرۆشانه ته با بێت به لایه نی ده رونی گیان جوانی به دی دینێت ، ئه م یه کگرتنـه ش هۆی په یدابوونی جوانییه و له زاراوه ی کرۆتشه دا بـه **Expression** یا ده ربڕین ناوبراوه .

ئه م پله زۆرانه ی فه لسه فه ی کرۆتشه لـه راسـتیدا یه کێکن له «نیشانه ی لاوازی » تیۆره که ی ، هه ڵـه ی کرۆتشه له وه دایه که بینین و وه روخستن به یه ك شت ده زانێت نه ك دوو شت ؛ واته له هه ستی جوانیدا به دوو قۆناغی جیاوازیان ناگرێت .

کرۆتشه له و باوه ڕدایه هه مان راده که خاوه ن چه شه ی هه ستی جوانی له شتێکدا به دی ده کات وگیانی دێنێته له رزه له ویژدانی دا نه خش ده به ستی ، واته ئه م هه ستانه به یاریده ی شێوه کان یان وشه یا ره نگ یا ده نگ جارێك شێوه ی ده ره کی له خۆی ده گرێ جارێکی دی ته نها بـــه ره چاوکردنی زه ینی یا به وێنه ی زه ینی به دیدێت و جوانی هه ستپێکراو وکاری هونه ری به ئه نجامدێت ، هـه ر چه نده هیچکاتێك که سانی دی ئه م کاره یان نه بینیوه یا له بنه چه دا شێوه ی ده ره کی په یدانه کردووه ، دیـاره به ئاراسته بون له مانای ساده ی وشه ی « وه روخستن » که پێشاندانی جیاوازه له به کاربردنی له جێیه کدا که ڕا و راگه یاندنـی جیاواز له زانین پـه یدانه کات راست پێش چاونه که وێت، به لاّم روی چاره سه رکردنی « وه روخستن » لـه زاراوه ی کرۆتشه دا ئه مه یه کاتێك شتێك له جیهانی ده ره وه ، بۆ نمونه : شاخێك یا شێوه یه کی جوان یا ئاوازێك . هه ستی جوانی که سی خاوه ن چه شه ده خرۆشێنێت ، له راســـتیدا هه ستی وه رخراوی بۆ خودی خاوه ن هه ست « وه روونه خستووه »، جارێك ئه م بابه ته بۆ که سێك ده گێڕێـته وه جارێك نایگێڕێته وه ، به لاّم (شێوه ده ره کی ) دان بـه م وه رخستنه یان پێشاندانی به ڕایه کی دی کرۆتشه بـــه په یوه ندی Communication یا راگه یاندن نــــاوی ده بات . به باوه ڕی کرۆتشه هه میشه ئه و شته ی که هه سته کانمان بۆمان وه رده خه ن لامان جوانه و راگـه یاندنی به که سانی دی له مه رجه کانی بنچینه ی جوانییه ، واته هه ستی جوانـی ده شێت له ده رونماندا ره نگبداته وه و کاریگه ری ته واوی خۆی به بیرمان به خشێت و لـــه ده رونماندا په سه ندبێت .

ئه م تۆژینه وه یه به ره وناواخن یـا ده ره وه ی بونی جوانییان ده بات ، ئه م گرفته شه که هه میشه شوێنی وتوێژبووه .

چه ندان تیۆر سه باره ت به پێناسه ی هونـــه ر و جوانـی وه رخراون به رویه کی گشتی دووجۆرن ، یــــه که میان Subjectif یان زه ینی و « ده رونی » یه و . دووه مـیان Objectif یا « عه ینی » و «ده رکیی » یه ، خـاوه ن تیۆره سه بجێکتکه کان ده ڵێن : جوانی شتێك نییه که له جیهانی ده ره کیدا بوونی هه بیت ، بتوانریت به مه رج و کێشانه ی تایبه تی پێناسه بکرێت ، به لکو چۆنیه تییه که زه ینی ، مرۆڤ له به رامبه رهه ندێ له شته هه ستپێکراوه کاندا له خۆیدا به دیده هێنێت ، یان به واته ی کرۆتشـــه جوانی چالاکییه کی گیانی که سی خاوه ن هه سته نـه ك سپوت و تایبه تییه تی شته هه ستپێکراوه کان ، لـــــه لایه کی تریشه وه خاوه ن تیۆری ئۆبجێکتی یـــــان « عه ینییه کان » باوه ڕیان وایه که جوانی تایبه تییه کی « عه ینی » بوه کانه و زه ینی مرۆڤ بـــه یـاریده ی بنه ماو یاسای تایبه ته وه ده یدرکێنێ ، هه مان شێوه که زانیاری تریش به پێی یاسای سه ربه وان ده درکێندرێت .

ته نها تیۆری که له نێوان تیۆره ســـه بجێکتییه کاندا گرنگی تایبه تی په یداکردبێت وه ڕوخستنه یان ده ربڕین ، که کرۆتشه دایهێناوه، وه ك ئاشکرایه ناوی Intution واته هه ستپێکردن یا بینین و ده ربڕین Expression و هۆنینه وه Lyrisme یان به سه ردابڕاوه و شاکاریشیان به گشتی له تۆیی نوسراوه کاندا تێبینی ده کرێت .

هه ندێك تیۆری دیکه ش که پاڵپشتی ئـه م ڕێبازه ن به کورتی بریتین له باوه ڕی ناسراو به ره ســه نایه تی - چێژ - که هه ستی جوانی هه ستی چێژ به خش لـــه به رامبه ریدا داده نێت و باوه ڕێك که هه ستی جوانی به کاتیگۆری خۆشی و یاری ده زانیت و هه روه ها باوه ڕیکی دی که هه ستی جوانی به یه کێك له دیــارده کانی خۆرسکه سه کسییه کان ده زانن و باوه ڕێك که هه ستی جوانی به وێناندنی ئه ندێشه ی شته کان ده زانن که لـه زه ینی مرۆڤدا نه خشده به ستن وئه م وێناندنه گشتییه ش جیاوازه له درکاندنی هۆش و دیسانه وه ش تیۆری ناسـراو هه ن که ده ڵێن : جوانی بریتییه له هه ستێك بۆ مرۆڤ به « هاوده ردی » له گه ڵ شته ده ره کییه کان یـــان به رامبه ر به هه سته کانی خود به دی دێن ، به م مانایه شوێنه واری شته کان ته نها به شێکی تایبه تی روده کی شته کان نییه ، به لکو به شیکه له وه ی که چ شـــتێك

به بیرماندا ده هێنێت و چ هه ستێك له بیرماندا ده خرۆشێت ، دیاره ئه مه ش پێكهاتێكه له نێــوان وه روخستنی سه بجێكت و وه روخستنی ئۆبجێكتدا ، لـــــه وانه یه ده برِینێكی وه ها له راستیدا نزیكتربێت و هه میشـــه كه سانێك كه بوون و هه ن راسته وخۆ راستییه تـی جوانیان به كۆی نێوان دوو روانگه ی سه بجێكت و ئۆبجێكت زانیوه و ده زانن ، ده ڵێن : راسته ئه م روانگه یه بـه و پێیه ی زیاتر به و دوو روانگه ی سه ره وه به نده ، چونكه لایه نی ئه و چالاكییه گیانییه ی كه به هه ستی جوانی كوتایی دیت له به رامبه ر هه ندیك هه ستپیكراودا « كه ده توانین به - دزیو = ناشیرین » ناویان به رین » له بنه ره تدا نـاجولیت ، كه واته هه ستپیكراوه كان له بری ئه وه ی ئـــــه و چا لاكییانه بخروشینن ده بیت مه رجیك له مه رجه كانیـان تیدابیت ، ئه مه له لایه ك و له لایه كی تریشه وه شتیك كه چالاكی گیانی جوانی له كه سیكدا ده بزوینیت زورجـار له وانی دیدا ئه و جوره چالاكییه ناخروشینیت ،كه واته زیاتر له مه رجیك كه ده بیت له هه ستی كه سیكدا هه بیت ، ئاماده یی تایبه تیش پیویسته له زه ینی كه سی خـــاوه ن هه ستدا خه ملیبی تــــاوه كو له و هه ستپیكراوه دا كارتیكه ریكی تایبه ت به دیبیهینیت .

تاوه كو ئیره ئیدی رون و ئاشكرایه كه تیــوری كروتشه لـه مه ر جوانییه وه له كومه له ی تیوره « زه ینییه كانه »

په راویز :

**Intuition** دوومانا ده به خشیت ، واته - مه زه نده یی . و - البدیهیه - شتی بو سه لماندنی پیویست به به لـگه نه كات . مه زه نده یی :(١) باوه ریكه ده لیت راســتی بنچینه یی هه ن به مه زنده ده ناسرین .(٢) باوه ریـــكه ده لیت : به هاو ئاتاجه ئاكارییه كان به « بـه ده یهیات » « وه روخستن » ده ناسرین ، له و وه رگیرانه دا لـه گشت جیگه ییه ك زاراوه ی بینین و وه روخستن یان ئیكسپریشن واته ده ربرین - م له جیگه یاندا به كاربردووه .

◻



# هاووڵاتیانی كوردستان لـه وڵاتانی ئه ســـكه ندینافیا و ئـــه وروپای خۆرئاوا به ده نگ بـانگه وازه كه ی

## { بیركه ره وه كانی كورد له هه موو جیهاندا بۆسه ركرده نیشتمانپه روه ره نـه ته وه ییه كان وئاینییه كان و سیكۆلاریسته كانی كوردسـتان }

## ده نگی خۆیان ده رده برِن

دوا به دوای بڵاوكردنه وه ی بانگه وازی پشگیری لـه بیركه ره وه كانی كورد بۆ په ره پێدانی خه بات لـه پێناو گه یاندنی بزاڤی نیشتمانی كوردستان به ئاستێك كـــه هه رده م به سودو قازانجی هاووڵاتیانی كوردستان بـــێ و به رده وام ده سكه وتی نیشتمانی وسه ركه وتن به ده ست بێنێ بۆ رزگاركردنی ئه م بزاڤه له ئاژاوه ی جه نگی نـاوه خۆ،قه یرانی بیری تاكرِه وی و گه یشتن به به رنـامه یه كی نیشتمانی كه راژه ی دوارۆژی كوردستان و بزاڤه نیشتمانییه كه ی بكات ، به ده یان له هاووڵاتیان لـــه ئه ورووپای خۆرئاوا و وڵاتانی ئه سكه ندناڤیا بـــه تۆماركردنی ناو ئیمزای خۆیان له سه ر لیستی بانگه وازه كه ، پشگیری خۆیان له ناوه رۆك و دواكارییه كانی بانگه وازه كه ده ربرِی ، لێره دا نـــاوی ئه م هاووڵاتیه به رِیزانه تۆمار ده كه ین كه تا ده رچونی ئه م ژماریه ی گۆڤاری دلانـــپار ناو و ئیمزایان گه یشتۆته پۆســـتی كۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی كوردستان .

1- Abdulkadir. M. A
2- Galawish .S.I
3 - Muzafar .A
4 - Herish. A
5 - Dr. Kareem Arif.
6 - Hunermend dangbej . Naze.
7- Hunermend . Newroz Botani.
8-Kawa Baram.

تـــكایه بۆ لاپه رِی 68

گیرۆمی ستۆلێنتز

# ره خنه ی هونه ری

گۆڕینی له عه ره بییه وه بۆ کوردی – زاریسۆرانی
ره هــبه ر جه لال

هەواڵنامەی کتێب

هۆی سه ره کی ، وه ك نیازمه لێره دا بیسه لمێنم ئه مه یه : که زانیایانی ده روناس زۆربه ی کات له به رئه زمونکردنی « ره خنه کارانه ی » باوه ڕیان له باره ی سروشتی هونه ر و بابیه کانی زۆرکه مته رخه مبوون ، له کاتی ئه نجامدانـــی تاقیکردنه وه کانیاندا ئه و گرفتانه یـــــان وا وه رده گرت هه روه ك « گرفتی بێچه ندوچوون و سه لمێندراوبن » .
زانیایانی ده روناس تاقکردنه وه ی بێئه ژماریان ئه نجامداوه ، له و ئه زمونانه شێوه ی ئه ندازیاریانه ی ساکاریان بـــه کۆمه ڵه خه ڵکێك ده دا، لاکێشه ی روبه ر جیا ، یا په ڵه ره نگێك ، پاشان داوایان له تاقیکراوه ده کرد شــێوه کان هه ڵگێڕو و وه رگێڕبکه ن ، داخوا کام له وانه بـــه گه م ده که ن ، ئه وشێوه و ره نگه ده ستنیشانکه ن کـــه پتر چه شه یان پێده به خشێ، به مشێوه له تاقیکردنه وه یه کدا به ســـه ر چوارهه زاروپێنسه دوپه نجاوشه ش که سـدا ، واده رکه وت که ره نگی شین له ره نگی سور به گه م تره یاخود ره نگی پرته قاڵی « نارنجی » له گشت ره نگه کان که مترسه رنجراکێشه ره ، له تاقیکردنه وه یه کی تردا، وا ده رکه وت که ئه وشێوه ی ره ش ، ســــور، خۆڵه مێشی کۆده کاته وه به رچاوتره لـــه وه ی زه رد ، خۆڵه مێشی ، ســــور به یه که وه بن . . . . . و برۆ دوێ و ، هتد.
جا ئێسته نرخی ئه م تاقیکردنه وانه چیه ؟ ئه زمونکاران هیوایان وابوو : گه ربێتو بتوانن چه ندییه تی هه ستکردن به چه شه ی تاکره نگ دیاربکرێت ، ئه وکاته ده تـوانرێ بایی کاره هونه رییه کان راڤه بکرێت .له کۆتاییدا ده شێ واته ماشـــای کاریگه ری پێکهاته ی تـــابلۆ و کـــاره ئێرخیتێکتۆرییه کان « بیناسازی » و دیمه نی ســــروشت بکرێت ، که کاریگه ری ره نگه کان به پله یه کی دیـار چه شه به خشن ، په یوه ندییه ك کۆیان ده کاتـــــه وه

وه لی ئه م ته قه لادانه هه رله سه رتاوه نه زۆکه . جه فه نگ « هیما » و بایی ره نگیك به ته نیێ زۆر له وه جیاوازتره وه کئه وه ی له تابلۆیه کدابێ ، له کارێـــکی هونه ری ته واودا رواڵه تی ره نگ و توانای له به رچه شه بوون و وروژاندنی ئه ندێشه و هه ڵچونمان په یوه سته بـه گشت ئه وپه یوه ندییه ئاڵوگۆڕکراوانه ی رواڵه تی ئه و ره نگه له گه ڵ هه رچییه کی له و تابلۆیه دا هه یه ، ئه و چێژه ی ره وانیده کا « ده یدات » به پێکهاتنی بۆیــــه ی ره نگه وه کاریگه ره ، ئه و هاوکێشه ی به ره نـگه کانی دییه وه ده به ستێ ، هه روه ها شێوازی شێوه کاری هێل و قه واره له تابلۆکه دا ، خه ڵکه کان یاخۆ روداوه کان کـه « بابه ت » پێکدێنن و وه ك چۆن توانیستی ده ربرپـن و هه ڵچونی تـه واوی کـاره که و چه ندین هۆکاری تر، «که سکیزه ردباو» ئه گه ر ته رابکرێت « واته لـــه گشت ره نگه کانی ترجیاوازبکرێته وه » له هه رتابلۆیه کی « تۆلز لۆتریك» دا به تاڵ و پرپوچ ده نوێنێ، که چی هه رگیزکاتێ له تابلۆکه دایه واناديتريت، له به رئه وه هه موو پێزانینێك له ئه نجامدانی ئه م جۆره تاقیکردنه وانه ی په یوه ندن به په لره نگ بۆ نرخی کاری هونه ری رێتێناچێ و ده ستخه رۆکاره ، هه روه ك مامۆستا مۆرگان ده ڵێت :( سروشـداری تابلۆی ئالگریکۆ به هه ڵواسراوی له موزخانه یه کداهه رگیز ناکرێ و له گه ڵ چه ند لاکێشه یه کی کاغه زیـــکارتۆن به راوردبکرێت . . . . . ئه سته مه ببینین . . . . چــۆن ده کرێت به راوردی چه ند دانـه کارتۆنی به سـه ریه کدی که وتو به یه که وه کۆکرێته وه یه ك به سه رئه وه ی دیدا بۆ راڤه کردنی به رسیڤمان له به رابه رکارێکی هونه ری، لـه راستیدا زۆربه ی ده روناسان رێــوێـلن ، چونکه به رێبازی ره خنه گرانه بیریان له سروشتی هونه ر نه کردۆته وه . تێینه بیراون ، سودیان له وئه نجامه ش وه رنه گرتووه ، کــــه جوانزانی پێیگه یشتووه ، گه ر ئه مه یان بکردایه جیاوازی گرنگی نێوان له تێکی کاری هونه ری و خودی کـــاره هونه رییه که یان ده رك ده کرد .

رویه کی تر ی که ماسی له وجۆره تاقیکردنه وانه دا هه یه، ده روناسان گریمانی ئه وه یان کردووه که بایی هونـــه ر به و هێنده ی به رچه شمان ده کات ده پێورێ ، وای تێده گه ن ، کاره هونه رییه کان چاکن گه ربه ر چه شمان که ن ، گه ر وانه بن دیاره خراپن ، له گه ڵ ئـــه وه ش ئه مه یه ك له و باوه ڕانه یه کـــه ده که وته بـــه ر هه ڵوێستی ره خنه گرانه ی جوانزانی . گه ر له و باوه ڕه وردبیته وه خۆت ده بینییه وه که ئاماده یت بێژی : هه موو کارێکی هونه ری باش چه شه به خشه ؟ ئێباشه لـه مه ڕ تراگیدیای وه ك « ماکبت » چبلێین ؟ ئه م کاره هونه رییه ئاسایی به کارێکی هونه ری « چاك » دا ناندرێت به لکو به هونه رێکی « باڵا » ده ژمێردرێت ، له گه ڵ ئـه وه ی وێنه کارییه کی پرئێشی به دیی و بێهیواییه . لـــه تواناشماندانییه ، له وباره وه له « رێکه وتی تراگیدیایـی بکۆڵینه وه ، له دوایدادێینه سه ر ئه وباسه ش . لـه گه ڵ ئه وه ش ئێسته ده روه ستین ئاگاداربین که تاقیکردنه وه ی سایکۆلۆژی ، به وپه ڕی سوکایه تی یه وه گریمان ده کات : که راستی شت ده بێ به رێگه ی ره خنه کی تاقیبکرێته وه . با دانوستاندن له سه ر بیانوی یه که م کورت که ینـه وه ، که ده ڵێت : ده رزکردنی جوانـزانی پێویست نییه ، چونکێ لێکۆڵینه وه ی تر هه ن له هونه ر ده کۆڵنه وه و ده تۆژنه وه ، ده توانن به رسیڤی گشت پرسـیاره کــان بده نه وه . دیتمان ئه و بیانوه به تاڵه ، پرسیاری دابـڕو دیاریکراو ده رباره ی هونه ر هیچکام له و لێکۆڵینه وانه ناتوانی تاقیان بکاته وه ، هه روه ك دیتمان ئه نجامدانی ئه م تاقیکردنه وانه زۆرجار لێکۆڵینه وه کز ده کات یـــا به تاڵی ده کات ، له وه شه وه راڕ ده بێته پێویستی ئه و لێکۆڵینه وه نـــافه لسه فیانه په نابه نه به ر جوانزانی و لێیبخوازنه وه .

له لایه کی تره وه جوانزانیش نایکرێت ئه م لێکۆڵینه وانه پشتگوێبخات ، پێویسته سه رنجی ئه نجامه کانیان بدات ، بۆ وه ڵامدانه وه ی ئه وپرسانه ی په یوه ندن به سـروشتی هونه رن په نایان وه ربات ، گه ر جوانزانی ئه مه نه کات واتا جموجۆڵه کانی له بۆشایدا پیاده ده کات ، له توانـایدا

نییه به شێوه یه کی گشتی ئه گه ربه ڵگه ی په یوه ند بــه کاری هونه ری دیاریکراو نه خاتــه روو « نه خاته وه ». ئه مانه ش ئه وبه ڵگانه ن که له لایه ن زانایانی هونه ری سایکۆلۆژی ومێژووناسانی هونه رو ره خنه کاران گردده بنه وه . . هتد . هه ر ئه مه شه داوامان لێده کات ئامۆژگاریه کی خوێنه ری ئه م لێکۆڵینه وه یه بکه ین : کــــه هه رده م پێویسته ئــــه وه ی لێره دا ده گوترێ تاقیبکه یته وه به به جێهێنانی له سه ر زانیاری تایبه تت له باره ی هونه ره وه ، هه ر چیه کی تریش که له وانه کانی وێژه و هی تر کـه فێریان بویت . هه رچۆنی بێ ئه م زانیارانه بـــه رده وام سنورکراون ، «که سێك نییه زانیاری ته واوگشتی ده رباره ی هه موو هونه ره کان هه بێ » به ڵام گه رانه وه بۆ ئـــه م به ڵگانه ته نیا ریگه یه بوارمان بۆ برِ خسێنێ و بتوانین بیرێکی روون ده رباره ی باوه رِه کان گۆزه رکه ین . به وه بزانین ئایا بونیان ره وایه یا نارِه وا .

به مجۆره جوانزنی و لێکۆڵینه وه نافه لسه فیه کانــی هونه ر ته واوکاری یه کدین ، جوانزانی جێگری لێکۆڵینه وه کانی ده رونزانی وکۆمه ڵزانی وبواره کانی ترنییه هه ڵبه ته پێویسته ئه نجامه کان رێکبخرێن وپله دارکرین تاده رباره ی هونه ربگه ینه باوه رێ دروست ، هـــه روه ك لێکۆڵینه وه نافه لسه فییه کان ده توانن له و بارانه وه سودمه ندبن بۆ رێچکه ی ئاراسته ی لێکۆڵینه وه کانیان، پێویسته ئاماده بین بۆگۆرِینی باوه رِ کانمان به گوێره ی به ڵگه ی نوێ ، ده بـێ لقه کانی تریش ، وه ك ده رونزانی ، باوه رێ چاك کراومان به هێند وه ربگرێت وبیان کاته رابه ری ئه ولێکۆڵینه وانـه ی ئامانجیان دۆزینه وه ی به ڵگه ی تره ، ئه وه یه ئه م رێگه ی زانیاری مرۆڤایه تی لێوه ی په ره ده ستێنێ ، ئـــه مه ش پرۆسه یه که هه رگیز کۆتایی نایێ .

بیانوی دووه م :

لێکۆڵنه وه ی جوانزانی نه زۆکه ، له به رئه وه ی بـایهونه ر له رێگه ی تاقیکردنه وه ی تــــایبه تی راسته وخۆی که سایه تییه وه نه بێ نازاندرێت ، گه ر بخوازیت سروشتی کاره هونه رییه کان بزانیت وله مانای چێژوه رگرتن بگه یت لیێی به ر چێژبیت ، پێویسته راسته وخۆ به و تاقیکردنه وه دا ره ت ببیت { تاقیبکه یته وه } ، تاقیکردنه وه ی دیتن و بیستن ، به ڵام گه رهاتوو ئه مه ته نێ له رێگه ی بیر کردنه وه له هونه رو دوان ده رباره ی ئه و ئه نجامبده یت ، هه روه ك ئه م بیانووه ده ڵێت ، به شـت که وتنه و سه رناکه وی .

ئه م بیانووه « په ڵپه » ئێجگار کۆنه ، تـاوه کو ئیمرۆش باوترینه ، له راستیدا ئه و په ڵپه ته نیا دژی جوانزانی له ئارادانییه ، به لکو ئاراسته ی زۆرلایه نی تری هه ڵوێسته تیۆرییه کانی تاقیکردنه وه ی مرۆڤایه تی کراوه ، بـه ر له هه ر شتێ ده ڵێن ، ئاشــــکرایه به پیشه کردنی تاقیکردنه وه ی دیارکراو له زۆرلاوه جیاوازه لــــه وه ی بیری لێبکه یته وه یا شتێکی ده رباره بزانی ، خواردنــی جه مێك خۆراك وه ك ئه وه نییه زانستیانه له ئه رکه کانی کۆئه ندامی وهه رس وچۆنییه تی به رخۆراك بوون بـکۆڵیه وه ؟ دیتنی ره نگی سوریش له دارِێژتنی یاسای زانستی روناکی ناکات ، هه روه ها خوێندنه وه ی رۆمانێـك ، گوێگرتن له سیمفۆنییایه ك له تاقیکردنه وه ی ره خنه کی باوه رِه کانمان له باره ی هونه ره وه له یه کدی جیان ، ئه و بیانوه گه ر هیچ سودی نه بێ ،ئه وه سودی ئه وه ی هه یه رێ ده گرێت ئه و دووگرفته تێکه ڵ بکرێن،لێکۆڵینه وه ی جوانزانی نالویێ جێگری چه شه ی قوڵ و راســـته وخۆی هونه ربێت .

به ڵام ئه وه ی ئێمه پێوه ی خه ریکین تێگه یشتنه له تاقیکردنه وه که مان،هیچ تاقیکردنه وه یه کیش نییه خۆی راڤه کات «تاقیکردنه وه خۆی راڤه ناکات»، ئــــه زمونی دیتنی ره نگی سور ئه وه راڤه ناکات چۆن به تاقیکردنـه وه که خه ریکده بین ، یانه وکارانه چین له کاتی تاقیکردنه وه که دا رووده ده ن ، بۆ په ی بردن به وه ده بێ تۆژینه وه له پێکهاته ی چاو و کۆئه ندامی هۆش له ئه ستۆبگرین ، سروشتی فیزیکی بابه ته کان ، روناکی . . . . هـتد، به راستیش که س ناتوانی نکۆڵی له وه بکات ئێمه له م رێگه وه زانیاریه کی دڵنیامان ده رباره ی هه ستی دیتن

وه گیرهاتووه، ئه مجۆره زانیارییه وێنه کراوه **conceptual** تایبه ته به وه ی که له دیتنی روت « روته روانین » لـــه خودی هه ر تاقیکردنه وه یه کی خۆی فراونتره ، ئـه مه ش خۆ له گه لێك سه ره تاو گشتیه تی وا ده رده خا که هه ر له تاقیکردنه وه ی رووته دیتن به راستناگه رێت ، به لکو بـۆ ژماره یه کی زۆر له و تاقیکردنه وانه به راستده گه رێت ، هه روه ك وتمان ئه م زانیارییه له زانیاری بـــه رهه ستبووی وه گیرهاتوو جیاوازه ، بــه ڵام له ویش کـه م بایه خ تـر نییه .

به رابه ر ئه وبیانوه ی که ده ڵێت ئێمه ناتوانین له هونـه ر « بزانین » ، ته نێ له رێگه ی تاقیکردنه وه ی راسته وخۆوه نه بێ ، پێوه ی دیاره که په سه ند نه بێت ، له به رئه وه ی په یقی « بزانین » ئاڵۆزه ، ئێمه مه به ستمانه فێربین ئه و بارانه چین که بۆمان ده لوێ خاوه ن تاقیکردنه وه ی چه شه کاری جوانی بین ، به چجۆرێك ئه م تاقیکردنه وه یه لـــه ته واوی تاقیکردنه وه کانی تری مرۆڤایه تی جیاده کرێتـه وه ، بـــه ڵام هه رگیز نارِه خسێ ئه مه له ته نیا تاقیکردنـه وه یه کی که رِو لاڵ بزانین ، به لکو پێویسته گه لێ لـه و تاقیکردنه وانه شیکه ینه وه و به راوردیان بکه ین تاوه کو تێگه یه یه کی هۆشه کی مان وه گیرکه وێت ، له به رابه ر ئه وه شدا تاقیکردنه وه به ته نێ هه رگیز ناتوانێت ئـه وه راڤه کات که مه به ستمان چییه کاتی له « هونه ری جوان » ده ده وێن . جیاوازی چییه له گه ڵ ئه و بـــــابه تانه ی هونه ری نین ،لێره وه را ده بینین بیرکردنه وه له کۆمه ڵێکی زۆری بابه ته کان پێویستده کات تاقیکردنه وه ی راسته و خۆی یه کێکیانی به دواوه بێت ، گه ر وانه بێ تاقیکردنـه وه ی مرۆڤایه تی به پله یه کی ره نجێنه ر سنورکراوه .

ده شێ بگوترێ زانیاری وێنه دید « به رچاوخه ر » بـــــه ته واوی ده که وێته ده ره وه ی بـــــواری تاقیکردنه وه ی ده رکردنی راسته وخۆی هونه ر ، ده شـێ هه ر شتێ کـــه بیری لێده که ینه ده رباره ی « هونه ر » چ په یوه ندی بـه به رچه ژبوونمان له کـاره هونه رییه تایبه تیه کانه وه نه بێ . به ڵام ئه وه ش یه ك به خۆی هه ڵه یه و راســـتنییه ، وه ك

ده مه وی لـــــه دانوستناندنی په ڵپی داهاتوو ئـه مه بسه لمێنم .

---

## هاووڵاتیانی کوردستان . . . . . .

9 - Muhamad Kubad .
10 - Nadir Suhaila .
11 - Faraj Wahab Zangana .
12 -Rukia Fatah .
12 - Dr. Zahir Suran .
13 - Aidris Isa ( Muzikwan ) .
14 - Salah Salar Aziz .
15 - Osman Sarkar.
17- Barzan Karim .
18 - Sirwan Sorani .
19 - Seirko Jalal ( hunarmend ) .
20 - Nawal Machid .
21 - Hamid Husein .
22 - Ako Ahmad.
23 - Azad Burhan .
24 - Zubida Ahmad .
25 - Zirar Omar.
26 - Tahssin Mohmmad.
27- Nahida . M
28 - Waed Tahssin.
29 - Agid Ali .
30 - Kaiser Ali .

*به رێوه به رایه تی*

*کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان*

### پشگیریتان له بانگه وازی بیرکه ره وه کانی کورد له هه موو جیهاندا

پشگیرییه له بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان .
بنه بڕ کردنی جه نگی کورد و کورده
پیشاندانی رووبگه شی خه باتی نیشتمانی کوردستانه
هه نگاوێکه بۆ دیمکراتییه ت و ئازدی و سه ربه خۆیی

م . گۆركـى – وه رگێڕانى بۆ كوردى زاريسۆرانى
رزگارى مامه قادر

# كێشكۆڵه

كێشكه ش هه روه ك هه مووخه ڵكى تر نێره ومێيه ى عازه بيان هه يه ، بىَ هه وه س ده بن و باسى هه موو شتێك ده كه ن ، ئه مه وه ك له كتێبان دا نوسراوه ، به ڵام لاوه كانيان به گوێره ى هۆشـى خۆيان ده ژين .

هه بوونه بوو كێشكۆڵه كى دندوك زه رد هه بوو، ناوى پوديك بوو، له بن چوارچيوه ى پـه نجه ره ى گه رماويك له لاى سه ره وه ده ژيا ، هێلانه يه كى گه رم وگوڕى له پوشويه راش وهێندى شتى ترى نه رمۆكه دروست كردبوو، هێشتا فڕينى به تاقينه كردبۆوه ، به ڵام باڵه كانى لێك ده داوسه رنجى له گشت شتىَ ده گرت ، ده يه ويست به زووترين كات بزانىَ دونياى خودا چييه ؟ ئايا به كارى ئـه و دێت يا نا ؟

– چى .. چى ؟ – دايكانه ى دايكى پرسيارى لىَ كرد .

ئه و باڵه كانى لێك داو به سه رنجه وه چريكاندى : يه كجار ره شه . . . يه كجار !

باوكى هاته وه ، هه ندى زه رده واڵه ى بۆ پوديك هێناو ده ستى كرد به خۆهه ڵكێشان :

– توخودا پياو نيم !

داكانه سه رى بۆ له قاند و گوتى :

– پياوى . . . . پياو !

پوديكيش زرده واڵه كانى قوتدا و بيرى كرده وه :

– به چى وا له خۆ بايى بوون ، به و كرمه بچوكۆڵانه ى كه ده رخواردتان دام ، سه يره ...ها !!

ئه وه ته هه ر سه رى قيت ده كاته وه و له هێلانه كه وه سه يرى ئه م لاو ئه ولاده كات .

– به سه ، به س ! (دايكه بىَ ئارام بوو ) ئاگاداربه سه ره ونگوم ده بى !

هەوالنامەی کتێب

- به چی ، به چی ؟ پودیك كه وته پرسیاركردن ،

– نه ك به چی ، به لكو به رده بی یه وه سه ر زه وی ، پشیله قه پ ! قوتت ده دا !

باوكه بۆی رون كرده وه له شه قه ی باڵی دا و ، فرِی تا هێندێكی تر راو بكات .

كات به م شێوه یه به سه رچوو ، باڵیش هیچ په له یان نه بوو برِوێن .جارێكیان بـــــای دیێ پودیك پرسیارده كات : چی .. . . چی ؟؟

– با لیێت ده دا .... چریك ! فرێت ده داته سه رزه وی ، پشیله . . . . پشه ره شه !! دایـــكانه رونی كرده وه .

پودیك ئه وه ی به دڵ نه بوو ، گوتی :

– بۆ داره كان ده له رنه وه : با به س بله رێنه وه ئه و كاته ش با هه ڵناكات . . . .!!

دایكه هه وڵی دا بۆی رون كاته وه ، كه ئه مه وانییه ، به ڵام ئه و برِوای نه كرد ، ئه و ده یـــویست هه موو شتێك به گوێره ی هۆشی خۆی لێك داته وه ، له لای گه رماوه كه وه كابرایه ك ده رۆیشــت و ده ستی خۆی داده وه شاند .

– پشیله باڵه كانی لیێ داماڵاوه ! ( پودیك گووتی ) هه ر ئێسقانه كانی ماوه !!

– ئه وه شیان ئاده میزاده ، ئا ده میزادیش هه موو بیێ باڵن ! ( دایكانه ووتی ) .

– بـــــۆ ؟؟

– ئه وان ئه وهانه ، بۆ ئه وه ی به بیێ باڵ بژیه ن ، هه رده م له سه ر لینگان هه ڵده په رِن . چیو؟

– له به رچی ؟؟

– ئه گه ر ئه وان باڵیان هه بوایه ، ئێمه یان راو ده كرد هه روه ك ئێمه زه رده واڵه راوده كه ین .

– جوك !!( پودیك ووتی ) جوك ، قسه ی بیێ مانا ! ده بیێ هه موو باڵیان هه بیێ، بۆچی سه رزه وی خراپتره له ئاسمان ؟؟ ئه گه ر من گه وره بم ، وا ده كه م هه موو خه ڵك بفرِن !!!

پودیك باوه رِی به دایكی نه ده كرد ، ئه و هێشتا نه ی ده زانی ئه گه ر به دایكی باوه رِنه كا كـــار به چاكه كۆتایی نایه ت . پودیك له سه ر لێواری هێلانه كه یان دانیشت و ئه م گۆرانیه ی ده گـــوت كه له دانان و ئاوازی خۆی بوو:– ئاخ .... ئاده میزادی دووپیێ .... جوك ، جوك ... جیو

باڵت بۆ په یدا نابیێ .... جیو ، جیو ... جوك

ئه گه رچی باڵات ده گاته دوو گه زه .... جیك ، جوك ، جـــیو

وه لیێ هه رده تخۆن مێشوله ومه گه ز .... جیو ، جـیك ، جـوك

مێشوله و كرمی بچكۆلانه .... جوك ...جیك ، جـیو

منیش حه م ده كه م هه رله ومێشانه !!... جیو... جوك ، جیك

پڕ به گه روی ده یچریکاند . . . . له پڕ له هێلانه که که وته خواره وه ، دایکی به په له به دوایـدا فڕی ، پشیله ره شه چاو که سکیش له و کاته دا له وێ په یدا بوو . . . . پودیك زۆر ترسا . . . ده ستی کرده گاگۆڵێ کردن و به سه ر قاچه بۆره کانییه وه هه ڵده قونییه وه ، چریکاندی :

– ڕێزمان هه یه بۆت مام پشیله . . . ڕێزمان هه یه بۆت تۆ هه ر گه وره ی ئێمه ی . . . . !!

دایکانه ش باڵی پێوه ده نا تا دووری بخاته وه ، له تاوان هه موو په ڕه کانی له شی قیت ببونه وه ، به ڵام ئازایانه و بێ ترس بوو . دندوکی به ش کردبوه وه ، په لاماری لاچاوی مام پشیله ی ده دا .

– وه ل به . . . وه ل به ! پودیك بفڕه ، بفڕه پودیك بفڕه زوو بفڕه بڕسه ر په نجه ره که ، بـفڕه ده ی . . کێشکۆڵه له ترسا به رزبوه وه و باڵه کانی یه ك دووجار لێك دا و گه یشته وه ســـه ر لێواری په نجه ره که ، دایکه ش به په له خۆی گه یانده وه لای ، به ڵام . . . بێ کلك ، وه لـــێ به شادیه کی زۆره وه ، به لایه وه دانیشت ، یه ك دوو دندوکی له پاشۆڵی داو گوتی :

– چی . . .چی ؟

– ئه وجا چییه ! ( پودیك گوتی ) به یه کجار هه موو شتێك فێرنابی !

پشیله ره شه ی چاو که سکیش له سه ر زه وی هه ڵ توترکابو ، په ڕی چۆله که که ی لـــه لـــه پی ده کرده وه ، دوایی سه یرێکی چۆله که کانی کرد و به داخه وه ده ستی کرده میاواندن !

– میاو . . . میاو، له سه ر په نجه ره ی کێشکۆڵه یه کی وا هه یه هه ر ده ڵێی مشکه . . . میاو میاو !!

هه موو شتێ کۆتایی به باش هات ، گه ربێتو چاو له وه بپۆشین که داکانه ی کلك بڕاو قونده ببوو !!

* * * * * * * *

مه هدی کاوانی

ڕێکخراواجوتیارێن کوردســـتانی

١٩٩٤



عه دنان که ریم 1993 ADNAN KARIM

بیرتان ئه که م

فۆرمه له نه بوونی

گوتاریرامیاری کوردی

له باشوری کوردستان و

ته راویلکه ی ئاینده

نوسینی : ئه تا قه ره داغی

بۆ وه ده سخستنی ئه م بڵاوکراوانه په یوه ندی بکه به ناونیشانی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

P.O.BOX 533 . 00101 HELSINKI . FINLAN D

# چــرپــه

شڵپ ناو باێنجانان !!

– چیه دیسانه وه گورزی قسه ت له چ کوره مارێکه وه گرتوه ؟

– هه تیو خۆ من « حه مه شێت » * نیم قسه کانم بڕ بکه ن ! چما باسی کوره مار ده که ی !؟

– وه خۆ ، وه خۆ ئه م دیشله مه ش وه خۆ ، با خه سار نه بێت !

– هه ی قوربانی ده م وزارت بم ! چه ند خۆش شه کران ده شکێنی ، بۆ چی زگی من ته نه که ی زبڵدانی خه سارنــه بوونی خواردنه وه ی ئێوه**یه**؟

به راستی مام «قادرعه باس» ** راستی ده گوت ، له م مه رگه ساته ی ئه مڕۆکه دا درۆنه کردن جیگای شــه رمه زرایه کی گه وره ی ژیانه !

– ناحه قت ناگرم ، به زمانی تفه نگ قسان ده که ی !

– وه ڵلا ئه مه یان خۆشه ، بۆچی تفه نگیش زمانی هه یه ؟

– به ڵێ . . . . . . سه ری زمانی تفه نگ . . . . . . . پڕوپاگنده کردنه بۆ دیمکراتییه ت ! ڕۆخی زمانی تفه نگ . . . . . سه ره تاتکی کردنی دیمکراتییه ته ! بنی زمانی تفه نگ . . . . . . . هه میشه دیویکی په ڕاوه دانه وه ی دیمکراتییه تــه و دیوه که ی تریشی . . . . . . بیگومان بکوژی دیمکراتییه !

– گه لۆ فه رموده کانت هه ر هه موی له قسه و قسه لۆکی په ناو په سیوی کتێبان ده چێ !

– ئه ی هه شم به سه ر ، هه شه هه ش ، ئه وه ناوی کتێبت هێنا !

– نا. . . . . نا حه مه دی و لاوان ، مه سه له که مه گۆڕه ! ئه مه ی به ناوقه دی بیره جه نجاڵه که ت سه ره جوتکه یه تی، ده ریبره و و رزگارمان بکه ، نه وه ك جوتکه یه کی شانه کانی مێشکت هه ڵپه یه بکات وتوشمان لێببێت به پیاو ماقوڵێ .

– توخوڵا به سه به چرپه چرپ قسه کردن .

کاکه باس

* شێتێکی ناسراوی ڕۆژانه ی شاری هه ولێر بوو له حه فتاکاندا .

* پیاوێکی به ساڵاچوی کۆڕی خه بات و به رگری بوو ، خه ڵکی گوندی « به رده سپی » ناوچه ی خۆرئاوای کۆیه بوو لــــه پارێزگای هه ولێر .

**تیبنی** : ناونیشانی په خشانه که ی ژماره رابردووی دلانپار/ لاپه ڕی ٤٠ به هه ڵه تایپ بوه ، راستییه که ی ئه مه یــه : « شه و بلوری ڕۆژ ده ژه نی »، له خوێنه رانی خۆشه ویست و بنوسی ئازیزکاکه باس داوای بوردن ده که ین .



# DLANPAR

- Cultural magazine publish In Sorany (south-kurdish)

BY- Kurdistan National Peace & Solidarity Committee

**Editoral board - R.Mamash. R.Muhedin. A.Mustafa. H.Akram.**

Address - KNPSC. P.O.BOX 533 . 00101 HELSINKI . FINLAND
Bank No- PSP-800024-12855719 Helsinki.Finland

1.Cover-Foto (Barzan Tribe Singer .2.Cover-Fofo (Kurdish Tribesman Piaying Flute
The two Fotos are from Ralph.S.Solecki -Eithnik Folkways Library Album No.FE4469